
KURDISTAN


بەشێک لە وتار دیدار و وتووێژەکانی
هاوڕێ خالید عەزیزی
کۆکردنەوە و ئامادە کردنی: ڕەحمان نەقشی

# پێڕست


١- لە هەر شوێنێک هێرشمان بکرێتە سەر، بەرگری لە خۆمان دەکەین ........................................... ٥

٢- لە هەر شوێنێک بە پێویستی بزانین وەڵاممان بۆ دەستدرێژییەکانی ڕێژیم دەبێ ................................... ١٢

٣- پەیام سەبارەت بە هێرشی مووشەکیی کۆماری ئیسلامی ........................................................ ١٥

٤- ڕۆژئاوا دەتوانێ بە دانانی ناوچەی دژەفڕین پێشی دەستدرێژییەکانی ڕێژیمی ئێران بگرێت ......................... ١٨

٥- ئامریکا و وڵاتانی ڕۆژاوایی ئینێرنێتی خۆڕایی بۆ خۆپیشاندەرانی ئێران و کوردستان دابین بکات .................. ٢٠

٦- لە ڕەوتی ڕاپەڕینەکاندا با هەوێنی تەبایی و یەکگرتوویی بین ................................................ ٢٢

٧- خەباتی نەتەوایەتیمان بۆ ڕزگاری قەت بەچۆک دانایە ....................................................... ٢٤

٨- سمینارێک بۆ وتەبێژی حیزبی دێموکرات لە سوید بەڕێوە چوو ................................................. ٣٠

٩- لە پارلمانی سوئێد: دیپلۆماتە ژنەکانتان بە حیجابەوە مەنێرن بۆ ئێران، ئەوە بێڕێزییە بە جووڵانەوەی ژنانی ئەم وڵاتە ........................................................................................ ٣٢

١٠- خەڵک هیچ ڕێگەیەکی تری نییە جگە لە خۆپێشاندان و ڕاپەڕین ............................................. ٣٤

١١- وتەبێژی حدکا داوا لە ئامریکا دەکا سەرنجی زیاتر بدەن بە ئۆپۆزیسۆنی ئێرانی ................................ ٣٦

١٢- بۆ بەرفراوانترکردنی زیاتری خەبات دژ بە ڕێژیمی ئێران تێدەکۆشین ......................................... ٣٧

١٣- ڕاپەڕین دژ بە دیکتاتۆری لە ئێران کۆمەڵێک دەرفەتی بۆ کورد و بزووتنەوە ڕەواکەی خوڵقاندووە ................ ٣٨

١٤- ڕۆڵ و کاریگەریی کوردستان لە سەر شۆڕشی ژینا، ڕوانگەی پێکهاتەکانی ئێرانی بەرانبەر بە کورد گۆڕیوە .......... ٤٠

١٥- ئەو ڕاپەڕینە لووتکەی خەباتی گەلانی ئێران دژی ڕێژیمە .......................................................... ٤٢

١٦- کوردستان دەرفەتێکە بۆ جێگیرکردنی دێموکراسی لە ئێران .......................................................... ٤٣

١٧- لە مەسەلەی ئاڵترناتیڤ بۆ ڕێبەریکردنی ڕاپەڕین و ئیدارەی داهاتووی ئێراندا وەلانانی ئەحزاب، بەرهەمهێنانەوەی دیکتاتۆرییە ............................................................................................. ٤٥

١٨- لە پارلمانی بریتانیا: پرۆژەی ئێرانی یەکنەتەوە شکستی هێناوە و ئێرانی نوێ لەسەر بنەمای فرەنەتەوەیی ساز دەبێتەوە ............................................................................................. ٤٨

١٩- بەڕێوەچوونی سیمینارێکی تایبەت بە ٢ی ڕێبەندان بۆ لە سویس ........................................ ٥٠

٢٠- دیدار لەگەڵ شاندێکی وڵاتی ئۆکراین لە واشنگتۆن ........................................................ ٥٢

٢١- دیدار لەگەڵ "سام براونباک" لە واشنگتۆن ........................................................ ٥٤

٢٢- وتەبێژی حیزبی دێموکرات و جان بۆڵتۆن، ڕاوێژکاری پێشووی ئاسایشی نەتەوەیی کۆشکی سپی کۆ بوونەوە ....... ٥٥

٢٣- دیداری وتەبێژی حیزبی دێموکرات لە پەیمانگەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست .................................. ٥٧

٢٤- دیداری وتەبێژی حیزبی دێموکرات لەگەڵ "واشنگتۆن تایمز" و "نیوزمەکس" .................................... ٥٨

٢٥- بەبێ لەبەرچاوگرتنی ڕاستییەکانی کۆمەڵگەی ئێران، هیچ ئاڵترناتیڤێک ناتوانێت سەرکەوتوو بێت ............. ٦٠

٢٦- ئێرانی داهاتوو بەبێ بەشداریی نەتەوەکانی دیکە لە دەسەڵاتدا، دێموکراسی و ئازادی بەخۆوە نابینێت .......... ٦٢

٢٧- دیداری وتەبێژی حیزبی دێموکرات لەگەڵ دوو دامەزراوەی گرینگی ئەمریکایی .................................. ٦٤

٢٨- دیداری وتەبێژی حیزبی دێموکرات لەگەڵ دوو کەسایەتیی نێودەوڵەتی ........................................ ٦٦

٢٩- دەبێ هەوڵ بدرێت ڕێژیمی ئێران لە ناوەندەکانی مافی مرۆڤ و نەتەوە یەکگرتووەکان دەر بکرێت ............... ٦٨

٣٠- نیگەرانی لە تەواوەتیی ئەرزی بە هاوبەشیی نەتەوەکان و دابەشکردنی دەسەڵات دەڕەوێتەوە، نەک تەواوەتیخوازی

.......................................................................................................... ٧٠

٣١- حەسەن شەریعەتمەداری: دەبێ حیزبی دێموکرات دەستپێشخەری بکات و لایەنەکان لە دەوری یەکتر کۆ بکاتەوە ....

.......................................................................................................... ٧٥

٣٢- باس لە تەمامییەتی ئەرزی دژایەتیی جەوهەریی لەگەڵ ڕوحی شۆڕشی ژینا هەیە ................................ ٧٧

٣٣- مەنشووری جۆرج تاون لەگەڵ خوێندنەوەی ئێمە بۆ داهاتووی ئێران نایەتەوە .................................... ٨٠

٣٤- ئێرانی داهاتوو بەبێ دانانی بە مافەکانی کورد و نەتەوەکانی دیکەی ئەو وڵاتە دروست نابێتەوە .................

دیمانە: شەماڵ تەرغیبی ........................................................................................ ٨١

٣٥- لە کانادا سیمینارێک بۆ وتەبێژی حیزبی دێموکرات بەڕێوە چوو ................................................... ٨٦

٣٦- بەڕێوەچوونی کۆبوونەوەیەکی تەشکیلاتی بۆ وتەبێژی حیزبی دێموکرات لە وڵاتی کانادا .......................... ٨٨

٣٧- ئێمە هاوڕای مەنشوری جۆرج تاون نین و داوا لە خەڵکی کوردستان ناکەین پشتیوانیی لێ بکەن ................. ٩٠

٣٨- پێکهێنانی ئالترناتیو پێویستە ڕەنگدانەوەی واقعییەتەکانی کۆمەڵگەی ئێران بێ ................................ ٩٢

٣٩- دیداری وتەبێژی حیزبی دێموکرات لەگەڵ سەرۆکی کۆمیتەی "دۆستایەتیی کورد و کانادا" ......................... ٩٦

٤٠- ناکرێ هەموو شتێک بە دێموکراسی لە داهاتوودا بسپێرین ....................................................... ٩٨

٤١- چیدی قایل نابین لە هەر کۆبوونەوەیەکدا باسی تەمامییەتی ئەرزی بێتە گۆڕێ ................................ ١٠١

٤٢- بە بوونی دێموکراسی ئێران هەڵناوەشێ، ئەوە ئیستبداد و دیکتاتۆرییە ئێران لەبەریەک هەڵدەتەکێنێ .......... ١٠٦

## لە هەر شوێنێک هێرشمان بکرێتە سەر، بەرگری لە خۆمان دەکەین




(دەقی قسەکانی کاک خالید عەزیزی، وتەبێژی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران لە پرێس‌کۆنفرانسی یەکگرتنەوەی حیزبی دێموکراتدا)

**بەخێرهاتنی میدیاکاران و دەزگاکانی ڕاگەیاندن دەکەم.**

ڕۆژی ڕابردوو بەڵگەنامەیەکی مێژوویی لە مێژووی حیزبی دێموکرات و لە مێژووی خەبات و تێکۆشانی کوردی ڕۆژهەڵاتی کوردستاندا ئیمزا کرا. ئەو ڕێککەوتن و بەڵگەنامەیە لەنێوان حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران و حیزبی دێموکراتی کوردستاندا بوو کە لەلایەن هەردووک لاوە ئیمزا کرا و لە دوێنێڕا لەمەو بەدوا هەمووی دێموکراتەکان بە ناوی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران کار دەکەن.

گرینگیی بەڵگەنامەکە لەوەدایە کە لە کاتێکدا ئیمزا کراوە کە لێکدابڕان و لێکدووری و نەبوونی یەکڕیزی بەداخەوە تا ڕادەیەکی زۆر باڵی بەسەر لایەنە سیاسییەکانی کوردستاندا کێشاوە. بۆیە گرینگە چونکی ئێران لە هاوکێشە ناوچەیی و جیهانییەکاندا ڕۆژانە بە شێوازی جۆراوجۆر دێتە نێو باس و ئەوە کە چۆن هەڵسوکەوت لەگەڵ ئێراندا بکرێ و لەو

پێوەندییەدا فاکتەری حیزبی دێموکرات وەک ئەکتەرێکی سەرەکیی شانۆی سیاسی گرینگیی خۆی هەیە و ئەو یەکگرتنەوەیە هیندەی دیکە ئەو پێگەیە بەرچاوتر دەکا.

ئەو ڕووداوە بۆیە گرینگە، چونکی پەیامێکی زۆر ڕوون و ڕاشکاوانە دەدا بە خەڵکی ڕۆژهەڵاتی کوردستانی ئێران، ئەو جێیەی کە حیزبی دێموکراتی لێ دروست کرا و، پێیان دەڵێ ئەو لێکدابڕان و ترازانە شوێنی لەسەر خەبات و تێکۆشانی ئێمە دانەنا و ئێمە پەیامی خەڵکی ڕۆژهەڵاتی کوردستان لەلایەک و دۆستانی حیزبی دێموکرات لە هەموو پارچەکانی کوردستان بەتایبەت لە باشووری کوردستانمان وەرگرت و هەوڵمان دا ئەو ئەرکە بەجێ بگەیەنین و حیزبی دێموکرات یەک بگرێتەوە. لە هەمان کاتیشدا ئەو سەنەدە پەیامێکی باشە بۆ حیزب و لایەنە سیاسییەکانی ئێرانی کە وەک چۆن ئێمە دوو حیزبمان یەک خستەوە، دەتوانین هەماهەنگیمان هەبێت بۆ کاری هاوبەش و گەورەی دیکە.

ئێمە بەو بڕیارەی داومانە ئەرک و بەرپرسایەتیی دیکەشمان لەسەر خۆمان دروست کردوە کە ڕووی لە ڕۆژهەڵاتی کوردستانە. لەو شوێنەی خەبات و تێکۆشان و جموجۆڵێکی بەربەرین دژی کۆماری ئیسلامی لە گۆڕێدایە و ئەوان پێویستییان بە یەکڕیزی و یەکگرتوویی دێموکراتەکان بوو؛ ئەوەش بۆ ئێمە ئەرک دروست دەکا کە لە داهاتوودا چۆن وەڵامدەری ئەو خەبات و تێکۆشانە بین.

ئێمە بۆ ئەوەی کە ئەو پرۆسەیە بەئاکام بگا، ڕێککەوتووین بەباشی بەرەوپیری کۆنگرەی یەکگرتنەوەی دێموکراتەکان بچین و ڕێبەرییەکی کاتی ئەم حیزبە هەتا کۆنگرە ئیدارە دەکا.

یەکگرتنەوەی حیزبی دێموکرات وەک بەڕابردووترین حیزبی کوردی لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان پەیامێکی باشیشە بۆ خەڵکی باشووری کوردستان، بۆ حیزب و ڕێکخراوەکانی باشووری کوردستان کە بتوانن لەو بارودۆخە هەستیار و ئاڵۆزەی ئێستای ناوچەکەدا بە یەکگرتوویی سەنگ و پێگەی کورد بپارێزن.

ڕاستە پرۆژەی یەکگرتنەوەی ئێمە برێک زۆری کێشا، بەڵام دوو قازانجی هەبوو. قازانجێک ئەوە بوو عەقڵییەتی وتووێژ و دانوستان لەگەڵ یەکتر بۆ چارەسەرکردنی کێشەکان دەبێ لەپێشەوەی هەموو شتێک بێت. قازانجی دووهەم ئەوە بوو نەفسی وتووێژ و دانوستان لەگەڵ یەکتر تەمرینی تەحەمولی یەکترە، بۆیە هەردووی ئەو فاکتۆرانە دەتوانێ بنەمایەکی باش بێت لە چەندوچۆنیی مودیرییەتێکی باشی ئێستای حیزبەکەمان، حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران لە پێناو داهاتوودا.

لەتبوون کاریگەرییەکی ئەوتۆی سیاسیی لە پرسە کەلانەکانی ئێمە لە دژی کۆماری ئیسلامی لە ئاستی ئێراندا، و لە پێوەندی لەگەڵ ئۆپۆزیسیۆنی ئێرانی لە ئاستی نێودەوڵەتی و دیپلۆماسیدا نەبوو؛ بۆیە لەو بوارانە ئەگەر ئێمە لێکیش جیاواز بووین بەڵام زۆر لێک نزدیک بووین. بۆیە بەخۆشییەوە کاتێک دەکەوینەوە سەریەک لە پێوەندی لەگەڵ سیاسەت و هەڵوێست و پرسە سیاسییەکاندا کێشەیەکی ئەوتۆمان نابێ. تا ئەو جێگایەی پێوەندی بە نێوخۆی وڵاتەوە هەیە، لەو خەبات و تێکۆشانە بەربەرینەی لەوێ لەگۆڕێدا هەیە بەشدارین و بەشدار دەمێنینەوە؛ چونکی خەڵکەکەمان ئەو چاوەڕوانییەی لە حیزبەکەی خۆیان هەیە. حیزبی دێموکرات هەوراز و نشێوی زۆر بووە، ڕێبەرانی تیرۆر کراون، سەدان کادر و پێشمەرگەی تیرۆر کراون، مووشەکباران کراوە و ئەوە هەر خەڵکی ڕۆژهەڵاتی کوردستان بوون کە لە پشتی بوون و نەیانهێشتووە بکەوێ.

لە پێوەندی لەگەڵ هەرێمی کوردستان و باشووری کوردستاندا پێ لەسەر ئەو سیاسەتە دادەگرینەوە کە حیزبی دێموکرات لەسەر بنەمای دەستێوەرنەدان لە کاروباری نێوخۆیی عێراق و هەرێمی کوردستان و ڕێزدانان بۆ سەروەریی خاکی ئەم وڵاتە و قانوونەکانی هەرێمی کوردستان هەمیشە بەدوای ئەوەدا گەڕاوە کە کێشەی لایەنەکان لە هەرێمی کوردستان لە ڕێگای وتووێژ و دانوستانەوە چارەسەر بکرێ و لەلایەن حیزبی دێموکراتیشەوە هەرچی لە دەستمان هاتبێ کۆتاییمان نەکردوە و جارێکی دیکەش هیوادارین هەموو کێشەکانی عێراق و هەرێمی کوردستانیش هەر لە ڕێگای دانوستانەوە چارەسەر بکرێ.

ڕوو بە کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی، ئێمە هەمیشە گوتومانە ناکرێ کێشەکانی کۆمەڵگەی ئێران بە پرسی ئەتۆمی و داهاتووی ڕێککەوتنی ئەتۆمی لەگەڵ کۆماری ئیسلامییەوە گرێ بدرێ. لەو پێوەندییەدا گوتومانە هیچ کەس و لایەنێک ناتوانێ لە هاوکێشەکانی ئێراندا حیزبی دێموکرات و پرسی کورد بۆ داهاتووی ئەو وڵاتە نادیدە بگرێ و ئەگەر حاشا لە پرسی نەتەوایەتی ئێمە و نەتەوەکانی دیکەش بکرێ، ئێران وەت ئەمنییەت و ئارامی بەخۆوە نابینێ و نابێتە وڵاتێکی جێی متمانە و سەقامگیر بە وڵاتان و هاوبەشە سیاسییەکانیشی.

ڕوو بە لایەنە ئێرانییەکان دەڵێین حیزبی دێموکرات هەمیشە ئامادەی ئەوە بووە کە لەگەڵیان دابنیشێ و دیالۆگی لەگەڵیان هەبێ، چونکی هەمووان پێویستیمان بە بەدیل و ئاڵتێرناتیوە لەدژی نیزامی کۆماری جمهووری ئیسلامی، چونکی هەمووان دەڵێین ئەو نیزامە دەبێ بڕوا، بەڵام بەو قەناعەتە نەگەیشتووین ئەدی کێ جێی بگرێتەوە؟ ئەوە یەکێک لە ئەرکە سەرەکییەکانی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران دەبێ کە لەمەوبەدواش دەبێ کاری بۆ بکات.

ڕوو بە بەشەکانی دیکەی کوردستان، یەکبوونەوەی دێموکراتەکان شەپۆلێکی بەرین لە پێخۆشبوون و پەیامی پیرۆزبایی لە

هەموو بەشەکانی کوردستانەوە بۆ ئێمە وەڕێ خستووە. پەیامی ئێمەش ئەوەیە کە ئارەزوو دەکەین هەموو لایەنەکان ڕوحی وەحدەت و یەکڕیزی تێیاندا بەهێز بێ، چونکی ئێستا کورد پتر لە هەر سەردەمێک حەوجێی بەو یەکیەتی و یەکڕیزییە هەیە.

**ئێستاش فەرموون ئەگەر پرسیارێکتان هەبێ وەڵامتان دەدەمەوە.**

**پرسیار**: بەڕێز کاک خالید یەکگرتنەوەتان لە نێوخۆی ڕۆژهەڵاتی کوردستان چ کاردانەوەیەکی لێ کەوتۆتەوە؟ هەروەها ئێوە لە بەیاننامەی هاوبەشی یەکگرتنەوەدا باس لەوە دەکەن کە لێکترازان چارەسەری کێشە نێوخۆییەکان نییە، بەڵکوو دەبێ بە یەکتر قبووڵکردن و گۆڕان لە سیستم و شێوازی کارکردن کێشەکان چارەسەر بکەن. چ میکانیزمێک بۆ ئەوە داندراوە؟

**وەڵام**: بەپێی ئەو خەبەر و وێنە و دیمەنانەی لە سۆسیالمێدیاش دەیبینن، خەڵک لە نێوخۆی وڵات خۆشحاڵیی خۆیان دەربڕیوە و ئەمەش سروشتییە، چونکی حیزبەکەی ئەوان یەکی گرتوتەوە، ئەو حیزبەی کە پێشەوا دروستی کرد، دوکتور قاسملوو لەسەر چارەسەری ئاشتییانەی مەسەلەی کورد تێیدا تیرۆر کرا و دوکتور شەرەفکەندی بۆ دۆزینەوەی ڕێگاچارەیەکی یەکگرتووی ڕیزەکانی ئێرانی ئەویش تێیدا تیرۆر کرا. بە نیسبەت پرسیاری دووهەم، ئێمەی کورد وا ڕاهاتووین زۆر جار کە کێشە دەکەوێتە نێوانمان لەگەڵ یەکتری پێک نایەین و حەوڵ دەدەین ڕێگاچارەکان بۆ شوێنی دیکە بەرین. کێشەکان ئەوەن کە لە بەرانبەر یەکتری نەوی ناکێشین و یەکتر تەحەمول ناکەین. بەپێی ئەو ئەزموونانەی لە ڕابردوو بوومانە، ئێمە ئێستا وەک حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران لەسەرمانە ئەو حیزبەی کە پێشەوا دروستی کردوە و خەڵکی کوردستانی ئێران بە ئەمانەت داویانە بە ئێمە، بە یەکڕیزی بیپارێزین و خەسارناسییەکی ورد بۆ هەڵە و چەوتییەکانی ڕابردوومان بکەین.

**پرسیار**: کاک خالید میکانیزمی کۆنگرەی هاوبەشتان چۆنە و بە چ میکانیزمێک بەشداریی کۆنگرە ئەکەن؟ هەروەها کۆنگرەی حیزب کەی دەبەسترێ؟

**وەڵام**: ئێمە ئێستا لە قۆناغی گواستنەوەداین. لە قۆناغی گواستنەوەدا ئیدارەیەکی هاوبەشمان هەیە و ڕێککەوتنی بەنووسراو و بەڵگەنامەی نێوخۆییمان هەیە. ئەو دەورانی گوزار بۆ ئەوەیە تەمرینی مودیرییەتی حیزبێکی هاوبەش بکەین و کۆنگرەی داهاتووشمان کە کۆنگرەی یەکگرتنەوەی دێموکراتەکان دەبێ، بەشی زۆری بەپێی ئەو ڕێککەوتننایە. ئەوە کە کەی

دەبەستری، ناتوانم لێرە کاتەکەی دیاری بکەم، بەڵام لەڕووی ئوسوول و پرەنسیب و پرۆتۆکۆل لەسەر هەمووی ئەوانە ڕێککەوتووین.

**پرسیار**: باسی ئەوەتان کرد کە کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی پرسی کوردی لە ئێران پشتگوێ خستوە. بەڵام ئاخۆ ئێوە هیچ هەوڵتان داوە کە پرسەکە زیاتر بەنێودەوڵەتی بکەن؟ پرسیاری دووهەم ئەوەیە خەباتی چەکداریی ئێوە پاش یەکگرتنەوە چیی بەسەر دێ؟

**وەڵام**: حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران لە ژیانی سیاسیی خۆیدا هەوراز و نشێوی زۆر بووە. خەباتی ئەسڵی ئێمە خەباتی خەڵکە، خەباتی جەماوەرییە، بە میلیۆن کەس لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان دژی نیزامی جمهووری ئیسلامی لەسەر خەتن و هەر ئەو خەڵکەش حیزبی دێموکراتیان دروست کردوە. حیزبی دێموکرات زۆر قۆناغی بڕیوە: کاتێک کە هێرش کراوەتە سەر ئێمە، هێزی پێشمەرگەی حیزبی دێموکرات ناچار بە بەرگریی ڕەوا بووە و خەباتێکی چەکداریی هەبووە. ئێمە لە بەرنامەماندا نەبووە هەرگیز لە هەرێمی کوردستانڕا هێزی پێشمەرگە بنێرینەوە نێوخۆی وڵات و لەوێ دژی ڕێژیم عەمەلیاتی نیزامی بکەین. بەڵام دەبێ ئەوەمان لەبەر چاو بێ خەڵکی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان خەڵکێکی تووڕەیە لەو نیزامە و بۆخۆیان لە هەموو شێوازێکی خەبات کەلک وەردەگرن. لەگەڵ ئەوەشدا حیزبی دێموکرات حەقی مەشروعی خۆیەتی لە هەر شوێنێک هێرشی بکرێتە سەر، بەرگری لە خۆی بکا.

**پرسیار**: لە ماوەی ڕابردوودا ژمارەیەک پێشمەرگە کەوتنە دەست کۆماری ئیسلامیی ئێران. چارەنووسی ئەو پێشمەرگانە بە کوێ گەیشت؟ ئێوە کە بڕیارتان داوە کۆنگرە بگرن ناترسن کۆنگرەکەیان هەڕەشە و مەترسیی لەسەر بێ؟

**وەڵام**: لەسەر ئەو پێشمەرگانە ئێستا ناتوانم بچمە نێو ئەو باسە و ئەو لایەنانەی بابەتەکە لای ئەوانە باشتر دەتوانن لە داهاتوودا ڕوونکردنەوەیان هەبێ. بە نیسبەت کۆنگرەش هەر وەک گوتم دیسانەکانە ئەوە پێوەندی بە داهاتوو و ئەو دۆخە هەیە کە ڕێبەری حیزب لە قۆناغی گوزاردا بڕیاری لەسەر دەدا.

**پرسیار**: پێتان وایە چ گۆڕانکارییەک لە ئاستی سیاسەتی نێودەوڵەتی لەهەمبەر ئێراندا ڕوو دەدا و ئایا ئێوە ئامادەکاریتان بۆ ئەوە کردوە؟ هەروەها زیاتر لە دووساڵە لەنێو لایەنە کوردییەکان قسە لەسەر دروستکردنی بەرەیەکی کوردستانی هەیە. ئایا ئەو هەنگاوەی ئێوە ئەبێتە هەنگاوێک بۆ دروستکردنی بەرەی کوردستانی؟

**وەڵام**: ئێمە ئێستا ناوەندێکمان هەیە بە ناوی ناوەندی هاوکاری حیزبەکانی کوردستانی ئێران و تەبیعەتەن یەکگرتنەوەی دێموکراتەکان فاکتۆرێک دەبێ شوێن لەسەر پێوەندییەکانی نێوان هێزە سیاسییەکانی کوردستانی ئێران دادەنێ و دەبێ بیر لەوە بکەینەوە کە چۆن و بە چ شێوەیەک ئەو هاوکارییانە پەرە پێ بدەین. بە نیسبەت ئێران لە هاوکێشە جیهانییەکاندا، ئێمە لەو باوەڕەداین کە نیزامی کۆماری ئیسلامی دەرەقەتی چارەسەرکردنی قەیرانەکانی بەردەمی نایە و ئەگەر بەرجام و رێککەوتنەکەش ببووژێتەوە، ئەو رێککەوتنە ناتوانێ وەڵامدەری ئەو کێشە و قەیرانگەلە بێ؛ چونکی بەر لە کێشەی ئەتومییش کۆماری ئیسلامی کێشەی لەگەڵ خەڵکی وڵات لەگەڵ دنیای دەرەوەش بووە و ئەو قەیران و کێشانە ئێستا زیاتر لەهەر کاتێک لەسەر یەک کەڵەکە بوون.

**پرسیار**: ئەگەر نەتانتوانی کۆنگرە بگرن، ئایا ترسی لێکدابڕانەوەی ئەم دوو حیزبە هەیە؟ ئایا لەسەر هەموو شتێک بڕیاری یەکلاکەرەوەتان داوە؟ هەروەها لایەنەکانی باشووری کوردستان ڕۆڵیان هەبووە لەو یەکگرتنەوەیەدا؟

**وەڵام**: ئێمە ئێستا ئەولەوییەتمان ئەوەیە ئەو رێککەوتنانەی هەمانە جێبەجێیان بکەین وکولتووری پێکەوەبوون بنیات بنێین و ئەو کولتووری رێککەوتنە بکەینە بنەمایەک بۆ ئیدارەی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران. بێگومان لە حیزبێکی سیاسی وەک حیزبی دێموکراتدا جیاوازیی بۆچوون لە ڕابردوودا هەبووە، ئێستاش هەیە و لە داهاتووشدا دەمێنی. بەڵام من پێموایە ئەوە کە وتووێژەکان بۆ چارەسەری ئەو کێشەیە زۆریان خایاند، ئەمە ڕاهێنانێک بوو بۆ ئەوە کە ئێمە چۆن ئەو کێشانە چارەسەر بکەین. بۆیە ئەمن گەشبینم و لە پاڵ ئەو گەشبینییەشدا ئەرکمان بۆخۆمان دیاری کردوە و ستراتیژی ئێمە ئەوەیە کە بە یەکگرتوویی بمێنینەوە لە داهاتووشدا. لە وەڵامی بەشی دووهەمی پرسیارەکە، لایەنەکانی باشوور کوردستان زۆربەی زۆریان دۆستی حیزبی دێموکراتن و ڕابردوویەکی خۆش و باشیان لەگەڵ حیزبی دێموکرات هەیە. هەرچی بینیومانە هەمیشە قسەی خێریان کردوە، بۆیە جێی خۆیەتی لێرە سپاسیان بکەم.

**پرسیار**: ئەو یەکگرتنەوەیە چ کاریگەرییەکی لەسەر دۆخی سیاسیی ئێستای ئێران دەبێ، بەتایبەت لە پێوەندی لەگەڵ ئەو چالاکییانەدا کە دژی کۆماری ئیسلامی دەکرێن. هەروەها بەرنامەی ئێوە بۆ دوای یەکگرتنەوە چییە؟

**وەڵام**: لەو سۆنگەیەوە کە حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران کۆنترین و بەڕابردووترین حیزبی کوردستانی ئێران و تەنانەت یەک لە کۆنترین حیزبەکان لە ئاستی ئێراندایە؛ لە هەموو ماوەی ژیانی سیاسیی خۆیدا پێوەندیی باشی لەگەڵ حیزب و لایەنە سیاسییە ئێرانییەکان چ لە سەردەمی نیزامی پاشایەتی و چ کۆماری ئیسلامیدا هەبووە. بەتایبەت کە دوکتور قاسملوو وەک سیاسەتمەدارێکی هەڵکەوتوو پێوەندییەکی زۆر باشی لەگەڵ ئۆپۆزیسیۆنی ئێرانی هەبوو. ئەمن لاموایە

هێز و لایەنە سیاسییەکانی ئێرانی یەکگرتنەوەی حیزبی دێموکراتیان لا گرینگ و بەبایەخە. ئەمەش ئەو چاوەڕوانییە لە ئێمە دروست دەکا کە حیزبی دێموکرات چۆن سەنگ و قورسایی خۆی لە نێوخۆی وڵات و پێوەندییەکانی لە هاوکێشە ناوچەیی و جیهانییەکاندا و هاوپێوەندییەکانی لەگەڵ هێز و لایەنە سیاسییەکانی دیکە لە پێناو بەرینکردنەوەی خەبات دژی کۆماری ئیسلامی بەکار دێنێ تا ئەو ئاستە کە پرسی ئالتێرناتیڤی کۆماری ئیسلامی بباتە خانەیەکی تر. بێگومان یەکگرتنەوەی دێموکرات و ئەرکەکانی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران لە داهاتووشدا بۆ ئەو ئامانجە دەبێت کە چۆن بکرێ خەڵکی کوردستان و ناوچەکانی دیکەی ئێران پێوەندییەکی باش و تێگەیشتنی هاوبەشیان لەسەر بنەماکانی بنیاتنانەوەی ئێرانی داهاتوو هەبێ و خەبات دژی کۆماری ئیسلامی چڕتر و هەمەلایەنەتر ببێتەوە.

**پرسیار**: **پێوەندی ئێوە لەگەڵ حیزب و لایەنە سیاسییەکانی ئۆپۆزیسیۆن لەسەر چ بنەمایەک دەبێ؟**

**وەڵام**: حیزبی دێموکراتی کوردستان هەمیشە هەوڵ داوە مادام دروشمە ستراتیژییەکەی چارەسەری پرسی کورد لە چوارچێوەی ئێراندایە، لەگەڵ هەموو هێز و لایەنە سیاسییە شوێندانەرەکانی ئێران پێوەندیی هەبێ و تێبکۆشی لەمەڕ چۆنیەتیی ئێرانی داهاتوو تێگەیشتنی هاوبەشیان لەگەڵ دروست بکا. کلیلی سەرەکیی وەها پڕۆژەیەک بۆ تێپەڕین لە کۆماری ئیسلامی و ئەو داهاتووە لە باوەڕهەبوون بە دێموکراسی، ڕێککەوتن، دابەشکردنی دەسەڵات و دانان بە فرەنەتەوەبوونی ئێران و بەڕەسمیناسینی مافی نەتەوایەتیی ئەو پێکهاتە نەتەوەییانەدا دەبینێ کە ئەوە دەبێ لە دارشتنەوەی یاسای بنەڕەتیی وڵاتدا ڕەنگ بداتەوە. هەوڵەکانی ئێمە لەو پێناوەدا لە داهاتووشدا درێژەی دەبێ.

***

* ئەو پرێس کۆنفرانسە ڕۆژی دووشەممە ٣١ی گەلاوێژ بە بەشداریی کۆمەڵێک مێدیاکار و دەزگاکانی ڕاگەیاندنی هەرێمی کوردستان و پەیامنێری تەلەڤیزیۆنەکانی "ایران انترناشنال"، "رادیو فردا" و "صدای آمریکا" بەڕێوە چوو.

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان میدیا – ڕێکەوتی: ١٦ی خەرمانانی ٢٧٢٢

## لە هەر شوێنێک بە پێویستی بزانین وەڵاممان بۆ دەستدرێژییەکانی ڕێژیم دەبێ

**(دەقی قسەکانی کاک خالید عەزیزی، وتەبێژی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران لە ڕێوڕەسمی ٣٠ ساڵەی مێکونووس لە شاری بڕلین)**

**هاوڕێیانی حیزبی!**
**کادر و ئەندامان و پێشمەرگەکانی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران!**

سی ساڵ پێش ئێستا لەو شەقامە کە بە "پڕاگرئێشتراسێ" بەناوبانگە و لەو ڕێستوورانەی لەلای ڕاستی من هەڵکەوتوە، ڕێبەری حیزبەکەمان دوکتور سادق شەرەفکەندی، هەروەها کاک فەتاح عەبدولی، کاک هومایوون ئەردەڵان و نووری دێهکوردی، لێرە تیرۆر کران.

ئەوکات کە ئەوان تێرۆر کران ئەو شەقامە چۆل بوو، بەڵام ئێستا لە سی ساڵەی یادی ئەواندا ئێوە دێموکرات و دێموکراتەکان ئەو شەقامەتان پڕ کردوە لە دەربڕینی پەیامی هاودەردی و مەحکومکردنەوەی کۆماری ئیسلامیی ئێران و هەروەها ناردنی سڵاو بۆ شەهیدان و پێدانی ئەو پەیامەی کە ڕێگاتان بەردەوام درێژەی هەیە. ئەو ڕێگایە ڕێبازی حیزبی دێموکراتە و ئێمە لە هەر شوێنێک زەربەیەکمان لێ بدەن، زەبری دوژمنمان بێوەڵام نەهێشتۆتەوە و ڕێبازی دێموکرات و بیر و باوەڕی دێموکرات هەمیشە توانیویەتی شەقام و کۆڵانەکان و شوێنە گشتییەکان بە نفووزی جەماوەریی خۆی پڕ بکا و لە پرسی خۆی بەخاوەن دەرکەوێت. ئەوڕۆش لێرە لە بێرلین، لێرە لە "پڕاگرئێشتراسێ" بۆ جارێکی دیکە ئێرەمان پڕ کردەوە بۆوەی بۆ جارێکی دیکە هەمووومان بەیەکەوە لەگەڵ ڕێبەرانی شەهیدمان بەڵێن نوێ کەینەوە کە ڕێگا و ڕێبازی ئەوان زیندوویە. جێگای خۆیەتی هەر لەو شوێنەی کە دوکتور شەرەفکەندی و هاوڕێیانی تیرۆر کران پێیان بڵێین کە هەموو هەوڵی ئێوە بۆ ئەوە بوو لانی کەم لەو ڕێستوورانە لەگەڵ لایەنە ئێرانییەکان کۆ ببوونەوە و یەکریزی و یەکگرتوویی بەرەی ئێرانی دژی کۆماری ئیسلامی دروست بکەن، ئەمڕۆکە حیزبەکەی ئێوە لە چەند ڕۆژی ڕابردوودا بۆوە بە یەک و داهاتووش هەر بۆ ئێمەیە.

**هاوڕێیانی خۆشەویست!**

لە مێژووی حیزبی ئێمەدا، لە پێشەواوە بگرە تا دوکتور قاسملوو و دوکتور شەرەفکەندی و هاوڕێیانیان کە لەگەڵیان شەهید بوون، ئەوان بە توانایی و کار و کردوە و سیاسەت و عەقڵییەتی ڕێبەریی خۆیان سەرمایەیەکی قورسیان بۆ ئەو حیزبە بەجێ هێشت. تێرۆر و ئێعدامی ڕێبەرانمان هەرچەند داخێکی گران بوو بۆ نەتەوەی کورد لە ئێران و حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران، بەڵام هاوکات ئەوەشی سەلماند کە بە تێرۆری ڕێبەرانی ئێمە ئەو میللەتە بەچۆک دانەهات و هیچکاتیش بەچۆک دانایا.

ڕووداوی میکۆنووس تەنیا بەوە کۆتایی نایا کە دوکتور شەرەفکەندی و کاک فەتاح عەبدولی و کاک هومایوون ئەردەڵان و نووری دێهکوردی تێیدا تیرۆر کران، بەڵکوو زۆر بابەتی دیکە هەڵدەگرێ:

**یەکەم**، بۆچی حیزبی دێموکرات و دوکتور شەرەفکەندی و هاوڕێیانی کران بە ئامانج؟ لەبەر ئەوەی کە جووڵانەوەی کوردستانی ئێران و حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران ئەو حیزبەیە کە لە ڕۆژی دامەزرانییەوە تا ئێستا بەردەوام لە خەبات و تێکۆشاندا بووە و ڕۆژهەڵاتی کوردستان بوو بە قەڵای کوردایەتی و هەوڵ و تێکۆشان لە پێناو ئامانجە بەرزەکانی نەتەوەی کورد.

**دووهەم**، دەوری سەرەکیی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران لە خەبات و تێکۆشان لەو بوارەدا موقعییەتێکی باشی نێوخۆیی لە پێوەندی لەگەڵ لایەنە ئێرانییەکان و کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی دروست کرد، بۆیە ئێعتیباری حیزبی دێموکرات دیسان وای کرد ئەو حیزبە بکرێتە ئامانج.

**سێهەم**، سیاسەت و عەقڵییەت و وێژمانی زۆر مەعقولانە و بەرپرسانەی حیزبی دێموکرات کە ئەگەرچی بەدرێژایی مێژوو تیرۆری لێ کراوە، بەڵام ئەو حیزبە بۆخۆی هەمیشە لە بەرەی دژی تێرۆردا ماوەتەوە. ئێمە هەمووکات گوتوومانە تێرۆر بە بەژن و باڵای کۆماری ئیسلامی بڕاوە و خەبات و تێکۆشان لەپێناو مافەکانی کوردیش بە بەژن و باڵای ئێمەی دێموکرات بڕاوە. بۆیە لەو بوارەدا شتمان زۆرە و شتمان زۆر پێیە و حیزبی دێموکرات بەخۆشییەوە لە نێوخۆی وڵات و لە دەرەوەی وڵات و لەنێو ڕیزەکانی خۆیدا موخاتبی زۆر و مەوقعییەتی گەلێک باشی هەیە.

جێگای خۆیەتی لێرە لە ئاڵمان، لە بێرلین، لە "پڕاگرئێشتراسێ" و ئەو شوێنەی کە ڕێبەرانی ئێمەی تێدا تێرۆر کرا، ڕابگەیەنم بۆ جارێکی دیکە هەرچەند ڕووداوی میکۆنووس داخێکی گران بوو لەسەر ئێمەی دێموکرات و دێموکراتەکان و ڕووداوێکی ناخۆش بوو بۆ خەڵکی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان؛ بەڵام بوێری و سەربەخۆیی کاری سیستمی دادوەری و

دادگایی ئاڵمان لەو کاتدا لە لەلایەن کۆماری ئیسلامییەوە گوشارێکی زۆر لەسەر دەوڵەتی ئاڵمان و سیستمی دادوەریی ئێرە هەبوو، دەزگای دادی ئەم وڵاتە بەوپەڕی سەربەخۆییەوە لە سەر بنەمای ڕێزگرتن لە مافی ئازادیی ژیان و کەرامەتی مرۆڤ بەدووی ئەو دادخوازییەوە چوون و بە ئاکامیان گەیاند کە هەم بۆ ئەو نەتەوەیە و هەم بۆ مرۆڤایەتییش جێگای ڕێز و سوپاسە. بۆیە بۆ جارێکی دیکە لە سی ساڵەی یادی شەهیدانی میکۆنووسدا جارێکی دیکە لەلایەن حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێرانەوە سوپاسی سیستمی دادوەریی ئاڵمان دەکەم و هەروەها دڵنیام لە هەر شوێنێک دێمۆکراسی و لێپرسینەوە هەبێ، ماف وا بەئاسانی ناخورێ.

بابەتێکی دیکەش کە دەمەوێ تیشکی بخەمە سەر ئەوەیە کە لەو ڕۆژانەی سەردەمی میکۆنووسدا کە ئێمە لە خەمێکی گەورەدا بووین، بەڵام زۆر یەک لە کەسایەتی و سازمان و حیزب و لایەنەکانی ئێرانی شانیان وەبەردا و لە چەند و چۆنیی لەقاودانی تێرۆری میکۆنووس و بە بەشداری و شایەتیدانیان لە پرۆسەی دادگادا ڕەوتی بەدواداچوونەکانیان بەهێز کرد کە بەشێکی نیشانەی پێگەی دیاری حیزبی دێموکرات بوو. لێرەدا بە هەموو لایەنە ئێرانییەکان ڕادەگەیەنم کە حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران لەمەوبەدواش لە هاوخەباتی و پەیوەندییەکانی خۆی لەگەڵ لایەنە ئێرانییەکان هەروا بەردەوام دەبێت.

**هاوڕێیانی حیزبی!**

ئێمە بە کۆبوونەوەی ئەمڕۆی خۆمان، بە حەشیمەتێکی ئاوا زۆر کە ئێوە لە زۆربەی زۆری وڵاتانی ئورووپایی زەحمەتتان کێشاوە و هاتوونە ئێرە و ئەرک و وەزیفەی حیزبیتان بەجێ گەیاندوە، بەڵگەنامەیەتان لێرە لەو شەقامەدا بۆ حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران و خەڵکی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان تۆمار کرد. بەڵگەنامەکە ئەوە بوو سەنەدەکە ئەوەبوو لە هەر شوێنێک زەبرێک لە ئێمە بدرێ، ئێمەش لە هەر شوێنێک کە پێویست بێ وڵام دەدەینەوە و لە داهاتووشدا لەسەر ئەوە بەردەوام دەبین. ئێستاش کە حیزبی دێموکرات یەکمان گرتۆتەوە، لێرەوە ئەو پەیامە بە خەڵکی ڕۆژهەڵاتی کوردستانی ئێران دەدەین: ئێوە کە لە نێوخۆی وڵاتدا لە هەموو بوارەکاندا لەژێر زوڵم و زۆری نیزامی کۆماری ئیسلامیدا لە بواری مەدەنی و قانوونی و ژینگە پارێزی و بواری ئەدەبی و فەرهەنگی بە ژن و بە پیاو هەوڵ دەدەن و تێکۆشانتان هەیە، ئەوا لێرەش ئەندامان و تێکۆشەرانی حیزبی دێموکراتی کوردستان هەوڵ دەدەن بە ڕێزگرتن لە ڕێبەرانی شەهیدی خۆیان هاودەردی لەگەڵ هەموو ئێوە بکەن و بە ئێوە لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان بڵێن کە ئێمە پشتگیریی ئێوە دەکەین. ئێوە لە نێوخۆی وڵات و ئەو خەڵکە و ئاپۆڕا زۆرە لە دەرەوە و لە بواری جۆراوجۆردا ئەوەیە جووڵانەوەی کوردی ئێران و ئەوەیە حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران.

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان میدیا – ڕێکەوتی: ٣١ی خەرمانانی ٢٧٢٢

## پەیامی وتەبێژی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران سەبارەت بە هێرشی مووشەکیی کۆماری ئیسلامی

**خەڵکی کۆڵنەدەر و تێکۆشەری ڕۆژهەڵاتی کوردستان!**
**خوشک و برایانی ئازیز!**

هەروەک ئاگادارن ڕۆژی چوارشەممە شەشی ڕەزبەر (٢٨ی سێپتامبر، بنکە و بارەگاکانی حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران و لایەنەکانی دیکەی نیشتەجێ لە باشووری کوردستان کەوتنە بەر هێرشێکی بەربەرینی سپای پاسدارانی کۆماری ئیسلامی ئێران، کە بەداخەوە کۆمەڵێک قوربانی و شەهید و برینداری لێ کەوتەوە.

بۆچی کۆماری ئسیلامی ئەو هێرشەی کردە سەر ئێمە؟ وڵامەکەی زۆر ڕوونە. هەروەک هەموو لایەکی ئێوە ئاگادارن لە دە ڕۆژی ڕابردوودا بەدوای شەهیدبوونی ژینا ئەمینی لە تاران و بەدوای ئەوەدا کۆمەڵگەی ئێران بەگشتی بە هەموو نەتەوەکانیەوە، بە هەموو چین و توێژێکەوە، بە هەموو ئایین و ئایینزاکانەوە، بە هەموو ڕێکخراوە سیاسییەکانەوە، لەگەڵ یەک بە هاوکاری و هەماهەنگی و هاوپێوەندیی ئێجگار زۆرەوە ئەو خەبات و جموجۆڵە مەدنییەیان دژی کۆماری ئیسلامی وەڕێ خست و، کۆماری ئیسلامی بۆ یەکەم جار دوای ئینقلابی ئێران، خۆی لە بەرانبەر ئاپۆڕای میلیۆنیی کۆمەڵانی خەڵکی ئێراندا دەدیت، تووشی شکستێکی ئێجگار زۆر گەورە بوو.

لە تەنیشت ئەوەدا جێگەی خۆیەتی بڵێین بەشداری بەربڵاوی ژنان و هەروەها شیعاری "ژن، ژیان، ئازادی" کە لە ئێراندا بوو بە سیمبولێک بۆ بەردەوامیی ئەو سەرهەڵدان و ڕاپەڕینە، لە کۆمەڵگەی نێودەوڵەتیشدا بە ڕادەیەکی یەکجار زۆر دەنگی دایەوە و، کۆمەڵگەی نێوەدەوڵەتی بە ڕێکخراوە دەوڵەتی و غەیرە دەوڵەتییەکان کۆماری ئیسلامیی ئێرانیان مەحکووم کرد. تەنانەت بابەتی هێرشەکەی کۆماری ئیسلامی و دەستدرێژییەکانی لە شوڕای ئەمنییەتی ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکانیشدا هاتە بەر باس. بۆیە کۆماری ئیسلامی بۆ ئەوەیکە قەرەبووی ئەو شکستە بکاتەوە. لەو پێوەندییەدا چونکی مەسەلەی کوردستان و خەبات و تێکۆشانی کوردستان و ژنان و پیاوانی کوردستان لە سەفی پێشەوەی ئەو خەباتە جەماوەرییەدا بوون و بە شێوەیەکی ئارام و هێمن لە نێوخۆی وڵات پەرەی دەستاند، نەیدەتوانی بە مەیلی خۆی و ئەو جۆرەی دەخوازێ بە

ئاقاری توندوتیژییدا بەڕێت. بۆیەشە دەست کرد بە تۆڵەکردنەوە لە حیزبی دێموکراتی کوردستان ئێران و لایەنە کوردییەکانی دیکە. ئەمە هۆکاری سەرەکیی هێرشە بەربەرینەی ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی بۆ سەر حیزبی دیموکرات بوو. وەک گوتم، یەکەم بۆ ئەوەی کە بیروڕای گشتیی ئیران و خەڵکی ڕۆژهەڵاتی کوردستان بەلاڕێدا ببات، بۆ ئەوەیکە بابەتەکان لە چوارچێوەی ئێراندا بێنە دەرێ و زۆرتر شتەکە پێوەند بدرێتەوە بە دەرەوەی سنوورەکانی وڵات. بۆ ئەوەی کە بڵێ لە دەرەوەی سنوورەکانی ئێرانەوە هەڕەشەمان لەسەرە، دەنا خەڵکی ئێران لەدژی کۆماری ئیسلامی مەسەلەیەکیان نییە. ئەوە لە حاڵێکدایە بە میلیۆن کەس لەو خەبات و جموجۆڵە جەماوەرییەدا بەشدارییان کرد. حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران و لایەنەکانی دیکەش بەباشی لەوە گەیشتبوون، بۆیە هەمیشە خەڵکیان هان دەدا لە خەبات و تێکۆشانی خۆیاندا بە شێوەی ئارام و هێمنانە بچنە پێشێ، پەنا بۆ توندوتیژی نەبن، بیانوو نەدەنە کۆماری ئیسلامی کە ئەو خەباتە مەدنی و ئارام و شارستانییانە بە ئاقاری توندوتیژدا ببات.

## خەڵکی تێکۆشەری ڕۆژهەڵاتی کوردستان!

ئێوە هەمووتان دەزانن کە حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران لە هەموو ماوەی دەسەڵاتی کۆماری ئیسلامیدا و هەر لە سەرەتای هێزگرتنی ئەو ڕێژیمەوە بە شیوازی جۆراوجۆر هەمیشە کراوەتە ئامانج، ڕێبەرانمان لە ڤییەن تێرۆر کران، لە میکۆنووس تێرۆر کران، دەیان کادرمان لە باشووری کوردستان تێرۆر کران، هەزاران پێشمەرگەمان بوون بە قوربانی، ئەوە لە حاڵێکدایە کە حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران هەمیشە باوەڕی بە چارەسەی ئاشتییانەی لە ئێراندا بووە. ئێمە هەوراز و نشێومان زۆر بووە، قوربانیمان زۆر داوە، تەنانەت هەروەک باسم کرد ڕێبەرانیشمان لەپێناو ئەو خەبات و تێکۆشانەدا فیدا کردووە. بۆ جارێکی دیکەوە لێرەوە دووپاتی دەکەمەوە ئێمەی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران لە خەبات و تێکۆشانی خۆمان بەردەوام دەبین. هەرگیز بەچۆک دانایەین. حیزبێک کە لە قووڵایی ڕۆژهەڵتی کوردستاندا دروست بووە، حیزبێک کە تەحەممولی هەموو ئەو دەورانانەی کردووە، حیزبێک کە ئێوە کۆمەڵانی خەڵکی ڕۆژهەڵاتی کوردستان لە پشتین و، پەیامەکانی وەردەگرن، دڵنیابن بەوانە بەچۆک دانایە. حیزبەکەی ئێوە حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئیران لە ئاستی نێودەوڵەتییشدا تێدەکۆشێ بەرپرسانە باسی بارودۆخەکە بکا و باشتر سەرنجی کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی بۆ لای دۆخی ئێران ڕابکێشێ.

ئێمە ڕوو بە خەڵکی خۆمان پێ لەسەر ئەوە دادەگرینەوە کە بە شێوەی هێمنانە و دوور لە توندوتیژی، بە شێوەیەکی ئارام بتوانن دەنگی خۆتان لەدژی ئەو جینایەتەی کۆماری ئیسلامی هەڵبڕن. لە تەنیشت ئەوەدا پێوەندی و هاوکاری و هەماهەنگیی خۆتان لەگەڵ گەلانی دیکەی ئیران بەهێز بکەن و بیانکەن بە بەردەنگی خۆتان و پێیان بڵێین ئێمەی کورد

**هەمیشە باج و تێچووی قورسمان داوە بۆ هاوکاری و هەماهەنگی لەگەڵ ئێوە لە دژی کۆماری ئیسلامی؛ وەک چۆن ئەوجاریش کۆماری ئیسلامی تۆڵەی لە ئێمەی کورد کردەوە و هێرشی کردە سەر ڕێبەرانی ئێمە لە حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران و لایەنەکانی دیکە.**

**خەبات و تێکۆشانی هەموو ئێمە لەپێناو مافە نەتەوایەتییەکانی خۆمان و دامەزراندنی دێموکراسی لە ئێران بەردەوام دەچێتە پێشێ. داهاتوو هی ئێمەیە.**

**سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان میدیا – ڕێکەوتی: ١٣ی ڕەزبەری ٢٧٢٢**

## ڕۆژئاوا دەتوانێ بە دانانی ناوچەی دژەفڕین پێشی دەستدرێژییەکانی ڕێژیمی ئێران بگرێت




خالید عەزیزی، وتەبێژی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران لە کۆبوونەوەی ئەنیستیتۆی گۆڵد بۆ کاروباری ستراتیژیی نێودەوڵەتی لەگەڵ بەشێک لە لێکۆڵەرانی واشنگتن و ئەندامانی پارڵمانی یەکیەتیی ئورووپا کۆبۆوە. لەو کۆبوونەوەیەدا باس لە ڕێکارەکانی سەقامگیری لە ناوچەی ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست و دەستێوەردان و دەستدرێژییەکانی کۆماری ئیسلامیی ئێران کرا.

لەو کۆبوونەوەیەدا کە ئێوارەی ڕۆژی چوارشەممە، ٢٠ی ڕەزبەر بەڕێوە چوو، وتەبێژی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران سەرەتا لەسەر دوایین گۆڕانکارییەکانی ئێران و کوردستان، پەرەسەندنی نارەزایەتییە گشتییەکان و ڕاپەڕینی سەرانسەریی خەڵکی ئێران بۆ بەشدارانی کۆبوونەوە دوا.

پرسی چۆنیەتیی هاریکاریی ئورووپا بۆ سەقامگیرکردنی ئاشتی و دێموکراسی لە ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست و ڕۆڵی کۆماری ئیسلامی لە تێکدانی ڕەوشی ئەمنییەتی و سەقامگیریی ناوچەکە دوو تەوەری دیکەی باسەکەی خالید عەزیزی، وتەبێژی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران بوون.

خالید عەزیزی لە باسەکەیدا باسی لەو ڕێکارانە کرد کە دەکرێ پێش بە سنووربەزاندن و هێرشە مووشەکییەکانی ڕێژیم بگرێ و یەک لەوان ئەوە کە ئورووپا ناوچەی دژەفرین بۆ کۆماری ئیسلامیی ئێران دابنێت.

لە برگەیەکی دیکەی کاری دانیشتنەکەدا بەشدارانی ڕاستەوخۆ و ئانلاینی کۆبوونەوە کە بە بایەخەوە سەرنج و بۆچوونەکانی وتەبێژی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێرانیان وەرگرت. هەروەها کۆمەڵە پرسیارێکیان لەسەر هاوکێشەکانی ئێستای ئێران و ناوچە هێنایە بەرباس کە لەلایەن خالید عەزیزییەوە وەڵام درانەوە.

خالید عەزیزی، وتەبێژی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران کە لە ڕۆژی چوارشەممە، ٢٠ی ڕەزبەرەوە بۆ چەند دیدارێکی ڕەسمی سەردانی وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکای کردوە، چەند کۆبوونەوە و دانیشتنێکی لەگەڵ بەرپرسان و ئاکادیمیسیەنەکانی ئەو وڵاتە دەبێت.

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان میدیا – ڕێکەوتی: ٢٠ی ڕەزبەری ٢٧٢٢

---

## ئامریکا و وڵاتانی ڕۆژاوایی ئینێرنێتی خۆڕایی بۆ خۆپیشاندەرانی ئێران و کوردستان دابین بکات



چەند ڕۆژ پێش "خالید عەزیزی" وتەبێژی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران کۆبوونەوەیەکی لە ئەنیستیتۆی کورد لە واشنتۆن بۆ "حیزب و ڕێکخراوە کوردستانییەکانی هەر چوار پارچەی کوردستان، لێکۆڵەران، دیپلۆماتکاران، نوێنەرانی ئامریکا لە هەندێک لە ئۆرگان و بەشە جیاجیاکان" پێک هێنا کە ڕۆژنامە نووسان بە شێوەیەکی بەرین تێیدا بەشدار بوون و سەرنجیان پێدا.

"عەزیزی" سەرەڕای ئەوەیکە پرس و بابەتەکانی ئێران و کوردستان و دووەمین ئاڵوگۆڕەکانی بە گشتی خستە بەر باس تیشکی خستە سەر سێ تەوەری گرینگ.

یەکەم خاڵ باسی لەوە کرد کە چۆن دەکرێت بەربەست بۆ دەستێوەردانەکانی ئەو ڕێژیمە دروست بکرێت لەو پەیوەندییەدا ئاماژەی بەوە کرد کە پێویست ناکات ئامریکا مووشەک و تانک و تۆپ بێنێتە سنوورەکان بۆ شەڕ لەگەڵ ئێران و هەروەها پێویست نییە وڵاتانی ئورووپایی و ئامریکا باس لەوە بکەن کە خەڵک داخوازی ئەوەیە کە ئەو ڕێژیمە نەمێنێت یان ئاڵوگۆڕێک بێتە ئاراوە بەڵکوو با خەڵک خۆیان داوا بکەن چ ڕێژیمێکیان دەوێ. ئورووپا و ئامریکا دەتوانن بە دابینکردنی ئینتێرنێتی خۆڕایی دەتوانن ئەو هەلە بۆ خەڵک بڕەخسێنن کە چ ڕێژیمێکیان دەوێت و داخوازی چ ئاڵوگۆڕێکن تا بەم

شێوەیە خەڵک زیاتر هەست بە پاڵپشتیی و هاوکاریی ئەو وڵاتە بکەن.

خاڵێکی تر ئەوە بوو کە ڕێژیمی ئێران تەواوی هەوڵی خۆی دەدات کە شەڕ لەنێوخۆ بێنێتەوە دەرەوەی سنوور و هەرێمی کوردستان نائەمن بکات لەو بارەوی بە پێداگری باسی لەو کرد مادام کە عراق لەژێر هەیمەنە و کۆنترۆڵی ئامریکا دایە و ئاسمانی عراق ئامریکا دەیپارێزێت ئەو بەرپرسیاریەتی لە ڕووی دیپلۆماسی و ئەخلاقی لە ئەستۆیە کە بەربەستێک بۆئەو هێرش و پەلامارانەی ڕێژیمیئێران دابنێت ئاماژەی بەوە کرد کە ماوەی چەند ساڵ لەمەوبەر "نیکی هێلی" نوێنەری ئامریکا لە نەتەوە یەکگرتووەکان بە پێداگریەوە باسی لەوە کردبوو کە ئەو هێرشانە بۆ سەر حیزبی دێموکراتی کودستانی ئێران و بنکەی سەرەکیی ئەو حیزبە پێشێلکرییەکی زەقی یاسا نێو دوڵەتییەکانە و ئەم کەیسانە پێویستە بەداوداچوونیان بۆ بکرێت و گرینگییان پێ بدرێت

خالید عەزیزی بە گشتی باسی لەوە کرد کە یەکەم ئینتێرنێتی خۆڕایی بۆ خەڵک دابین بکرێ. دووهەم بەربەستدانان بۆ هێرشەکانی ڕێژیمی ئێران بە تایبەتی لەلایەن ئامریکاوە کە ئاسمانی عێراق ئامریکا دەیپارێزێ. سێهەم پاڵپشتی لە خەڵکی خۆپیشاندەر بکرێت و جێگرەوەیەک بۆ ئێران دیاری بکرێت و باس لە ناوەندی هاوکاریی حیزبەکانی کوردستانی ئێران کرا.

لەو کۆبوونەوەیەدا ژمارەیەک بەرپرسانی باڵای ئامریکا و ڕۆژنامەنووسانی ئامریکایی بەشدار بوون.

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان میدیا – ڕێکەوتی: ٢٢ی ڕەزبەری ٢٧٢٢

## لە ڕەوتی ڕاپەڕینەکاندا با هەوێنی تەبایی و یەکگرتوویی بین




کۆمیتەی گشتیی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران لە وڵاتی ئەمریکا دوانیوەڕۆی یەکشەممە، ٢٤ی ڕەزبەر (١٦ی ئۆکتۆبەری ٢٠٢٢) سیمینارێکی سیاسیی بۆ خالید عەزیزی، وتەبێژی حیزبی دێموکرات پێک هێنا.

لە سەرەتای سمینارەکەدا ڕەحیم ڕەشیدی بە ناوی حیزبی دێموکراتەوە وێڕای بەخێرهێنانی ئامادەبووان و وتەبێژی حیزب، لەسەر بایەخی ئەو سمینارە و گرینگی سەردانی عەزیزی بۆ ئەمریکا لە پێوەندی لەگەڵ بارودۆخی ئێران بە گشتی و ڕۆژهەڵاتی کوردستان بە تایبەتی قسەی کرد.

لە برگەی سەرەکیی سمینارەکەدا خالید عەزیزی لەمەڕ دوایین ئاڵوگۆڕەکانی کوردستان، ئێران و ناوچەکە قسەی کرد و لە نێوەرۆکی قسەکانیدا پەڕژایە سەر یەکریزیی حیزبی دێموکرات و هەروەها لێکەوتەکانی ئەو هێرش و پەلامارانەی ئێران لەم دواییەدا کردیە سەر بنکەکانی حیزبەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان لە هەرێمی کوردستان و؛ لەم چوارچێوەدا ئاماژەی بە مانگرتن و وەڵامی خێرای خەڵکی ڕۆژهەڵاتی کوردستان بە کۆماری ئیسلامی کرد.

وتەبێژی حیزب لە بەشێکی ئاخافتنەکەیدا باسی لە تایبەتمەندییەکانی ڕاپەڕینی خەڵکی ئێران و کوردستان کرد و لەم

بازنەدا یەکڕیزی و هاوپشتیی شارە جیاجیاکانی ئێرانی لە یەکتر بە دەسکەوتێکی گرینگ ناو برد.

خالید عەزیزی لە بەشێکی دیکەی قسەکانی تیشکی خستە سەر دۆخی کوردستان و لەم بازنەدا باسی لەوە کرد کە تێکەڵبوونەوەی دێموکرات هیوا و هۆمێدی لای خەڵکی کوردستانی ئێران ساز کردووە و ئەم ڕەوتە لەسەر ناڕەزایەتییەکانی خەڵک دژی ڕێژیم لە کوردستان بە ڕوونی دیارە و هەر ئەمەش وایکرد کە کۆماری ئیسلامی هەوڵ بدات لە ڕێگای مووشەکباران و فڕۆکەی بێفڕۆکەوانەوە بۆ سەر حیزبی دێموکرات، کاریگەریی ڕەوتی یەکڕیزی لە کوردستان کەم بکاتەوە.
عەزیزی لە بەشێکی دیکەی قسەکانیدا دەور و ڕۆڵی ژنانی لە جووڵانەوەی کوردستاندا بەرز نرخاند و لەم پێوەندییەدا هێز و دەوری ژنانی لە ڕووداوەکانی ئەم دواییەدا بە بابەتێکی گرینگ لێکدایەوە.

لە تەوەرێکی دیکەی ئەو سمینارەدا عەزیزی تیشکی خستە سەر دیدار و چاوپێکەوتنەکانی لە ئەمریکا و هەروەها داوای لە خەڵکی کوردستان کرد بە هەست یەکڕیزی و هاوپستی لەگەڵ ڕەوەندی ئێرانی و گرووپە جیاوازەکان کار بکەن و لە ڕەوتی خۆپیشاندان و ناڕەزایەتییەکان دا هەوڵ بدەن هەوێنی یەکریزی و تەبایی بن.

لە دوابەشی سمینارەکەدا خالید عەزیزی وەڵامی سەرنج و پرسیاری بەشدارانی دایەوە.

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان میدیا – ڕێکەوتی: ٢٥ی ڕەزبەری ٢٧٢٢

## خەباتی نەتەوایەتیمان بۆ ڕزگاری قەت بەچۆک دانایە

ڕاپەڕینی ئێستا کە بەدوای کوشتنی حکوومەتیی ژینا ئەمینی، کچە کوردی خەڵکی سەقز بە دەستی هێزەکانی کۆماری ئیسلامی و دواتر مانگرتنی خەڵکی کوردستان لەسەر داوای ناوەندی هاوکاری و پاشان پەلاماری مووشەکی و درۆنبارانی کۆماری ئیسلامی بۆ سەر بنکە و بارەگاکانی حیزبە کوردییەکان لە باشوور دەستی پێکرد، هەتا ئێستاش بەردەوامە.

ئەم ڕاپەڕینە هەتا ئێستا ئەگەرچی قوربانیدان و تێچووی زۆری بۆ جووڵانەوەی کورد بووە، بەڵام هەڵسەنگاندێکی ئەو کارە گەورەیە کە هەموو ئێرانی هێنایە سەر خەت، بوو بە مێژوو. دوای شۆڕشی ساڵی ١٣٥٧ زۆر ڕووداو لە ئێران هاتنەگۆڕێ، بەڵام ئەو ناڕەزایەتییانەی ئەمجارەیان کە بە کوژرانی کچە کوردێک لە تاران دەستی پێ کرد و کوردستان یەکگر و یەکپارچە پشتی گرت و بوو بە پرسێکی گشتیی ئێران و لە کۆمەڵگەی نێودەوڵەتییشدا بوو بە پرس و خەڵکی هێنایە سەر شەقام و، کوردستان و تەورێز و تاران و ئیسفەهان بە هەموو زمان، نەتەوە، ئایین و جۆراوجۆرییەکان وردەوردە لە دەوری دروشمێک کۆ بوونەوە؛ ئەو بڕیار و کردە مێژووییە دیسانەکە لە کوردستانەوە دەستی پێ کرد.

بەخۆشییەوە ئەمجارەیان دەنگی کورد و داوای کورد لە ئێران بەردەنگی هەبوو، زۆربەی زۆری خەڵکی ئێران بە هەموو جۆراوجۆری و بۆچوونە جیاوازە سیاسییەکانەوە باشتر لە پرسی کورد تێگەیشتن و کورد لە ڕۆژهەڵات بەڵگەیەکی دیکەی لە خەباتی مافخوازانەیدا تۆمار کرد. ئەمەش بێهۆکار نەبوو:

یەکگرتنەوەی دێموکراتەکان کاریگەرییەکی باشی لەسەر خووڵقانی ئەو دۆخە بوو، ئەگەرچی ئێمە چاوەڕوانیی ئەوەمان هەبوو کە کۆماری ئیسلامی لە کاردانەوە بە یەکگرتنەوەمان بیەوێ زەبرێکمان لێ بوەشێنێت. هۆیەکەشی ئەوەیە کە بەداخەوە یەکێک لە خاڵە بەهێزەکانی کۆماری ئیسلامی هەمیشە نەبوونی یەکریزی و پەرشوبڵاویی هێزە دژبەرەکانی بووە کە بووەتە هۆی ئەوەی ئاڵترناتیڤێک لەدژی ڕێژیم دروست نەبێت. بۆیە یەکگرتنەوەی حیزبی دێموکرات لەو دۆخەدا شوێنی گرینگی لەسەر ئەو هاوکێشەیە دانا و گەلێک پەیامی تێدابوو کە خەڵکی نێوخۆ لە ڕۆژهەڵات، لایەنە سیاسییە کورد و ئێرانییەکان و لە دەرەوەی وڵاتیش بەباشی وەرگیرا و ئەوە ئەو بابەتە بوو کە کۆماری ئیسلامیی ئێران خستە تەنگانەوە. ئەزموونی خەبات و تێکۆشانی حیزبی دێموکرات لەدژی کۆماری ئیسلامی زۆر شتمان پێ دەڵێ، یەک لەوان ئەوەیە ئەو ڕێژیمە هەرکات لەبەرانبەر یەکریزی و یەکگرتوویی و جموجۆڵی جەماوەریی خەڵکدا تووشی شکست و بێدەرەتانی بووە،

پەنای بردۆتە بەر مێتۆدێک کە خۆی بەرهەمی ئەو مێتۆدە واتە توندوتیژییە. بۆیەشە بە توندوتیژی بەرهەڵستی هەرچەشنە مافخوازییەکی نەتەوەکانی ئەو وڵاتە، لە مافی مرۆیی، سیاسی، مەدەنی، زمانی، مافی ژنان و ئەمنییەتی فەردییەوە بۆتەوە.

کاتێک خۆپێشاندانەکان پەرەیان سەند، ستراتیژیی کۆماری ئیسلامی ئەوە بوو کەسانی سەر بە خۆی بخزێنێتە نێو خۆپێشاندەران و خۆپێشاندانەکە بە ئاقاری توندوتیژی بەرێ بۆوەی هەم بتوانێ بواری زیاتر و باشتری بۆ سەرکوت هەبێ و؛ هەم بیەوێ نارەزایەتییەکان بە پیلان و دەستی دەرەکیی ببەستێتەوە. بەوەش بواریان بۆ هێرشی مووشەکی بۆ سەر حیزبی دێموکرات و لایەنەکانی دیکە خۆش کرد. ئێمە وەک کورد و حیزبی دێموکرات ئەزموونی زۆرمان لە سیاسەتی دژمنکارانەی کۆماری ئیسلامی هەیە، لە تیرۆری ڕێبەران و کادر و پێشمەرگەکانمان هەتا مووشەکبارانی خەرمانانی چوار ساڵ لەوە پێش. بەڵام حیزبی ئێمە پاش هەموو ئەو کارەساتانە نەکەوتووە و لەسەر پێ ماوەتەوە. هونەرەکە لێرەدایە: تیرۆرمان دەکەن، بە مووشەک لێمان دەدەن، هەڕەشەمان لێ دەکەن؛ بەڵام ئێمە بەچۆک دانەهاتووین، بە چۆک دانایەین و دەیان پیلانی دیکەشمان لەژێ بگێڕن هەر بەچۆکدا نایەن. نەیاندەهێشت و هەڕەشەیان لێ دەکردین کە نەتوانین ڕێوڕەسمی یەکگرتنەوە بەرێوە ببەن، بەڵام بە چۆکدا نەهاتین و قەتیش بەچۆکدا نایەن. بەڵام بۆ؟ وەڵامەکە ڕوونە: خەباتی حیزبی دێموکرات خەباتی نەتەوەیەکە لە ڕۆژهەڵات، نەتەوەیەک کە ٧٧ ساڵ لەوەپێش ئەو حیزبەی دروست کرد و، ڕێبەرانی ئەم حیزبە لە هەموو بارودۆخێکدا لە زیندان و دوورخراوەییدا حیزبەکەیان ڕاگرت و ئێستاش ڕێبەران و تێکۆشەرانی ئەم حیزبە ئەو ئەرکەیان لەئەستۆیە.

### وانەکانی ڕووداوەکانی ئەم دواییانە بۆ ئێمە بەبایەخ بوون:

**یەکەم**، دەسەڵاتی سیاسی بە پێناسە شۆڕشگێڕییەکەی خۆی، بە ئیدئۆلۆژییە ئایینییەکەی، بە زەرادخانە مووشەکییەکەی، بە هەموو هەوڵدانی بۆ دەستڕاگەیشتن بە چەکی ئەتومی دەسەڵاتێکی بێداهاتوویە.

**دووهەم**، لە بەرانبەر ئەو دەسەڵاتەدا خەڵکی کوردستان و ئێران بەگشتی لێبڕاون چارەنووسی خۆیان لەگەڵ ئەو ڕێژیمە یەکلا بکەنەوە. فاکتەری خەڵک بابەتێکی دیکەی لەو هاوکێشەیە زیاد کرد، ئەویش ئەوە بوو کە دەیان ساڵ بوو ئۆپۆزسیونی کۆماری ئیسلامی لە دەرەوە بە حیزب، ڕێکخراو، مێدیا و ڕایەڵەی جۆراوجۆر بەڵام نایەکگرتوو لە گۆڕەپانەکەدا بوون، بەڵام بەسەرهاتی "ژینای کوردان" دەریخست کە ئەوە خەڵکن وەک خاوەنی سەرەکیی پرسەکە دەتوانن لە نێوخۆی

وڵات و لەسەر شەقامەکانەوە بەبێ ئەوەی لە ئێستادا خۆیان بە کێشە تیۆرییەکانەوە سەرقاڵ بکەن، بەرەنگاری ئەو ڕێژیمە ببنەوە. لایەنێکی دیکەی ئەو بابەتە ئەوەیە کە حیزبە سیاسییەکانیش دەبێ بەبایەخەوە ئەو فاکتەرە لە هاوکێشە سیاسییەکاندا بەشدار بکەن، چونکی ئەو پارامێترانەی لە ڕاپەڕینی ئەمجارەدا دەور دەبینن لە ناخی کۆمەڵگە و لە هەناوی داخوازە سەرەکییەکانی خەڵکدا، ئەویش بەبێ ململانێی حیزبی و ڕێکخراوەیی و پێناسە تیۆرییەکاندا دەبێ بخوێندرێنەوە. شتێک کە ئۆپۆزیسیۆنی کۆماری ئیسلامی لە چوار دەیەی ڕابردوودا لێی خافڵ بوون ئەوەیە کە ئەوە تەواوەتیی خەڵکە کە دەتوانێ شەقام بکاتە سەنگەری خەڵک و ڕاپەڕینێکی سەرانسەری وەڕێ بخات. ئەوە پەیامێک بوو بۆ ئۆپۆزیسیۆن کە سیاسەتەکەیان دەبێ پێی لەسەر عەرزی واقیع بێت.

حیزبی ئێمە بۆیە بەرگەی ئەو هەمووە برین و ڕووداوە تاڵانەی گرتوە، بەخۆشییەوە قەت لە خەڵکی خۆی دانەبڕاوە و سیاسەتەکەی ئاوێنەی باڵانوێنی ویست و داخوازەکانی خەڵکەکەی بووە. مانگرتنەکەی ٢١ی خەرمانانی چوار ساڵ لەوەپێش دوای مووشەکبارانی بنکەکانی حیزبی دێموکرات کە لایەنەکانی دیکەش دەستیان لەگەڵ داینێ، دەریخست کە لە کوردستان سیاسەت لەسەر عەرزی واقع دەکرێت، مانگرتنەکانی ئەم دواییانەش ئەوەی پشتڕاست کردەوە. بەڵام چۆن دەکرێ ئەوە بەردەوام بێت؟ وەڵامەکەی ڕوونە: ویست و داخوازی، بۆچوون و سەرنج و دروشم و ئامانجەکانی خەڵک مێعیار و پێوەر بن و بەهەند وەربگیرێن. بەڵام هیچ شتێک لەوە مەترسیدار نییە کە حیزب و ئۆپۆزیسیۆن لە خەڵکی خۆیان داببڕێن و دوور کەونەوە. ئەوە گەورەتین پەیام بوو کە لەو ڕاپەڕینەدا هەموو لایەک دەبێ وەری بگرین. حیزبی دێموکرات لەو پێوەندییەدا هەمیشە بەرپرسانە جووڵاوەتەوە. هەر لە ساڵانی ڕابردوودا خەڵکی ئێمە پەیامیان بۆ دەناردین کە ئێمە دوو دێموکراتیمان ناوێ، داوایەکی زۆر ژیرانە و بەرپرسانە و هەر ئەو دڵسۆزی و دەروەستییەش وایکرد کە ئێمە پرۆژەی یەکگرتنەوە بخەینە نێو ڕۆژەڤی پێویستییەکانی بزووتنەوەی سیاسیی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان.

**سێهەم** فاکتەر کە کاریگەریی زۆری لەسەر ڕاپەڕینەکەی ئێستا داناوە، بەشداریی هەراوی ژنانە. سروشتی کۆمەڵگەی ئێران و سیاسەتە سەپێندراوەکانی کۆماری ئیسلامی لەگەڵ یەکتر ناتەبان. ڕەفتاری کۆماری ئیسلامی لەهەمبەر ژنان هەڵسوکەوت و ڕوانگەی تالیبانی داعشییە، بۆیە ژنانی ئێران زۆر بەگوڕ و بەربڵاو لە گۆڕەپانەکەدان و ئەوەش دەخوازێ حیزب و هێزە سیاسییەکان پارامێتری ژنان ببینن و لەو هاوکێشە و بەرنامەکاندا بیانخوێننەوە و جێگای شیاوی ئەو بەشداری و هاوبەشییەیان بدەنێ.

**فاکتەرێکی دیکەی** شوێندانەر لەسەر ڕووداوەکان سۆسیالمێدیایە کە لە ڕاپەڕینی ئێستادا چ لە فۆرمی کلاسیکی تەلەڤیزیۆندا و چ لە فۆرمی نوێی پلاتفۆرمە کۆمەڵایەتییەکاندا دەوری یەکجار بەرچاو دەبینێ. هەروەک دەبینین بەشێکی

زۆری مانگرتن و خۆپێشاندانەکان لە کوردستان و ئێران لە ڕێگەی سۆسیالمێدیاوە مودیرییەت دەکرێن. ئەگەر سەردەمانێک لە کێشەی فەلەستین و ئیسرائیلدا بەردتێگرتن و قەپانچەلە هاویشتنی فەلەستییەکان لەدژی هێزە نیزامییەکانی ئیسرائیل بە ئینتفازە ناوی دەرکرد، کارکردی سۆسیالمێدیا لەو ڕاپەڕینەدا خۆی ئینتفازەیەکی دیکە بوو. ئەو سۆسیالمێدیایە دەبێ هەم وەک دەرفەت ببیندرێ. هەم دەبێ بۆ نەتەوەسازی لە ڕۆژهەلاتی کوردستان بەمانا سیاسییەکەی کەلکی لێ وەربگرین، هەم لە بەرینکردنەوەی ڕاپەڕینە سەرانسەرییەکەی ئیستادا.

فاکتەرێکی دیکەی ئەو هاوکێشەیەی ئێستا، دنیای دەرەوە و بەدەنگەوەهاتنی کۆمەڵگەی نێودەوڵەتییە کە دوای دادگای مێکونووس نموونەی نەبیندرابۆوە. قەیرانی دیپلۆماتیکی کۆماری ئیسلامی لەگەڵ دنیای دەرەوە ئەوکاتیش لەسەر پرسی کورد بوو، ئەمجارەشیان کە هەر لەسەر کوشتنی حکوومەتیی ژینا هاتنە دەنگ، لەبەر ئەوەی حیزبێک و لایەنێکی سیاسی نەیتوانی پاوانی بکا و دەستی بەسەردا بگرێت و بوو بە پرسێکی گشتی؛ سیاسەتمەدارەکان، هونەرمەند و ئاکادیمیسیەنەکان، سێلبریتی و مێدیا و بەگشتی هەموو شەقامی دنیای دەرەوە بوون بە پاڵپشت بۆ دەنگی ئازادیخوازیی خەڵکی ئێران. ئەوە پاڵپشتییە دەبێ کەلکی لێ وەربگیردرێ، چونکی هاوکێشەکانی لە بەرژەوەندیی خەڵک و هێزە سیاسییەکان گۆڕیوە.

## دەسەڵات و ڕاپەڕینی جەماوەری

نموونەی ئەو ڕاپەڕینە جەماوەرییە لە مێژووی کۆماری ئیسلامیدا نەبووە، بۆیە کۆماری ئیسلامی کە لەهەمبەر ئیرادەی خەڵکدا دەستەوەستانە، لەلایەک دەیەوێ ڕاپەڕینەکە بە ئاقاری توندوتیژییدا بەرێ؛ لەلایەکی دیکەش وا بنوێنێ کە ئەوە پرسە ئێتنیکییەکەیە و دەست دەرەکیی لەپشتە و دەیانەوێ ئێران بەرەو لێکترازان ببەن. بەوە دەیانەوێ هەستی خەڵک ناوچەکانی ناوەندی ئێران بە سیاسەتی فۆبیای هەڵوەشان (تجزیە هراسی) هەڵخڕێنن. بەڵام ئەمجارەیان هاوپێوەندی و لێکتێگەیشتنی خەڵک لە ئاستی سەرانسەری ئەو بوارەی پێ نەدان. بۆیە کۆماری ئیسلامی بە دوای ئەوەدا چوو کە کورد بە هاندەری ئەو دابەشکارییە وەهمییە پێناسە بکا. ڕێژیم بە سەرکوتی خوێناویی خەڵک لە نێوخۆی کوردستان و بە مووشەکبارانی بنکە و بارەگا و قوتابخانە و شوێنی ژیانی بنەماڵەکانی حیزبی دێموکرات و لایەنەکانی دیکە ویستی هەم تۆڵەی ئەو پێشەنگایەتییە لە کوردستان بکاتەوە، هەم وا بنوێنێ کە بەمجۆرە وڵاتیان لە هەڕەشەی هەڵوەشانە وەهمییەکە پاراستوە.

ڕێژیم لەوەدا ناکام بوو، چونکی هەم ئاستی تێگەیشتنی کۆمەڵانی خەڵکی ئێران و هەم هێز و لایەنە سیاسییە

بەرپرسیارەکان لە نێوخۆ و دەرەوەی وڵات لە پرسی کورد زۆر لەوە زیاترە کە بتوانێ ئەو ئاکامەی لێ وەرگرێت. بۆیە ئێمە دەبێ لە پڕۆسەی پێوەندی و هاوپێوەندییەکانمان لەگەڵ لایەنە ئێرانییەکان ئەوە بکەین بە دەرفەت و بە بنەمای پڕۆژە و کاری هاوبەشی گرینگ لە داهاتوودا.

باسێکی گرینگی دیکە لەو هاوکێشەیەدا نیازی کۆماری ئیسلامی بۆ تێوەگلاندنی هەرێمی کوردستانە. با لە پێشدا ئەوە بڵێین کە حیزبی دێموکرات وەک سەرمایەی خەباتکاری و مافویستیی کۆمەڵانی خەڵکی خۆرهەڵاتی کوردستان بەرهەمی شەڕ و دۆخی شەڕ نییە. ٧٧ ساڵ لەوە پێش کە دامەزرا، نە بۆخۆی و نە وەزیرەکانی کەسایەتیی سەربازی نەبوون و دوای دامەزرانی حیزب و ڕاگەیاندنی حکوومەت و لە ئیدارەی وڵاتدا هێزی نیشتمانپارێز پێکهاتووە و ناوی "پێشمەرگە"ی لەسەر داندراوە. حیزبی دێموکراتی کوردستان بە عەقڵییەتێکی مەدەنی و بۆ بەڕێوەبردنی وڵات و بەشداری لە پڕۆسەی سیاسیی وڵاتدا دروست بووە. ئەوە سیاسەتی حیزب بەدرێژایی مێژووی خۆی بووە و دوای شۆڕشی ساڵی ١٣٥٧ و ڕووداوەکانی کوردستانیش، سەرەڕای هەوڵی زۆری دەستەی نوێنەرایەتیی گەلی کورد و هەوڵی هەموو لایەک کە دەمانەویست بە شێوەی ئاشتییانە پرسی کورد چارەسەر ببا؛ کە هێرشمان کرایە سەر دەبوا بەرگریمان لە خۆمان کردبا. پێشمەرگە بەرهەمی ئەو قۆناغەیە لە خەبات و دواتریش هەموو کاتێک هێزی بەرگری لە خەبات و تێکۆشانی گەل بووە.

لە ئێستادا کە کۆماری ئیسلامی بیانووی هێرشەکانی بۆ سەر هەرێمی کوردستان بۆ جموجۆڵی هێزی پێشمەرگە دەگەڕێنێتەوە، ئێمە بەتەواوی ئەوە ڕەت دەکەینەوە. ئێمە هەم بە ڕێبەرانی هەرێمی کوردستان و هەم بە ڕێبەرانی عێراقمان ڕاگەیاندووە کە ڕاستە بەشێک لە بنکە و بارەگاکانمان لێرەن، بەڵام لە سنوورەکانی عێراق و هەرێمەوە هیچ هێرشێکمان نەکردۆتە سەر هێزەکانی کۆماری ئیسلامی و هیچ دەستێوەردانێکیش لە کاروباری نێوخۆیی ئەم وڵاتە ناکەین و نەمانکردووە. لەو بارەیەوە هەمیشە بەرپرسانە جووڵاوینەتەوە و گوتوومانە کە نابین بە بیانووی ناپێویستی کۆماری ئیسلامی لەدژی هەرێمی کوردستان و ئێستاش پێداگری لەسەر ئەوە دەکەینە پێمان باشە پرسەکانی هەرێمی کوردستان و حکوومەتی ناوەندی لە ڕێگەی وتووێژ و "ڕێککەوتن"ەوە چارەسەر بن و هەر ئەو عەقڵییەتی دانوستان و تەوافوقە بگوازینەوە و لە نێوخۆی ئێرانیش ببێتە ڕێکار و چارەسەری پرسەکان، نەک دێموکراسیی بەتەنیا.

لە کۆتایی ئەو باسەدا پێ لەسەر ئەوە دادەگرمەوە کە ئەو ڕاپەڕینەی ئێستا لە نیوخۆی وڵات هەیە، گەورەترین شکستە بۆ کۆماری ئیسلامی، چونکی کێشە کەوتۆتە نێو ماڵی خۆیان و سیستمە ئیدئۆلۆژیکەکان دەبێ ئەو کێشانەیان لە نێوخۆیاندا بۆ دروست بکرێ. پێویستە ئەوەش بڵێین کە لەو بارودۆخەدا چەندی دەکرێ دەبێ ستراتیژییەکمان ئەوە بێت کە هێز و قەوارەی ڕێژیم پتر تووشی هەڵوەرین ببێت. دەبێ هەوڵ بدەین کە ئەو خەباتە بە لانیکەمی تێچووی گیانی هەتا

بەچۆکداهێنانی ڕێژیم بەردەوامیی هەبێت، دەبێ ئۆپۆزیسیۆن ئەرک و بەرپرسایەتییەکانی ئێستای باش بناسێت و هەوڵەکان بۆ دروستبوونی ئاڵترناتیڤی کۆماری ئیسلامیی ئێران دروست بێت.

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان میدیا – ڕێکەوتی: ١ی خەزەڵوەری ٢٧٢٢

## سمینارێک لە سوید بەڕێوە چوو



ڕۆژی شەممە ٣٠ی ڕەزبەر١٤٠١ی هەتاوی، کۆمیتەی گشتیی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران لە شاری "ڤێستێرۆسی" وڵاتی سوید سمینارێکی سیاسی بۆ "خالید عەزیزی" وتەبێژی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران پێک هێنا.

سەرەتای سمینارەکە بە سروودی نەتەوایەتی "ئەی ڕەقیب" و خولەکێک بێدەنگی بۆ ڕێزگرتن لە گیانی پاکی شەهیدانی سوورخەڵاتی گەل و نیشتمان دەستی پێ کرد.

پاشان کردنەوەی سمینارەکە لەلایەن "نەبەز عەلیدووست" و هەروەها لەلایەن "ئەبووبەکر ڕەحمانی" بەخێرهاتنی بەشداربووان و نوێنەرانی حیزبە سیاسییەکان و ئەندامانی سەرکردایەتی حیزب بە گشتی و بە تایبەتی "خالید عەزیزی" وتەبێژی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران کرا.

هەروەها بە ناوی پێکهاتەی کۆمیتەی گشتی و ئەندامانی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران لە وڵاتی سوید سەرەخۆشی لە بنەماڵەی شەهیدانی ڕاپەڕینەکانی کوردستانی ئێران و شەهید" ژینا ئەمینی" بە تایبەتی شەهیدانی کارەساتی مووشەکبارنی ئەم دواییەی حیزبەکانی ڕۆژهەڵات لە باشووری کوردستان بە گشتی لە سەرکردایەتی حیزبی دێموکراتی

کوردستانی ئێران کرد.

لە بڕگەی سەرەکیی سمینارەکەدا "خالید عەزیزی" لەمەڕ دوایین ئاڵوگۆڕەکانی کوردستان، ئێران و ناوچەکە قسەی کرد و لە نێوەڕۆکی قسەکانیدا هاتە سەر زەرورەتی یەکریزیی حیزبی دێموکرات و هەروەها لێکەوتەکانی ئەو هێرش و پەلامارانەی ئێران کە لەم دواییەدا کردیە سەر بنکەکانی حیزبەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان لە هەرێمی کوردستان، و لەم چوارچێوەدا ئاماژەی بە مانگرتن و وەڵامی خێرای خەڵکی ڕۆژهەڵاتی کوردستان بە کۆماری ئیسلامی کرد و بە جوانی جەختی لە سەر یەکدەنگی و پشتگیری کورد و ڕێکخراوە سیاسییەکانی کوردستان و باقی گەلانی ئێران لە خۆپیشاندانەکانی ئێستای ئێران کرد و بە زەرورەتێکی مێژووساز بۆ گەیشتن بە ئازادی و ڕزگاریی ئێران و ڕووخانی ڕێژیمی ئاخوندی زانی.

لە بڕگەی دووەمی سیمینارەکە نۆرە درا بە ئامادەبووانی سیمنارەکە و پرسیار و پێشنیار لەلایەن بەشداربووانی سیمینارەکە ئاراستەی ڕێبەرایەتی حیزب کراو و لەلایەن خالید عەزیزی وڵامی پێویستیان وەرگرتەوە.

لەنێو ئامادەبوواندا بەڕێز و تێکۆشەر کاک "مەلاحەسەنی شیوەسەڵی" ئەندامی ناوەندی سیاسی حیزبی دێموکرات چەند پرسیار و پێشنیاری ئاراستەی" خالید عەزیزی" کرد و هەروەها ڕوو بە ئەندامانی حیزب و خەڵکی کوردستان وتەیەکی کورت و بە نرخی پێشکەش کرد، یەک لەوان داوای کرد کە لە هەلومەرجێکی وا هەستیاردا تۆڵەئەستینی مەکەن بە پیشە، بەڵکوو شان بە شانی گەلانی ئێران بەرەو پێشەوە هەنگاو هەڵگرین.

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان میدیا – ڕێکەوتی: ٤ی خەزەڵوەری ٢٧٢٢

## لە پارلمانی سوئێد: دیپلۆماتە ژنەکانتان بە حیجابەوە مەنێرن بۆ ئێران، ئەوە بێڕێزییە بە جووڵانەوەی ژنانی ئەم وڵاتە




خالید عەزیزی وتەبێژی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران پاش نیوەڕۆی ڕۆژی سێشەممە، ٣ی خەزەڵوەر (٢٥ی ئوکتۆبر) لە سەر بانگهێشتنی حیزبی لیبراڵی سوئێد بۆ قسەکردن لە سەر دۆخی ئێران و کوردستان، شۆڕشی ژینا و شوێندانانی لەسەر کۆمەڵگەی ئێران سەردانی پارلمانی ئەو وڵاتەی کرد.

لە سەرەتای ئەو کۆبوونەوەیەدا خولەکێک بێدەنگی بۆ ڕێزگرتن لە گیانی پاکی شەهیدانی ڕاپەڕینی گەلانی ئێران ڕاگەیەندرا. دواتر خالید عەزیزی لایەنە جۆراوجۆرەکانی ڕاپەڕینی گەلانی ئێرانی کە کوژرانی ژینای کچە کورد بە دەستی هێزە چەکدارەکانی کۆماری ئیسلامی چەخماغەکەی لێدا، بۆ بەشدارانی کۆبوونەوەکە شی کردەوە.

بەڕێز عەزیزی باسی لەوە کرد کە نارەزایەتیدەربڕین بە مەرگی ژینا کۆدەنگییەکی بەرینی لەنێو خەڵک و جۆراوجۆرییەکانی ئێراندا دروست کردوە و کاردانەوە جیهانییەکان لەدژی کۆماری ئیسلامیی ئێرانیش هەر دێ و پتر دەبن. وتەبێژی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران لەو کۆبوونەوەیەدا داوای لە نوێنەرانی پارلمان و دەوڵەتی سوئێد کرد کە دیپلۆماتە ژنەکانتان بە حیجابەوە مەنێرن بۆ ئێران، چونکی ئەوە بێڕێزییە بە جووڵانەوەی بەربەرینی ژنان لەو وڵاتەدا.

لە بڕگەیەکی دیکەی ئەو کۆبوونەوەیەدا پانێلێک بە بەشداریی فرێدریک مالم، نوێنەری پارلمان لە حیزبی لیبراڵ؛ هانس ئێکسترۆم، نوێنەری پارلمان لە حیزبی سوسیالْ دێموکرات و وتەبێژی پێشووی وەزارەتی دەرەوەی سوئێد؛ ماگنووس نورێل، لێکۆلەر و کارناسی ڕۆژهەڵاتی نێوەراست و خالید عەزیزی، وتەبێژی حیزبی دێموکرات پێکهات. لەو پانێلەدا بەشداران وڵامی پرسیاری زۆر و جۆراوجۆری ئامادەبووانی کۆبوونەوەکەیان لەبارەی دۆخی ئێران و کوردستان دایەوە.

جیا لە نوێنەرانی بەشدار لە پانێلەکەدا سێ نوێنەری پارلمان لە حیزبی سۆسیال دێموکرات، دوو نوێنەری پارلمان لە حیزبی مودراتەکان، سێ نوێنەری پارلمان لە حیزبی دێموکراتەکانی سوئێد، نوێنەرێکی پارلمان لە حیزبی ناوەند (سەنتەر)، نوێنەرێکی پارلمان لە حیزبی چەپ، دوو نوێنەری پارلمان لە حیزبی لیبرال، دوو نوێنەری فیدراسیونی کۆمەڵە کوردییەکان لە سوئێد و هەیئەتی نوێنەرایەتیی پارتی دێموکراتی کوردستان و کۆمەڵەکە کەسایەتییەکی سیاسیی کورد و ئێرانی بەشداری کۆبوونەوەکە بوون.

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان میدیا – ڕێکەوتی: ٤ی خەزەڵوەری ٢٧٢٢

## خەڵک هیچ ڕێگەیەکی تری نییە جگە لە خۆپێشاندان و ڕاپەڕین



کۆمیتەی حیزبی دێمۆکڕاتی کوردستانی ئێران لە ئاڵمان و ناوەندی لێکۆڵینەوەی کوردی ڕۆژی شەممە، ٧ی خەزەڵوەر سمینارێکی بۆ خالید عەزیزی، وتەبێژی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران پێکهێنا.

لەو کۆبوونەوەیەدا کە بە ئامادەبوونی ژمارەیەکی زۆر لە نوێنەرایەتیی حیزب و لایەنە سیاسییەکانی کوردستان، ئەندامان و لایەنگرانی حیزبی دێموکرات و کوردانی دانیشتووی وڵاتی ئاڵمان لە شاری بۆن بەڕێوە چوو، سەرەتا دوکتور ئاوات، ئەندامی دەستەی بەڕێوەبەریی ناوەندی لێکۆڵینەوە و پاشان جەلیل حەسەنپوور، ئەندامی ناوەندی لێکۆڵینەوەی کوردی باسێکیان لە کار و ئامانجەکانی ئەو ناوەندە کرد. دواتر دواتر سوڵتان دێمە، بەرپرسی کۆمیتەی ئەڵمانی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران وێڕای بەخێرهێنانی کۆڕگێڕ و ئامادەبووانی کۆڕەکە، مەبەست و ئامانج لەو سمینارەی شی کردەوە.

لە پانێلی یەکەمی سیمینارەکەدا خالید عەزیزی بە هەڵسەنگاندنی تازەترین گۆڕانکارییەکانی ئێران و ڕۆژهەڵاتی کوردستان، تایبەتمەندی و فاکتەرەکانی دۆخی ڕاپەڕین لە وڵاتی شی کردەوە. بەڕێزیان لەنێو ئەو فاکتەرانەدا تیشکی خستە سەر دوو فاکتەر، یەکەم شکستی نیزامی سیاسیی وڵات کە توانای چارەسەرکردنی کێشەکانی نییە، هۆکارەکەشی

ئەوەیە کە حکوومەت لە ڕێگەی هەڵبژاردنی ئـازادەوە نەهـاتۆتە سەر کـار و خەڵـک هیچ ڕێگەیەکی تـری نییە جگە لەوەی بچێـتە سـەر شـەقامەکان و ڕاپەڕیـن بکـات. دووهەم فـاکتەری یەکـلاکەرەوەش بە میلیـۆن کەس لە نەتەوە و پێکهاتەکـانی جۆراوجۆرەکانی ئێرانی فرەنەتەوەن کە بە درێژایی مێژوو هەموو جۆرە بێبەشی لە مـاف، سووکایەتی و پەراوێزخستنێکیان بینیوە.

وتەبێـژی حیزبـی دێموکرات لە بەشێکی دیکەی قسـەکانیدا بە ئـامـاژە بە پێویسـتیی ئاگـاداربوونی کـۆمەڵگەی جیهـانی لەو دۆخەی لە وڵاتـدا ڕادەبـرێ، گـوتی: "ئێمە نیگەرانیـی خۆمـان لەبـارەی ئەگەری هێرشی دووبـارەی کۆمـاری ئیسلامی بـۆ سەر حیزبەکانی کوردستان و هەرێمی کوردسـتان بـۆ نەتەوە یەکگرتووەکـان دەربڕیـوە و وەک ڕێکـارێکی مرۆڤی داوای نـاوچەی دژە فڕینیشمان بۆ هەرێمی کوردستان بۆ پارێزراوبوونی لە دەستدرێژییەکانی کۆماری ئیسلامی کردووە".

پێویسـتیی پاراسـتن و بەرینکـردنەوەی هاوپەیمـانیی نێـوان نەتەوەکـان بـۆ ڕووخانـدنی کۆمـاری ئیسلامی تەوەرێکـی دیـکەی باسەکەی بەڕێز عەزیزی بوو. وتەبێژی حیزبی دێموکرات لەو بەشەدا پێـی لەسەر ئەو بـابەتە داگرت کە لەگەڵ زەروورەتـی هاوپەیمانی و یەکڕیزیی هێز و لایەنە سیاسییەکان، بەڵام ئێمە بە ڕوونی گوتوومانە هەتا پرسـی کـورد لە ئێران چارەسەر نەکرێت، پرسەکانی ئێرانیش چارەسەر نابن، پرسی کوردیش پرسی ئازادی و مـافی نەتەوایەتـی و بەرانبەری نەتەوەیەکە .

ڕۆڵی دیاسپۆرای کـورد و ئێرانـی لە وەرێخسـتنی شـەپۆلی هاوپێوەنـدی و لێکگرێـدانی خەبـاتی دەرەوە و نـاوەوەی ئێـران بـۆ ڕاکێشانی سەرنج و پاڵپشتیی بیروڕای جیهانی تەوەرێکی دیکەی باسەکەی بەڕێز عەزیـزی بـوو کە بەڕیزیـان ئەو هەوڵانەی بە تەواوی بەرز نرخاند و داوای کرد هەتا سەرکەوتنی ڕاپەڕین بەردەوام بن.

دوابەشی ئەو سمینارە چوار کـاتژمێرییە بـۆ پرسیار و وەڵام تەرخـان کرابـوو کە لەو بەشـەدا وتەبێـژی حیزبـی دێمـوکراتی کوردستانی ئێران وەڵامی سەرنج و پرسیاری کۆمەڵێک کەس لە بەشدارانی سیمینـارەکەی دایەوە.

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان میدیا – ڕێکەوتی: ٩ی خەزەڵوەری ٢٧٢٢

## وتەبێژی حدکا داوا لە ئامریکا دەکا سەرنجی زیاتر بدەن بە ئۆپۆزیسۆنی ئێرانی

خالید عەزیزی وتەبێژی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران لە سەردانێکدا بۆ ئامریکا داوای لە جەو بایدن سەرۆککۆماری ئامریکا کردووە گرینگیی زیاتر بە پرسی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان بدەن.

کاک خالید عەزیزی لە نێوان سەفەرەکەیدا بۆ ئامریکا و چاوپێکەوتنی لەگەڵ دامەزراوەی کورد لە واشینگتۆن وتی" بەداخەوە ئێمە هیچ جۆرە پێوەندییەکمان لەگەڵ دەوڵەتی بایدن نییە و دەبێ ئامریکاییەکان پێوەندییەکانیان لەگەڵ کوردی ئێرانی دەسپێبکەنەوە.

عەزیزی لەدرێژەی قسەکانیدا وتی" ئامریکا دەبێ جۆرێک پێوەندیی لەگەڵ خەڵکی ئێران هەبێ کە لە ڕێگەی حیزبە دژبەرەکانی ڕێژیمی ئێرانەوە بێ.

لەو وتووێژەدا کە لە هەواڵدەریی" ئەلمانیتۆر" بڵاو بووەتەوە خالید عەزیزی دەڵێ: حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران، یەکێک لە حیزبە ئۆپۆزیسیۆن و دژبەرەکانی کۆماری ئیسلامیی ئێرانە کە هەموو ئەندامەکان و ڕێبەری ئەو حیزبە لە باشووری کوردستان جێگیرن و بۆ دەستەبەرکردنی ئێرانێکی دێموکراتیک و فیدراڵ شۆڕش دەکەن و کۆماری ئیسلامیی ئێران حیزبی دێموکرات بەوە تۆمەتبار دەکا کە ئێستا لە نێوخۆی ڕۆژهەڵاتن و ڕێبەریی ئەو شۆڕشە دەکات.

لەدرێژەی قسەکانی کاک خالیددا هاتووە کە، سپای تێرۆریستی پاسدارانی ڕێژیمی ئێران تەنیا بەو بیانووەوە بە مووشەک هێرش دەکەنە سەر بنکەو بارەگاکانمان لە باشووری کوردستان.

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان میدیا – ڕێکەوتی: ١٢ی خەزەڵوەری ٢٧٢٢

## بۆ بەرفراوانترکردنی زیاتری خەبات دژ بە ڕێژیمی ئێران تێدەکۆشین




ڕۆژی چوارشەممە، ٩ی سەرماوەز شاندێکی ڕێبەریی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران بە سەرپەرستی خالید عەزیزی، وتەبێژی حیزب سەردانی پارتی کرێکاران و ڕەنجدەرانی کوردستانی لە شاری هەولێر کرد و لەلایەن باپیر کامەلا، سکرتێری پارتی کرێکاران و ڕەنجدەران و ئەندامانی مەکتەبی سیاسییەوە پێشوازیان لێ کرا.

لەم دیدارەدا شاندی خانەخوێ وێرای خۆشحاڵیی خۆیان لەو سەردانە، تیشکیان خستە سەر کۆمەڵێک بابەتی پەیوەندیدار بە ڕەوشی ئێستای هەرێمی کوردستان و ئاڵنگارییەکانی ناوچە. دواتر کاک خالید عەزیزی باسێکی گشتیگیری لەسەر سەرهەڵدانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان و ئێران و کاریگەرییەکانی لە ئاستی ناوچەیی و نێودەوڵەتیدا کرد. بەڕێزیان هەروەها تیشکی خستە سەر هەوڵەکانی حیزبی دێموکرات بۆ پێکهێنانی کۆدەنگیی لایەنە کوردستانی و ئێرانییەکان و گەیاندنی دەنگی ڕاپەرینی خەڵک بە کۆڕ و کۆمەڵە نێودەوڵەتییەکان و گشتگیرکردنی خەبات دژ بە ڕێژیمی ئێران.

لە میانەی دیدارەکەدا سەرکردایەتی پارتی کرێکاران و ڕەنجدەرانی کوردستان، ڕۆڵی حیزبی دێموکراتیان لە بزاڤی نەتەوەیی ڕۆژهەلاتی کوردستاندا بەرز و بەپرسانە نرخاند و پێداگرییان لە سەر بەردەوامی پێوەندی و هاوکاریی نێوانیان کردەوە.

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان میدیا – ڕێکەوتی: ١٠ی سەرماوەزی ٢٧٢٢

## ڕاپەڕین دژ بە دیکتاتۆری لە ئێران کۆمەڵێک دەرفەتی بۆ کورد و بزووتنەوە ڕەواکەی خوڵقاندووە



لە چاوپێکەوتنی نێوان حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران و پارتی دێموکراتی کوردستان لە سووریە، ڕاپەڕینی نوێی گەلانی ئێران دژ بە ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی و ڕۆڵ و پێگەی کورد لەم ڕاپەڕینەدا خرایە بەر باس.

ڕۆژی یەکشەممە، ڕێکەوتی ١٣ی سەرماوەزی ١٤٠١ی هەتاوی هەیئەتێکی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران بە سەرپەرەستیی خالید عەزیزی، وتەبێژی حیزب، سەردانی پارتی دێموکراتی کوردستانی سووریەی لە هەولێر کرد کە لە لایەن هەیئەتێکی ئەم حیزبەوە بە سەرەپەرستیی دوکتور عەبدولحەکیم بەشار، جێگری سەرۆکی ئێتلافی ئۆپۆزیسیۆنی سووریەوە پێشوازی لێ کرا.

لە سەرەتای ئەم دیدارەدا وتەبێژی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران، کاک خالید عەزیزی باسێکی سیاسیی لە مەڕ ڕاپەڕینی گەلانی ئێران دژ بە ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی ئێران، ڕۆڵ و پێگەی کورد لەم ڕاپەڕینە و سیاسەتی سەرکوتی ڕێژیم بەرانبەر بە داوازییەکانی خەڵکی ڕاپەڕیوی پێشکەش کرد. بەڕێزیان لە درێژەی قسەکانیدا تایبەتی پەرژایە سەر ئەو دەرفەت و مەجالە سیاسییانەی کە لەم ڕاپەڕینەدا بۆ کورد و بزووتنەوە رەواکەی ڕەخساوە و، یەکگرتوویی خەڵکی کوردستان و هێز و لایەنەکانی کوردی وەک زامنی چۆنیەتی کەڵک وەرگرتن لەم دەرفەتانە لە قەڵەم دا.

وتەبێژی حیزب لە بەشیکی دیکەی وتەکانی‌دا بە ئاماژەدان بە هێرشی مووشەکیی ڕێژیم بۆ سەر بنکە و بارەگاکانی حیزبی دێموکرات و لایەنەکانی دیکەی کوردستان و سەرکوتی سەختی خەڵکی ڕاپەڕیوی شارەکانی کوردستان، باسی لە سەر ئەو پیلان و سیاسەتانەی ڕێژیم کرد کە بە هەموو شێوەیەک پێوەیە لە ڕێگای سازکردنی شەڕ لە کوردستان و هێرش بۆ سەر حیزبەکان، بیروڕای گشتیی خەڵکی ئێران لەم کات و ساتەدا بەلاڕێدا بەرێت و، لاوازیی و داماویی خۆی بەرانبەر بە ئیرادەی جەماوەری ڕاپەریوی ئێران پووش بەسەر بکات.

لە بەشێکی دیکەی ئەم دیدارەدا هەیئەتی پارتی دێموکراتی کوردستان لە سووریە وێڕای تەئییدی سیاسەت و هەڵوێستەکانی حیزبی دێموکراتی کوردستان و ناوەندی هاوکاری بەرانبەر بە ڕاپەڕین لە ئێران، باسی لە بارودۆخی کورد لە ڕۆژاوای کوردستان و هێندێک پرسی تایبەت بە دۆخەکە کرد.

لە کۆتایی‌دا هەر دوو هەیئەتی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران و پارتی دێموکراتی کوردستان لە سووریە، پێوەندیی لە مێژینەی هەر دوو حیزب و درێژەدان بە دۆستایەتیی هەر دوولایان بەرز نرخاند.

**سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان میدیا – ڕێکەوتی: ١٣ی سەرماوەزی ٢٧٢٢**

## ڕۆڵ و کاریگەریی کوردستان لە سەر شۆڕشی ژینا، ڕوانگەی پێکهاتەکانی ئیرانی بەرانبەر بە کورد گۆڕیوە




وتەبێژی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران لە کۆڕی ژمارەیەک لە کەسایەتییە ئاکادمیک و سیاسییەکانی باشووری کوردستاندا، باسی لە ڕاپەڕینی نوێی گەلانی ئێران دژ بە کۆماری ئیسلامی کرد و گۆڕانکاری لە ڕوانگە و بۆچوونی پێکهاتە ئێتنیکییەکانی ئێرانی بەرانبەر بە کورد بە دەستکەوتێکی تا ئێستای ئەم ڕاپەڕینە لە قەڵەمدا.

پاشنیوەڕۆی سێشەممە، ڕێکەوتی ١٥ی سەرماوەزی ١٤٠١ی هەتاوی، لە لایەن ئەنستیتۆی توێژینەوە و گەشەپێدانی کوردستان بە سەرپەرەستیی بەڕێز سەرۆقادر، بە بەشداریی دەیان کەس لە کەسایەتیی سیاسی و ئاکادمیک، کۆبوونەوەیەک بۆ وتەبێژی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران، کاک خالید عەزیزی لە شاری هەولێر ڕێک خرا.

لە سەرەتای کۆبوونەوەکەدا بەڕێز سەرۆ قادر، بەرپرسی ئەنستیتۆی توێژینەوە و گەشەپێدان لە کوردستان وێرای بەخێرهاتنکردنی بەشدارانی کۆڕەکە، کۆبوونەوەی کردەوە.

لە کۆبوونەوەکەدا وتەبێژی حیزب لە سەر ڕاپەڕینی ژینا لە ئێران و کوردستان و لایەنە جۆراوجۆرەکانی پێوەندیدار بەم

ڕاپەڕینە ڕوانگە و هەڵوێستی حیزبی خستە بەر باس.

لە سەرەتای باسەکەیدا وتەبێژی حیزب باسی لە چۆنیەتی سەرهەڵدانی ئەم ڕاپەڕینە لە کوشتنی ژینا، هەڵوێستی خەڵکی کوردستان، هاتنە ئارای دروشمی ژن، ژیان، ئازادییەوە تا پەرەسەندنی بۆ سەرجەم شار و ناوچەکانی دیکەی ئێران کرد. لەم پێوەندییەدا بەڕێز عەزیزی باسی لە شوێنەوار و کاریگەریی ئەم ڕاپەڕینە لە سەر جۆری هەڵوێست و ڕوانگەی هێزو لایەنە ئێرانییەکان و پێکهاتە نەتەوەییەکانی وڵات بەرانبەر بە کورد لە کوردستانی ئێران کرد و پێی وابوو کە ئەمە جیا لەوەیکە دەسکەوتێکی گەورەیە، دەتوانێ دەرفەتێکی بەنرخیش بێت کە کۆمەڵگەی کوردستان و حیزبە سیاسییەکان بتوانن بە قازانجی پرسی کورد لە ئێران کەڵکی لێ وەربگرن.

لە درێژەی باسەکەیدا وتەبێژی حیزب وێڕای پەرژانە سەر ئامانجەکانی ڕاپەڕین، نێوەرۆکی دروشمەکانی شەقام، یەکگرتوویی خەڵک، ڕۆڵی کورد و پێکهاتە نەتەوەییەکانی دیکەی ئێران، ڕوانگە و بۆچوونی کۆڕوکۆمەڵی نێونەتەوەیی و وڵاتان، باسی لە سیاسەتی ئینکار و سەرکوتکاریی ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی ئێران بەرانبەر بە خەڵکی ڕاپەڕیو کرد و لەم پێوەندییەدا بە وردی ئاماژەی بە پیلانەکانی سپای پاسداران لە کوردستان و هێرش بۆ سەر بنکە و بارەگاکانی حیزبی دێموکرات و لایەنەکانی دیکەی کوردستان کرد.

بەڕێز عەزیزی لە پێوەندی لە گەڵ داهاتووی ڕاپەڕینی خەڵک دژ بە دیکتاتۆری لە ئێران، بەردەوامیی خەڵک بە شێوەی یەکگرتووانە و لە درێژەی ئەودا دروستبوونی ئاڵترناتیڤی بە زەروورەتی ڕاپەڕین زانی.

لە بەشی کۆتایی کۆڕەکەدا ژمارەیەکی بەرچاو لە بەشداران بە هێنانە بەرباسی ڕوانگە و بۆچوونەکانیان لە سەر ڕاپەڕین لە ئێران و پرسیار و تێبینییەکانیان لە سەر باسەکانی وتەبێژی حیزب، کۆڕەکەیان دەوڵەمەند کرد.

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان میدیا – ڕێکەوتی: ١٦ی سەرماوەزی ٢٧٢٢

## ئەو ڕاپەڕینە لووتکەی خەباتی گەلانی ئێران دژی ڕێژیمە

وتەبێژی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران سەبارەت بە ڕاپەڕینی گەلانی ئێران دژی دەسەڵات کە زیاتر لە سەد ڕۆژی بەسەردا تێپەڕیوە، وتی کە ئەو شۆڕشە کە لە ماوەی ٤٤ ساڵی ڕابردوودا بێ‌وێنە بووە، لووتکەی خەباتی گەلانی ئێرانە دژی کۆماری ئیسلامیی ئێران.

خالید عەزیزی، وتەبێژی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران، ڕۆژی سێشەممە ٦ی بەفرانباری ١٤٠١ی هەتاوی، لە چاوپێکەوتنێکی تێلێویزیۆنیدا لەگەڵ کوردکاناڵ، سەبارەت بە ڕاپەڕینی گەلانی ئێران دژی کۆماری ئیسلامیی ئێران کە زیاتر لە سەد ڕۆژە بەردەوامە وتی: "ئەو شۆڕشە کە لە ماوەی ٤٤ ساڵی ڕابردوودا بێ وێنە بووە، لووتکەی خەباتی گەلانی ئێران دژی کۆماری ئیسلامیی ئێران بووە."

وتەبێژی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران لە بەشێکی دیکە لە قسەکانیدا سەبارەت بە هەڵوێستی کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی لەهەمبەر ڕاپەڕینی سەرانسەریی گەلانی ئێران دژی کۆماری ئیسلامی وتی: "کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی گەیشتوونەتە ئەو باوەڕەی کە ئەوە گەلانی ئێرانن کە قسەی کۆتاییان هەیە بۆ ڕووخانی کۆماری ئیسلامیی ئێران، نە کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی."

خالید عەزیزی لە بەشێکی دیکەی قسەکانیدا سەبارەت بە کوردستان و دەور و نەخشی کورد لەو ڕاپەڕینەدا وتی: "نەتەوەی کورد لە ڕۆژهەڵات بۆ جێگیرکردنی دێموکراسی لە داهاتووی سیاسیی ئێراندا هیچکات هەڕەشە نەبووە، بەڵکوو دەرفەت بووە."

وتەبێژی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران لە کۆتاییدا باسێکی لەسەر دروستکردنی ئاڵترناتیڤێک وەکوو جێگرەوەی ڕێژیمی ئێران، گرینگی پەیوەستبوونی شارە گەورەکانی ئێران بەو ڕاپەڕینە و دەور و نەخشی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێرانی لەو ڕاپەڕینەدا کرد.

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان میدیا – ڕێکەوتی: ٧ی بەفرانباری ٢٧٢٢

## کوردستان دەرفەتێکە بۆ جێگیرکردنی دێموکراسی لە ئێران




خالید عەزیزی، وتەبێژی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران، لە وتووێژێکدا سەبارەت بە دەسەکەوتە سیاسییەکانی گەلانی ئێران بە تایبەتی ڕۆژهەڵاتی کوردستان لە ساڵی ٢٠٢٢ی زایینیدا، لەگەل کاناڵی ڕووداو وتی کە لە ساڵی ڕابردووی زایینیدا ڕاپەڕینی گشتیی گەلانی ئێران دژی دەسەڵات هاتە ئاراوە و کوردستان نەخشی سەرەکیی گێڕاوە.

ڕۆژی شەممە، ١٠ی بەفرانباری ١٤٠١ی هەتاوی، بەڕێز خالید عەزیزی، وتەبێژی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران لە وتووێژێکی تلویزیۆنیدا لەگەڵ کاناڵی ڕووداو سەبارەت بە دەسکەوتە سیاسییەکانی خەڵکی ڕۆژهەڵاتی کوردستان لە ساڵی ٢٠٢٢ و هەروەها کاریگەرییەکانی لە ساڵی ٢٠٢٣ی زاینیدا بە ئاماژە بەوەیکە لە ساڵی ٢٠٢٢ی زایینیدا ڕاپەڕینی گشتیی گەلانی ئێران دژی دەسەڵات هاتەئاراوە وتی: "ئەو ڕاپەڕینە لە ئێران بەگشتی و لە کوردستان بەتایبەتی یەکگرتوویی و یەکدەنگی دژی ڕێژیمی پێوە دیار بوو."

عەزیزی وتی کە بۆ یەکەمجار پاش هاتنەسەرکاری کۆماری ئیسلامیی ئێران هەموو نەتەوەکانی ئێران یەکدەنگ و یەکهەڵوێست و بە یەک دروشم ڕووبەڕووی هێزەکانی ڕێژیم بوونەوە و ئەوش بۆ کۆمەڵگەی جیهانی ڕوون بووەوە کە تەنیا کێشەی ئێران کێشەی بەرنامەی ناوکی و ڕێککەوتنی بەرجام نییە.

ناوبراو هەروەها وتی: "لەو ڕاپەڕینەدا کوردستان نەخشی سەرەکیی هەبووە و  بووەتە دەرفەتێک بۆ جێگیرکردنی دێموکراسی لە ئێران و بە خۆشحالییەوە ئێستا نەتەوەکانی دیکەی ئێران وەکوو پێشوو چاو لە کوردستان ناکەن."

خالید عەزیزی لە کۆتایی وتووێژەکەدا وتی: "گەلانی ئێران بە هەموو چین و توێژەکانەوە، تێچوویەکی زۆریان داوە، لە ئێستادا پێویستە و ئەرکە لەسەر شانی ئۆپۆزیسیۆنە ئێرانییەکان لە دەرەوەی وڵات کە بەرەیەکی یەکگرتوو پێک بێنن و ئاڵترناتیڤێک بۆ دوای کۆماری ئیسلامیی ئێران ببیننەوە."

ناوبراو هەروەها لەسەر مووشەکبارانی بنکە و بارەگاکانی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران لە ساڵی ٢٠٢٢ی زایینییدا لەلایەن ڕێژیمی ئێرانەوە وتی: "ڕێژیمی ئێران بە ئاشکرا سەروەریی خاکی وڵاتی عێراق پێشێل دەکا و ئەوە ئەرکی حکوومەتی ناوەندی و حکوومەتی هەرێمی کوردستانە کە پێش بە سەرەڕۆییەکانی ئەو ڕێژیمە بگرن و ئێمەش وەکوو حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران، بەردەوام هەوڵی پاراستنی سەروەریی خاکی هەرێمی کوردستان و عێراقمان داوە."

**سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان میدیا – ڕێکەوتی: ١١ی بەفرانباری ٢٧٢٢**

## لە مەسەلەی ئاڵترناتیڤ بۆ ڕێبەریکردنی ڕاپەڕین و ئیدارەی داهاتووی ئێراندا وەلانانی ئەحزاب، بەرهەمهێنانەوەی دیکتاتۆرییە




وتەبێژی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران لە وتووێژێکی تلویزیۆنیدا لەگەڵ کاناڵی "کلمە"، سەبارەت بە ڕاپەڕینی گەلانی ئێران دژ بە دیکتاتۆریی کۆماری ئیسلامیی ئێران وتی: "بە خۆشحاڵییەوە لە ئێستادا هەموو گەلانی ئێران بە دروشم و ئامانجی هاوبەش کە نەمانی کۆماری ئیسلامییە لە ڕاپەڕینی ژینادا بەشدارن."

خالید عەزیزی وتەبێژی حیزبی دێموکرات لە وتووێژێکدا لەگەڵ کاناڵی "کلمە" سەبارەت بە دوورەدیمەنی حیزبی دێموکرات لەسەر ڕاپەڕینی گەلانی ئێران بۆ ڕووخانی دەسەڵاتی ئاخوندی و دامەزرانی ئێرانێکی دێموکراتیک لە داهاتوودا وتی: "لەو ڕاپەڕینە گشتییەی گەلانی ئێران دژ بە دەسەڵات، سەرەڕای هەموو جۆرە سەرکوتێکی هێزەکانی ڕێژیم، بۆ یەکەمین جار لە مێژووی ٤٣ساڵەی دەسەڵاتداریی کۆماری ئیسلامیدا گەلانی ئێران بەبێ جیاوازی و یەکگرتووانە ڕووبەڕووی دەسەڵات دەبنەوە.

عەزیزی لە بەشێکی دیکە لە قسەکانیدا سەبارەت بە دەسکەوتەکانی ئەو ڕاپەڕینە مەزنە وتی: "کۆماری ئیسلامیی ئێران پێش لەو ڕاپەڕینە هەرکات لە کوردستان و بەلووچستان خۆپیشاندانێکی ناڕەزایەتی دەهاتە ئاراوە ئەو نەتەوانەی بە

جیاییخواز تاوانبار دەکرد و دەیگوت ئەوانە جیاییخوازن و دەستی دەرەکییان لە پشتە، بەڵام بەخۆشحاڵییەوە ئێستا ئەو ئیدیعایە مایەپووچ ماوەتەوە و گەلانی ئێران یەکدەنگ ڕووبەڕووی کۆماری ئیسلامی دەبنەوە."

کاک خالید لە بەشێکی دیکە لە قسەکانیدا تیشکی خستە سەر ڕۆڵی وڵاتانی جیهان لەهەمبەر ئەو ڕاپەڕینە گشتییە و وتی: "لە ئێستادا هەموو وڵاتانی جیهان، کۆماری ئیسلامی لەهەمبەر سەرکوت، کوشتن، بەندکرانی خەڵکی ناڕازیی ئێران مەحکووم دەکەن."

وتەبێژی حیزب، سەبارەت بە یەکگرتوویی هەموو چین وتوێژەکانی کوردستان بەتایبەتی مامۆستایانی ئایینی لە پشتیوانیکردن لە ڕاپەڕینی خەڵکی کوردستان وتی: "لە مێژووی ٧٨ ساڵەی دامەزرانی حیزبی دێموکراتدا بەردەوام مامۆستایانی ئایینی و کەسایەتییە ئایینییەکان لە ڕێبەری حیزب بوونیان هەبووە و لە بزووتنەوەی میللی-دێموکراتیکی کورددا بەردەوام دەور و نەخشی مامۆستایانی ئایینی دیار بووە و بە خۆشحاڵییەوە لەم ڕاپەڕینەشدا یەکگرتوویی و ڕۆڵی مامۆستایانی ئایینی بە مەبەستی پشتیوانی لە خەڵکی ڕاپەڕیوی کوردستان زۆر دیار و بەرچاوە.

وتەبێژی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران وتیشی: "لە ئێستادا هیچ جۆرە کەلێنێکی هزری و نەتەوەیی لە نێوان ژنان، پیاوان، مامۆستایانی ئایینی، قوتابییان، خوێندکاران و بەگشتی هەموو چین و توێژەکانی کوردستان نییە و داواکاریی هەمووشمان ڕوو بە دەسەڵات هاوبەشە و داوای ئازادی و دێموکراسی و هەروەها جیایی دین لە دەسەڵات دەکەین.

وتەبێژی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران لەسەر پێویستیی دروستکردنی ئاڵترناتیڤ، یان جێگرەوەیەک بۆ کۆماری ئیسلامی وتی: "ئێمە لەسەر ئەو باوەڕەین نابێ بە هیچ شێوەیەک ئیجازە بدرێ دەسەڵاتێکی دیکتاتۆری لە ئێران بێتەوە سەرکار، دەبێ ئەحزابی سیاسیی کورد و ئێرانی هەموو هەوڵێکی خۆیان وەگەڕ بخەن و هەوڵ بۆ دامەزرانی ئێرانێکی دێموکراتیکی فیدراڵ بدەن، ئێران وڵاتێکی فرەنەتەوەیە و لە داهاتوودا دەبێ هەموو نەتەوەکان خۆیان ببیننەوە .

نابراو هەروەها وتیشی بە خۆشحاڵییەوە حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران بە شێوەیەکی دێموکراتیک خۆی ڕێک خستووە و خۆی سازمان داوە و باوەڕی بە بڕیاری بەکۆمەڵ هەیە.

سەرکەوتن لە خۆڕێکخستن و یەکگرتووییدایە و بۆیە دەبێ هەموو سازمان و ڕێکخراوەکان یەکگرتووانە هەوڵی دروستکردنی ئاڵترناتیڤێک بدەن، هەموو ڕێکخراو وسازمانەکان و کەسایەتییەکانی دەرەوەی وڵاتیش، هونەرمەندان، وەرزشوانان و

کەسایەتییەکانی دیکە کە لە ئێستادا بوونەتە سیمای بەرچاوی ئەو ڕاپەڕینە، دەبێ هەوڵی خۆڕێکخستن و خۆگونجاندن لە بەرەیەکدا بدەن.

خالید عەزیزی لە کۆتایی قسەکانیدا سەبارەت بە وەڵامی ئەحزابی سیاسیی دیکە لە داهاتووی ئێراندا وتی: 'ئێمە بەپێی ئەو فەرهەنگە حیزبییە کە لە حیزبی دێموکراتدا جێگیر کراوە، ئەو مافەمان نییە کە هیچ حیزبێک وەلا بنێین و ئەو مافەش بە کەس نادەین نادیدەمان بگرێت. ئەوە خەڵکە لە داهاتوودا لە کەشێکی دێموکراتیکدا بڕیار دەدا کە چ حیزبێک بۆی هەیە ڕێی بکەوێتە پارلمان و لە پێکهێنانی دەسەڵاتدا بەشدار بێت.

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان میدیا – ڕێکەوتی: ١٦ی بەفرانباری ٢٧٢٢

## لە پارلمانی بریتانیا: پرۆژەی ئێرانی یەکنەتەوە شکستی هێناوە و ئێرانی نوێ لەسەر بنەمای فرەنەتەوەیی ساز دەبێتەوە




لە پارلمانی بریتانیا کۆبوونەوەیەک بۆ هەر یەک لە بەڕێزان "خالید عەزیزی" وتەبێژی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران و خاتوو "میری گلیندۆن" ئەندام پارلمانی بریتانیا سەبارەت بە ڕاپەڕینی گەلانی ئێران کە بە شۆڕشی ژینا ناسراوە، بەڕێوە چوو.

ڕۆژی سێشەممە ۲۷ی بەفرانباری ۱٤۰۱ی هەتاوی لە پارلمانی بریتانیا کۆبوونەوەیەک لەسەر خۆپیشاندانەکانی ئێران و کوردستان کە بە شۆڕشی ژینا ناسراوە بۆ کاک "خالید عەزیزی" وتەبێژی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران و خاتوو "میری گلیندون" ئەندام پارلمانی بریتانیا لەسەر لیستی پارتی کرێکاران پێک هات.

لە سەرەتای کۆبوونەوەکە "ڕزگار ئالانی" نوێنەری حیزبی دێموکرات لە بریتانیا وێڕای بەخێرهاتنی کاک "خالید عەزیزی" سپاسی "میری گلیندون"ی کرد بۆ ئەو میواندارییە و پاشان "گاری کینت" ئەندامی گرووپی "ئەی پی جی" تۆێژەر لە پرسی کورد چەند وتەیەکی لەسەر پرسی کورد پێشکەش کرد.

دواتـر "میـری گلینـدون" کـە ڕێکـخەری ئەم پـانیلە بـوو پـاش ئامـاژەدان بە سـەرهەڵدانەکانی ئەم دواییییـانەی ئێـران و دەورونەخشی سەرەکیی گەلی کورد بەتـایبەتی حیزبی دێموکرات لە ڕۆژهەڵاتـی کوردسـتان، لەم پێوەنـدییەدا داوای لە بەڕێـز "خالید عەزیزی" کرد کە شیکاری زیاتر لەو پێوەندییەدا بکات.

"

خالیـد عەزیـزی" باسـێکی تێروتەسـەلی لە پێوەنـدی لەگەڵ ڕووداوەکـانی ئەم دواییـانەی ئێـران و کوردسـتان و هەروا دەورونەخشی حیزبی دێموکرات بۆ لەیەک نزیک کردنەوەی هێزە ئازادیخوازە ئێرانییەکان پێشکەش کرد و داوای لە پارلمـانی بریتانیا و دەوڵەتی بریتانیا کرد کە هاوکار بن بۆ پێکهێنـان و هـاتنە سەر کـاری دەسەڵاتێکی دێموکرات و ئـازادیخواز لە ئێران.

"

عەزیـزی" لە بەشێکی دیکەی قسـەکانیدا وتـی: چیـدیکە ئێرانـی ئەمڕۆ ئێرانـی چەنـد دەیەی پـێش نییە و گەلانـی دیکەی ئێـرانیش ئەو گەلانەی ڕابـردوو نـین و هەمـوو ئورووپـا و کـۆمەڵگەی جیهـانی دەبـێ ئەوە بـزانن کە ئێـران وڵاتێکـی فـرە نەتەوەیە.

شایانی باسە کە زۆرێک لە کوردەکانی هەموو پارچەکـانی دیکەی کوردسـتان و هەمـوو نەتەوەکـانی دیکەی ئێـران، بەشداری ئەم کۆبوونەوەیە بوون.

**سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان میدیا – ڕێکەوتی: ٢٨ی بەفرانباری ٢٧٢٢**

## بەڕێوەچوونی سیمینارێکی تایبەت بە ٢ی ڕێبەندان بۆ خالید عەزیزی لە سویس



سیمینارێکی سیاسی بەبۆنەی ٢ی ڕێبەندان لە وڵاتی سویس، بۆ بەڕێز خالید عەزیزی، وتەبێژی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران بەڕێوە چوو.

ڕۆژی یەکشەممە ٢ی ڕێبەندانی ١٤٠١ی هەتاوی، بە بەشداریی نوێنەرانی هێز و لایەنە کوردستانی و ئێرانییەکان و ئەندامان و لایەنگرانی حیزبی دێموکرات و کوردانی دانیشتووی سویس، سیمینارێکی سیاسی بۆ بەڕێز خالید عەزیزی، بەڕێوە چوو.

سیمینارەکە بە سروودی نەتەوایەتی ئەی ڕەقیب و ساتێک بێدەنگی بۆ گیانی شەهیدانی کورد و کوردستان دەستی پێ کرد. دواتر بەڕێز زاهیر قادرحاجی، بەرپرسی کۆمیتەی حیزب لە وڵاتی سویس لە وتەیەکدا وێڕای بەخێرهاتنی کاک خالید عەزیزی و میوانانی سیمینارەکە و لایەنەکانی بەشدار، پەیامی کۆمیتەی حیزبی لەو وڵاتە پێشکەش کرد.

پاشان بەڕێز خالید عەزیزی، وتەکانی خۆی بە یادکردنەوەی کۆماری کوردستان دەست پێ کرد و باسی لە دامەزراندنی کۆماری کوردستان و هەروەها ئەزموونی ئەو کۆمارە کرد کە بە شێوەیەکی تۆکمە و بەرنامە بۆ دارێژراو، ٧٧ ساڵ لەمەوبەر لەلایەن حیزبی دێموکرات و شەخسی پێشەوا قازی محەممەد ڕاگەیەندرابوو و هەر لەژێر ڕووناکایی ئەو ئەزموونە کار دەکەن

بۆ ڕێکخستن و هاوکاری لەگەڵ دامەزراو و ڕێکخراوە کوردستانی و ئێرانییەکان بۆ درێژەدانی خەبات دژی کۆماری ئیسلامی، بەتایبەت دوای شۆڕشی نوێی گەلانی ئێران.

عەزیزی لە درێژەی وتەکانیدا وتی: پاش ڕووخانی ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی، دەبێ سیستمێکی دێسانتریالیزە جێگیر بکرێت و دەسەڵاتێک بنیاد بنرێتەوە کە هەموو نەتەوە و لایەنەکان بە بیر و بۆچوونی جیاواز بە مافەکانی خۆیان بگەن کە لە غەیری ئەوەدا هیچ سیستمێک خۆ ناگرێت و خەبات و تێکۆشانی ئێمە بەردەوام دەبێت تا دەستەبەرکردنی مافەکانی گەلی کورد. ئێمە نامانهەوێت بە کۆکردنەوەی دەسەڵات لە ناوەندا لە ئێرانی داهاتوو، مافی گەلی ئێمە پێشێل بکرێتەوە کە بە دڵنیاییەوە دیکتاتۆری بەرهەم دێنێتەوە.

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان میدیا – ڕێکەوتی: ٤ی ڕێبەندانی ٢٧٢٢

## دیدار لەگەڵ شاندێکی وڵاتی ئۆکراین لە واشنگتۆن



خالید عەزیزی، وتەبێژی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران و ڕەحیم ڕەشیدی، رۆژنامەوان و ئەندامی ئەنستیتۆی گوڵد بۆ کاروباری ستراتیژیی نێونەتەوەیی، لە واشنگتۆن لەگەڵ شاندێکی وڵاتی ئۆکراین کە لە بوارەکانی لابیکردن بۆ ئۆکراین، کۆکردنەوەی یارمەتی و پاکردنەوەی مین لە ئۆکراین چالاکن، کۆ بوونەوە.

سەرەتا شاندەکەی ئۆکراین خۆشحاڵیی خۆیان لەو دیدارە دەربڕی و سپاسی سۆز و پشتیوانیی کوردستانییان لە خۆڕاگریی خەڵکی ئۆکراین کرد، هەروەها ئاماژەیان بە سیاسەتەکانی ئێران لە بواری پەرپێدان بە تێرۆریزم و ناردنی فڕۆکەی بێفڕۆکەوان بۆ ڕووسیە لە دژی خەڵکی ئۆکراین، کرد.

خالید عەزیزی لەو کۆبوونەوەیەدا باسی لە پێویستیی پشتیوانیی خەڵکی هەر دوو وڵات لە یەکتر کرد و خۆڕاگریی ئۆکراینییەکانی بۆ بەرگری لە ماف و خاک و وڵاتەکەیان بەرز نرخاند و هیوای خواست بە سەرکەوتنی ئەوان خەڵکی ئێران و کوردستان بتوانن بە پشتیوانیی نێونەتەوەیی، بەسەر کۆماری ئیسلامیدا زاڵ بن.

لەو کۆبوونەوەیەدا دوو لایەن بۆ هاوکاریی بەردەوام و ئاڵوگۆڕی بیروڕا کۆمەڵێک پێشنیاریان تاوتوێ کرد.

ئەوە یەکەمین جارە شاندێکی خاوەن پێگەی دێموکرات و ڕۆژهەڵاتی کوردستان، بە فەرمی لەگەڵ ئۆکراینییەکان کۆ دەبێتەوە و بڕیار دەدەن پێکەوە دژی دیکتاتۆری و تێرۆریزم، کاری هاوبەش بکەن.

هەروەها شاندی ئۆکراینی بە فەرمی دەعوەتیان لە حیزبی دێموکرات کرد کە سەردانی ئۆکراین بکەن و وێڕای دیدار لەگەڵ بەرپرسانی وڵات، چاویان بە "زیلینیسکی"، سەرۆککۆماری ئەو وڵاتە بکەوێت.

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان میدیا – ڕێکەوتی: ١٤ی ڕێبەندانی ٢٧٢٢

## دیدار لەگەڵ "سام براونباک" لە واشنگتۆن



خالید عەزیزی وتەبێژی حیزبی دێموکرات و ڕەحیم ڕەشیدی، ڕۆژنامەوان و ئەندامی ئەنستیتۆتی گوڵد بۆ کاروباری ستراتیژیی نێونەتەوەیی، لە واشنگتۆن لەگەڵ "سام براونباک"، دامەزرێنەر و سەرۆکی لووتکەی نێونەتەوەیی ئازادیی ئایین، کۆ بوونەوە.

لەو دیدارەدا شاندەکە باسێکیان لەسەر دوایین هەلومەرجی کوردستان، ئێران و ناوچە هێنایە بەرباس. خالید عەزیزی هەروەها سەبارەت بە زێدەڕۆییەکانی کۆماری ئیسلامی لە ناوچەدا ڕوونکردنەوەی پێویستی پێشکەش بە سام براونباک کرد. وتەبێژی حیزب لە قسەکانیدا باسی لە هەوڵەکانی ئێران بۆ ناسەقامگیرکردنی عێراق و ناوچەکە کرد و لەم پێوەندییەدا داوای لە براونباک کرد کە توانا و دەسەڵاتی خۆی بەکار بێنێت تاکوو باشتر پێشلێکارییەکانی ئێران لە بواری مافی مرۆڤ بە گشتی و سەرکوتی خەڵکی کوردستان بە تایبەتی لە ئاستی نێونەتەوەییدا لەقاو بدرێت.

سەرۆکی لووتکەی نێونەتەوەیی ئازادیی ئایین وێڕای دەربڕینی خۆشحاڵیی خۆی لەو دیدارە، ڕایگەیاند کە پێیان خۆشە سەبارەت بەو بابەتانە لە پێوەندیدا بن و پێکەوە ئاڵوگۆڕی بیروڕا بکەن و هاوکات دۆخی مافی مرۆڤی لە ئێران بە کارەسات ناو برد و ئاماژەی بەوە کرد کە شۆڕشی ژینا دەرخەری ویستی ئاڵوگۆڕی بنچینەیی لە ئێرانە و پێویستە جیهان پشتیوانی لە خەباتی خەڵکی ئێران بۆ ئازادی و دادپەروەری بکات.

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان میدیا – ڕێکەوتی: ١٤ی ڕێبەندانی ٢٧٢٢

## وتەبێژی حیزبی دێموکرات و جان بۆڵتۆن، ڕاوێژکاری پێشووی ئاسایشی نەتەوەیی کۆشکی سپی کۆ بوونەوە



خالید عەزیزی، وتەبێژی حیزبی دێموکرات و ڕەحیم ڕەشیدی، ڕۆژنامەوان و ئەندامی ئەنستیتۆتی گوڵد بۆ کاروباری ستراتیژیی نێونەتەوەیی، لە واشنگتۆن لەگەڵ "جان بوڵتۆن"، ڕاوێژکاری پێشووی ئەنجوومەنی ئاسایشی نەتەوەیی ئەمریکا کۆ بوونەوە.

لەو دیدارەدا شاندەکە باسێکیان لەسەر دوایین هەلومەرجی کوردستان، ئێران و ناوچەکە هێنایە بەرباس و خالید عەزیزی، سەبارەت بە زێدەخوازییەکانی کۆماری ئیسلامی لە ناوچەکەدا ڕوونکردنەوەی پێویستی پێشکەش بە جان بوڵتۆن کرد.
وتەبێژی حیزبی دێموکرات لە قسەکانیدا وێڕای باسێکی هەمەلایەنە لەسەر پرسەکانی ناوچەکە، بە گشتی لەسەر شۆڕشی ژینا و هەلومەرجی نێوخۆیی ئێران پاش شۆڕشی ژینا قسەی کرد.

ناوبراو لە بەشێکی دیکەی قسەکانیدا، باسی لە هەوڵەکانی ئێران بۆ ناسەقامگیرکردنی ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست و مووشەکبارانی کەمپەکانی کوردانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان لە باشوور کرد. هەروەها داوا لە "جان بوڵتۆن کرا کە توانا و دەسەڵاتی خۆی بەکار بێنێت تاکوو باشتر ناوەڕۆکی شەڕئەنگێزانەی ئێران لەقاو بدرێت.

سەرۆکی دامەزراوەی ئەمریکا بۆ ئاسایش و ئازادی، وێڕای دەربڕینی خۆشحاڵیی خۆی لەو دیدارە، ڕایگەیاند کە پێیان خۆشە سەبارەت بەو بابەتانە لە پێوەندیدا بن و پێکەوە ئاڵوگۆڕی بیروڕا بکەن و هاوکات بە توندی ڕەخنەی لە لاوازیی سیاسەتەکانی ئەمریکا لەهەمبەر ئێران گرت و ئاماژەی بەوە کرد کە شۆڕشی ژینا دەرخەری ویستی ئاڵوگۆڕی بنچینەیی لە ئێرانە و پێویستە جیهان پشتیوانی لە خەباتی خەڵکی ئێران بۆ ئازادی و دادپەروەری بکات. هەروەها پێشنیاریشی کرد کە لایەنە جۆراوجۆرەکانی ئۆپۆزیسیۆنی ئێرانی پێکەوە هەوڵی پێکهێنانی هاوپەیمانیەتییەک بدەن.

لەو دانیشتنەدا دوو لایەن بڕیاریان دا لە داهاتوودا درێژە بە دیدار و چاوپێکەوتنەکانیان بدەن.

جان بوڵتۆن پێشتر نوێنەری ئەمریکا لە ڕێکخراوی نەتەوەیەکگرتوەکان و هەروەها ڕاوێژکاری ئەنجوومەنی ئاسایشی نەتەوەیی ئەمریکا لە کۆشکی سپی بوو و ئێستا سەرۆک و دامەزرێنەری دامەزراوەی ئەمریکا بۆ ئاسایش و ئازادییە.

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان میدیا – ڕێکەوتی: ١٥ی ڕێبەندانی ٢٧٢٢

## دیداری وتەبێژی حیزبی دێموکرات لە پەیمانگەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست



خالید عەزیزی، وتەبێژی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران، لەگەڵ ئارش سالح، نوێنەری پێوەندییەکانی حیزبی دێموکرات لە ئەمریکا، سەردانی ئەنستیتۆی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستیان کرد و لەگەڵ چەند لێکۆڵەری ئەو پەیمانگەیە ئاڵوگۆڕی بیروڕایان کرد.

خالید عەزیزی لە قسەکانیدا باسێکی هەمەلایەنەی لەسەر کوردستان، ئێران و ناوچە و جیهان هێنایە بەرباس و لەم پێوەندییەدا بە وردی دۆخی ئێرانی پاش شۆڕشی ژینای شی کردەوە.

وتەبێژی حیزبی دێموکرات لە قسەکانیدا پەرژایە سەر هەوڵەکانی کۆماری ئیسلامی بۆ تێکدانی یەکریزیی خەڵکی ئێران و ئەو پشتیوانییە مەعنەوییەی لە ناوچەکانی دیکەی ئێرانەوە بۆ کوردستان دێتە ئاراوە.

لە بەشێکی دیکەی ئەو دانیشتنەدا، وتەبێژی حیزب وڵامی پرسیاری لێکۆڵەرانی پەیمانگەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستی دایەوە.

**سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان میدیا – ڕێکەوتی: ١٦ی ڕێبەندانی ٢٧٢٢**

## دیداری وتەبێژی حیزبی دێموکرات لەگەڵ "واشنگتۆن تایمز" و "نیوزمەکس"



خالید عەزیزی، وتەبێژی حیزبی دێموکرات، لە درێژەی دیدار و چاوپێکەوتنەکانی لەگەڵ کەسایەتی، ڕێکخراو، بنکە و بونیادە جۆراجۆرەکانی ئەمریکا، لەگەڵ "واشنگتۆن تایمز" و "نیوز مەکس"، دوو ڕاگەیاندنی بەناوبانگی ئەمریکایی کۆ بووەوە.

وتەبێژی حیزب لە دەزگای مێدیایی نیوزمەکس، لەلایەن "جۆن گەزی" سەرۆکی تیمی ئەو ڕاگەیاندنە لە کۆشکی سپی، بە گەرمی پێشوازیی لێ کرا.

دواتر بڵاوکراوەکە وتووێژێکی ڕۆژنامەوانیی لەگەڵ خالید عەزیزی ئەنجام دا. وتەبێژی حیزب سەبارەت بە پێگە و کاریگەریی حیزبی دێموکرات لە ئێران و کوردستان و خواست و داواکانی بزووتنەوەی کورد لە ئێران قسەی بۆ نیوزمەکس کرد..
لەو چاوپێکەوتنەدا دوایین گۆڕانکاری و کاریگەرییەکانی شۆڕشی ژینا شی کرایەوە و لەم پێوەندییەدا وتەبێژی حیزب باسی لە کۆمەڵێک ڕێکار کرد کە ئەمریکا و ئورووپا دەتوانن لەو قۆناغەدا بۆ پشتیوانی لە خەباتی خەڵکی کوردستان و ئێران وەکوو ئامرازی کاریگەر و شوێندانەر کاری لەسەر بکەن.

لە درێژەی ئەو دیدارانەدا، وتەبێژی حیزب لەگەڵ "مایکڵ جەنکینس"، سەرۆکی بڵاوکراوەی بەناوبانگی "واشنگتۆن تایمز" کۆبووەوە و دوو لایەن پێکەوە ئاڵوگۆڕی بیروڕایان کرد و بۆ کاری هاوبەش لە بواری وشیارکردنەوەی خەڵکی ئەمریکا سەبارەت بە ئێران و ناوچەکە چەند پرس و پێشنیاریان تاوتوێ کرد.

لەم دیدارانەدا، ڕەحیم ڕەشیدی، ئەندامی ئەنستیتۆتی گوڵد بۆ ستراتیژی نێونەتەوەیی، هاوڕێیەتیی وتەبێژی حیزبی کرد.

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان میدیا – ڕێکەوتی: ١٦ی ڕێبەندانی ٢٧٢٢

## بەبێ لەبەرچاوگرتنی ڕاستییەکانی کۆمەڵگەی ئێران،هیچ ئاڵترناتیڤێک ناتوانێت سەرکەوتوو بێت



ڕۆژی ڕابردوو کۆنفڕانسێک لەژێر ناوی "بەهێزکردنی شۆڕشی ئێران لەم بارودۆخەدا" بە دەسپێشخەری ئەنجومەنی کۆماریخوازانی ئێران لە واشنگتۆن و بە بەشداریی خالید عەزیزی، وتەبێژی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران بەڕێوە چوو.

ڕۆژی یەکشەممە ١٦ی ڕێبەندانی ١٤٠١ی هەتاوی، کۆنفڕانسێک لەژێر ناوی "بەهێزکردنی شۆڕشی ئێران لەم بارودۆخەدا" لە هۆڵی کۆلێژی "نوادێر ئەلێکساندرا" لە هەرێمی واشنگتۆن بەڕێوە چوو و خالید عەزیزی لەو کۆنفڕانسەدا ڕایگەیاند: بەبێ لەبەرچاوگرتنی ڕاستییەکانی کۆمەڵگەی ئێران، هیچ ئاڵترناتیڤێک ناتوانێت سەرکەوتوو بێت.

وتەبێژی حیزبی دێموکرات پاش پێداگریکردن لەسەر سیاسەتە دروستەکانی حیزبی دێموکرات لە شۆڕشی ژینادا باسی لەوە کرد: لە ئێستادا بۆشاییەکی ڕێبەریکردنی خەڵک لە ئێران لە ئارادایە، بۆیە دەبێ بە لەبەرچاوگرتنی فەرەنەتەوەیی ئێران، ڕێبەرایەتییەک پێک بێت کە هەم لە دەرەوەی وڵات بەڕێزەوە چاوی لێ بکرێت و وەربگیردرێت و هەم هیوا و ئومێد بدات بە گەلانی ڕاپەڕیوی ئێران.

خالید عەزیزی لە درێژەی قسەکانیدا لەسەر فرەنەتەوەبوونی ئێران پێداگریی کردەوە و وتی: ئێمە بۆ دانیشتن و دیالۆگ لەگەڵ هەر حیزب و ئۆپۆزیسیۆنێکی ئێرانیی دژبەری کۆماری ئیسلامیی ئێران هیچ جۆرە هێڵێکی سوورمان نییە و بۆ چوونە نێو هەر هاوپەیمانیەتییەک بەرنامەی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران زۆر ڕوون و ئاشکرایە.

ناوبراو لە کۆتایی قسەکانیدا وتیشی: ئەوەی کە بۆ حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران زۆر گرینگە، دابینکردنی ماف و ئازادییەکانی گەلی کوردە لە ئێران و ئێمە پێشوازی لە هەر هەنگاوێک لە ڕاستای یەکگرتوویی و دەستەبەرکردنی مافی نەتەوەکانی دیکەی ئێران دەکەین.

بەشداربووانی ئەو کۆنفرانسە بریتی بوون لە هەریەک لە بەڕێزان "خالید عەزیزی، حەسەن شەریعەتمەداری، شوکریا برادۆست، مەهدی عەرەبشاهی، فەرزانە بەزرپوور، شەهریار ئاهی و عەلی ئەفشاری".

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان میدیا – ڕێکەوتی: ١٧ی ڕێبەندانی ٢٧٢٢

## ئێرانی داهاتوو بەبێ بەشداریی نەتەوەکانی دیکە لە دەسەڵاتدا، دێموکراسی و ئازادی بەخۆوە نابینێت



ڕۆژی شەممە ١٥ی ڕێبەندانی ١٤٠١ی هەتاوی، کۆبوونەوەیەکی تەشکیلاتی بۆ ئەندامان و لایەنگرانی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران لە وڵاتی ئەمریکا، بە بەشداریی کاک خالید عەزیزی، وتەبێژی حیزبی دێموکرات بەڕێوە چوو.

کاک خالید عەزیزی، باسێکی پڕنێوەڕۆکی لەسەر پرۆسەی تێکەڵبوونەوەی حیزبی دێموکرات و کاریگەریی ئەو یەکگرتنەوەیە پێشکەش کرد و داوای لە هەموو ئەندامانی حیزب لە دەرەوەی وڵات کرد کە وەکوو خەڵکی نێوخۆ بۆ پتەوکردنی ڕیزەکانی حیزب و گەیشتن بە ئامانجەکانمان، تێبکۆشن.

وتەبێژی حیزب لە درێژەی قسەکانیدا باسی لە زەرەر و زیانەکانی دابڕان و ناتەبایی لەنێوان حیزبی دێموکراتدا کرد و هیوای خواست کە بە هۆشیاری و زیرەکیی ئەندامانی حیزب لە ناوخۆ و دەرەوەی وڵات، چیتر حیزب تووشی لێکدابڕان نەبێتەوە.

ناوبراو لەسەر بارودۆخی کوردستان و ئێران، پاش شۆڕشی ژینا وتی: حیزبی دێموکرات لە دەستپێکی ئەو شۆڕشەوە بە هەستکردن بە بەرپرسایەتی، بڕیارێکی دروستی داوە و بە هەموو هێز و توانایەوە بۆ دابینکردنی یەکسانی و ئازادی درێژە

بە خەبات دەدات و مووشکباران و تێرۆر هیچکات نەیتوانیوە حیزبی دێموکرات بەچۆکدا بێنێت.

کاک خالید لە کۆتایی قسەکانیدا، لەسەر پێکهێنانی ئالٹترناتیڤێکی هەمەڕەنگ، پێکهاتوو لە هەموو نەتەوەکانی ئێران بۆ جێگرەوەی کۆماری ئیسلامیی ئێران، جەختی کردەوە و وتی: ئێرانی داهاتوو بەبێ بەشداریی نەتەوەکانی دیکە لە دەسەڵاتدا، دێموکراسی و ئازادی بەخۆوە نابینێت.

**سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان میدیا – ڕێکەوتی: ١٨ی ڕێبەندانی ٢٧٢٢**

## دیداری وتەبێژی حیزبی دێموکرات لەگەڵ دوو دامەزراوەی گرینگی ئەمریکایی




کاک خالید عەزیزی، وتەبێژی حیزبی دێموکرات، لە درێژەی دیدار و چاوپێکەوتنەکانی لەگەڵ کەسایەتی، ڕێکخراو، بنکە و بونیادە جۆراجۆرەکانی ئەمریکا، لەگەڵ دوو دامەزراوەی گرینگی ئەمریکایی کۆ بووەوە.

ڕۆژی چوارشەممە ١٩ی ڕێبەندانی ١٤٠١ی هەتاوی، لە ناوەندی هێرەتێجی واشنگتۆن، "نیکۆڵ ڕوبینسۆن"، لێکۆڵەری پلەبەرزی لێکۆڵینەوە لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست سەر بە پەیمانگای "دەیڤس" بۆ ئاسایشی نەتەوەیی و سیاسەتی دەرەوە، بە گەرمی پێشوازیی لە کاک خالید عەزیزی، وتەبێژی حیزبی دێموکرات کرد.

لەو دیدارەدا وتەبێژی حیزبی دێموکرات سەبارەت بە پێگە و کاریگەریی حیزبی دێموکرات لە ئێران و کوردستان و خواست و داواکانی بزووتنەوەی کورد لە ئێران قسەی کرد و لەو بارەوە بە وردی بەرنامە و ڕوانگەکانی بزووتنەوەی کوردی لە ئێران شی کردەوە و باسی لە پێگەی ئۆپۆزیسیۆنی ئێرانی کرد کە دەبێ بۆ پێکهێنانی هاوپەیمانیەتییەکی فرەڕەنگ و فرەدەنگ کە ڕەنگدانەوەی خواستی گەلانی ئێران بێت، چالاکتر کار بکەن.

کاک خالید عەزیزی لەبارەی ڕوانگەی وڵاتانی ڕۆژاوایی بە گشتی و ئەمریکا بە تایبەتی سەبارەت بە ئێران، کۆمەڵێک

پرس و بابەتی هێنایە بەرباس و داوای لە ناوەندی هێرەتێج کرد کە لەو بارەوە هەوڵ بدەن ڕوونکردنەوەی باشتر بە ناوەندەکانی دەسەڵات لە واشنگتۆن بدەن و دڵنیای کردنەوە ڕووخانی کۆماری ئیسلامی بە قازانجی سەقامگیری و تەناهی لە کۆی ناوچەکە و جیهانیشە.

"

نیکۆڵ ڕۆبینسۆن" خۆشحاڵیی خۆی لەو دیدارە دەربڕی و هیوای خواست لە داهاتوودا کۆبوونەوەیەکی بەرین بۆ باسکردن لەسەر ئێران و کوردستان پێک بێنن.

هەر لە درێژەی ئەو دیدارانەدا وتەبێژی حیزب لەگەڵ "براد داکوس" سەرۆکی "زەریای هێمن" بۆ دادپەروەری، کۆ بووەوە. لە دیدارەکەدا دوو لایەن پرسەکانی گرێدراو بە کوردستان و ئێرانیان شی کردەوە، هەروەها بڕیار درا کە لە ئاستێکی بەرینتردا دوو لایەن درێژە بە دیدار و ئاڵوگۆڕی بیروڕا بدەن.

لەم دیدارانەدا، ڕەحیم ڕەشیدی، ئەندامی ئەنستیتۆتی گوڵد بۆ ستراتیژیی نێونەتەوەیی، هاوڕێیەتیی وتەبێژی حیزبی کرد.

**سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان میدیا – ڕێکەوتی: ٢٠ی ڕێبەندانی ٢٧٢٢**

---

## دیداری وتەبێژی حیزبی دێموکرات لەگەڵ دوو کەسایەتیی نێودەوڵەتی




کاک خالید عەزیزی، وتەبێژی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران، لە درێژەی دیدار و چاوپێکەوتنەکانی لەگەڵ کەسایەتی، ڕێکخراو، بنکە و بونیادە جۆراجۆرە جیهانییەکان، لە واشنگتۆن لەگەڵ دوو کەسایەتیی نێودەوڵەتی کۆ بووەوە. وتەبێژی حیزبی دێموکرات، لەگەڵ خاتوو "فیۆنا بروس"، پارلمانتاری پێشووی بریتانیا و نێردەی تایبەتی سەرۆکوەزیرانی ئەو وڵاتە بۆ ئازادیی باوەڕ و ئایین و پارێزەری مافەکانی مرۆڤ و هەروەها لەگەڵ "جان فیگەڵ"، نوێنەری پێشووی یەکیەتیی ئورووپا بۆ ئازادیی باوەڕ و ئایین و ئەندامی کۆمیساری یەکیەتیی ئورووپا بۆ پەروەردە، ڕاهێنان، ڕۆشنبیری و لاوان، کۆ بووەوە.

کاک "خالید عەزیزی" لەو دیدارانەدا سەبارەت بە پرسەکانی مافی مرۆڤ و پێشێلکردنی ئازادیی نەتەوە ژێر ستەمەکان لە ئێران دوا و لەبارەی ڕێژەی زۆری بەندکراوانی سیاسی و ئایینیی کورد و مەترسیی ئێعدامکردنی بەشێکیان لەلایەن دەسەڵاتدارانی تارانەوە زانیاریی بەو دوو کەسایەتییە نێودەوڵەتییە پێشکەش کرد.

ناوبراو داوای لەو دوو کەسایەتییە نێودەوڵەتییە کرد کە بە هاوکارییە هاوبەشەکانیان لە جیهان بە گشتی و لە یەکیەتیی ئورووپا بە تایبەتی، گوشاری هەمەلایەنە بخەنە سەر ڕێژیمی ئێران، تاکوو دەست لەو پێشێلکارییانە هەڵبگرێت.

لە بەشێکی دیکەی ئەو دیدارانەدا پرسی پەنابەران و مەترسیی بەردەوامی هێرشەکانی تاران بۆ سەر کوردستان و پێویستیی ڕێگریکردن لەو هێرشانە باسیان لێ کرا.

دوو لایەن وێڕای دەربڕینی خۆشحاڵیی خۆیان بۆ ئەو دیدارانە، باسیان لە بەرپرسایەتی و ئەزموونەکانی خۆیان لەو بوارانەدا کرد و وتیان، ئەو باسانە جێگای بایەخی ئەوانن و خوازیار بوون ئەو دیدار و چاوپێکەوتنانە بەردەوام بێت.
لەم دیدارانەدا، ڕەحیم ڕەشیدی، ئەندامی ئەنستیتۆتی گوڵد بۆ ستراتیژیی نێونەتەوەیی، هاوڕێیەتیی وتەبێژی حیزبی کرد.

**سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان میدیا – ڕێکەوتی: ٢٢ی ڕێبەندانی ٢٧٢٢**

---

## دەبێ هەوڵ بدرێت ڕێژیمی ئێران لە ناوەندەکانی مافی مرۆڤ و نەتەوە یەکگرتووەکان دەر بکرێت



کاک خالید عەزیزی، وتەبێژی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران، لە درێژەی دیدار و چاوپێکەوتنەکانی لەگەڵ کەسایەتی، ڕێکخراو، بنکە و بونیادە جۆراجۆرە جیهانییەکان، لە واشنگتۆن لەگەڵ دوو دامەزراوەی ئەمریکایی کۆ بووەوە.
وتەبێژی حیزبی دێموکرات، لەگەڵ دوکتور "کاترینا لانتۆس سویت"، سەرۆکی دامەزراوەی لانتۆس بۆ مافەکانی مرۆڤ و دادپەروەری و هەروەها لەگەڵ دوکتور "کریستین سیکوێنزیا"، هاوسەرۆکی هەڵمەتی مێزی دەورەیی لووتکەی ئازادیی ئایین بۆ نەهێشتنی یاساکانی پێشێلکردنی مافی مرۆڤ، کۆ بووەوە.

کاک خالید عەزیزی لەو دیدارانەدا سەبارەت بە پرسەکانی مافی مرۆڤ و پێشێلکردنی مافی نەتەوەکانی ژێر ستەم لە ئێران قسەی کرد و لەبارەی ڕێژەی زۆری بەندکراوانی سیاسی و ئایینیی کورد و مەترسیی لەسێدارەدانی بەشێکیان لەلایەن دەسەڵاتدارانی تارانەوە، زانیاریی پێشکەش کرد.

وتەبێژی حیزب داوای لەو دوو کەسایەتییە کرد کە لە ڕێگای بڵاوکردنەوەی ڕاپۆرت و قسەکردن لەگەڵ ناوەندەکانی مافی مرۆڤ لە ئاستی جیهان، گوشاری هەمەلایەنە بخەنە سەر ڕێژیمی ئێران تاکوو دەست لەو پێشێلکارییانە هەڵبگرێت و هەوڵ بدرێت ڕێژیمی ئێران لە ناوەندەکانی مافی مرۆڤ و نەتەوە یەکگرتووەکان دەر بکرێت.

لە بەشێکی دیکەی ئەو دیدارانەدا پرسی پەنابەران و مەترسیی بەردەوامی هێرشەکانی تاران بۆ سەر کوردستان و پێویستیی پێشگرتن بەو هێرشانە قسەیان لەسەر کرا.

دوو لایەن سەبارەت بە هەنگاونان بۆ کۆمەڵێک پرۆژە و کاری هاوبەش لە ئاستی ئەمریکا و جیهان، گرێدراو بە پرسەکانی مافی مرۆڤ لە ئێران و کوردستان، ئاڵوگۆڕی بیروڕایان کرد.

لەم دیدارانەدا، ڕەحیم ڕەشیدی، ئەندامی ئەنستیتۆتی گوڵد بۆ ستراتیژیی نێونەتەوەیی، هاوڕێیەتیی وتەبێژی حیزبی کرد.

**سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان میدیا – ڕێکەوتی: ٢٣ی ڕێبەندانی ٢٧٢٢**

---

## نیگەرانی لە تەواوەتیی ئەرزی بە هاوبەشیی نەتەوەکان و دابەشکردنی دەسەڵات دەڕەوێتەوە، نەک تەواوەتیخوازی



زۆر خۆشحاڵم دەرفەتێک پێک هاتووە بۆوەی بتوانین تێیدا باس لە ئۆلگووی شوێندانەری ڕێبەری چ لە قۆناغی خەبات بۆ تێپەڕین لە کۆماری ئیسلامی و، چ لە قۆناغی ئیدارەدانی وڵاتدا بکەین.

بۆ هەمووان ئاشکرایە کە دوای ڕاپەڕینەکەی ئەمدواییە لە ئێران کە ماوەی ٥ مانگە وەڕێ کەوتووە، هەموو سەرنجەکان لەسەر پرسەکانی ئەم وڵاتەیە. خەباتی گەلانی ئێران دژی کۆماری ئیسلامی لە ماوەی ٤٣ ساڵی ڕابردوودا هەوراز و نشێوی زۆری بڕیوە. بەڵام ئەو ڕاپەڕینەی ئێستا لە بەردەوامیی خۆیدا دەرفەتگەلێکی باشی خوڵقاندووە و ئێستا لە فازی دووهەمدا ئەو پرسیارە بۆڵد دەبێت کە ئاخۆ ئێمە دەتوانین ئاڵترناتیڤێک لەدژی کۆماری ئیسلامی پێکبێنین؟ هەر ئەوەندە کە خەڵک لە ڕێژیم ڕاپەڕیون و لەسەر شەقام دروشمیان لەدژی بەرز کردووەتەوە، ڕێژیمی سیاسیی ئێستای پێ دەڕووخێت؟ سروشتییە نیزامێکی سیاسی کاتێک تووشی بەرگژەی توند دەبێت کە ئاڵترناتیڤێکی بۆ دروست بووبێت.

لە ئێستادا هەموو نەتەوە و پێکهاتەکانی ئێران لەسەر ئەوە کۆکن کە ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی دەبێ بڕوا و نەمێنێت، بەڵام ئەدی نیزامی سیاسیی داهاتوو دەبێ لەسەر چ بنەمایەک چێ بکرێتەوە؟ ڕاستە کە مۆدێل و شێوەی بەڕێوەبردنی وڵات لە

دنیادا زۆرە، بەڵام مۆدێلی دەسەڵات لە ئێرانی داهاتوو دەبێ تابعێک لە هەلومەرج و واقعی کۆمەڵگەی ئێران بێت. مخابن کە خەڵکی ئێران و بەگشتی ڕۆژهەڵاتی کوردستان ئەزموونێکی ئەوتۆیان لە دێموکراسی نییە. ئەساسەن جێکەوتنی دێموکراسی لە وڵاتێک کولتووری خۆی دەوێ و کات و زەمەنی زۆر دەبات، بۆ نموونە ڕێنێسانێک کە لە ئیتالیا دەستی پێ کرد، دەیان ساڵی خایاند هەتا وەک مۆدێلێکی سیاسیی دێموکراتیک لەو وڵاتەدا سەقامگیر بوو. لەم ڕووەوە چارەسەر بۆ ئێرانێک کە دێموکراسیی تاقی نەکردۆتەوە، لەوانەیە ئاڵۆز و هەستیار بێت، بەڵام کارێک نییە کردەنی نەبێت.

ئەوەندەی بۆ پرسی کورد و بۆ کوردستن دەگەڕێتەوە، سروشتییە کە ئێمە هیچکات بەنیسبەت ئیدارەی سیاسیی داهاتووی ئێرانەوە بێتەفاوەت نەبووین و لەو پێوەندییەدا سیاسەتی پاسیڤمان نەبووە. ئێمە پاشخانێکی دەوڵەمەندمان لە وێژمانی حیزبی دێموکرات و ڕوانگەکانی د. عەبدوڵڕەحمان قاسملوو هەم لە مەیدانی خەبات، هەم لە بەستێنی وتووێژ و دانوستان و هەم لە بواری یارمەتیدان بە یەکیەتی و یەکڕیزیی حیزب و ڕێکخراوە کوردستانی و ئێرانییەکان لەدژی کۆماری ئیسلامی هەیە. بزووتنەوەی سیاسیی کورد پاشخان و کولتوورێکی دەوڵەمەندی لە خەباتی سیاسیدا هەیە، هەر ئەوەش کە دوای کوژرانی ژینای کچەکورد لە تاران چەخماغەی ئەم شۆڕشەی ئێستا لە کوردستان لێ درا و دروشمەکانی شۆڕش لە کوردستانەوە بە هەموو ئیراندا بڵاو بوونەوە و لە شوێنە سیاسی و گشتییەکانی دنیادا گوترانەوە، ئەوە پێمان دەڵێ کە ڕوانگەکانی کورد بۆ داهاتووی ئێران و پرسی کورد دەتوانن دەرفەت بێ، نەک بەوجۆرەی کۆماری ئیسلامی و بەشێک لە ئۆپۆزیسیۆنی ئەم ڕێژیمەش بە هەڕەشەی دادەنێن.

هەرکات باس لە ئێران و داهاتووی ئێران دەکرێ، چەمکگەلێکی وەک "تەواوەتیی ئەرزی و "تەجزیە" دێنە بەرباس کە دیارە بەرهەمی نەناسینی ئێران و فامنەکردنی پرسی نەتەوایەتی و داننەنان بە پرسی فرەییە لەو وڵاتەدا. بێگومان بێتوو لایەنەکان باوەڕیان بە دێموکراسی و بنەما و ڕێوشوێنەکانی مافی مرۆڤ و بنەڕەتی هاوبەشیی هەمووان هەبێت، ئەوکات ئیدی ئەو چەمکگەلی تەجزییە و تەواوەتی خاکە مانایەکیان نابێت. هەر لە ماوەی شۆڕشی ئەمدواییانەدا دەبینین زۆر لەو کۆسپانە لە نێوخۆی کۆمەڵگەدا هەڵگیراون و هەر باسیان نییە، بۆ نموونە لە تاران و تەورێز و ئیسفەهاندا بۆ داکۆکی لە کوردستان دروشم دەدرێ و لە کوردستانیش باس لە یەکیەتی، هاوکاری، هاوئاهەنگی و هاوپێوەندی نێوان هەموو جۆراوجۆرییەکان لەدژی ڕێژیم دەکرێت؛ کەچی "تەواوەتیی خاک" و "تەجزییە" لەسەر زمانی هەندێک لە لایەنە سیاسی و فکرییەکان بەتایبەت لە دەرەوەی وڵات دێنە بەرباس. بەواتایەکی دی ئەو بابەتانە لە نێوخۆی ئێران و کوردستان و شێوەی مامەڵەی خەڵک لەگەڵ ئەو پرسە تەواو جیاوازە لە چاو دنیای دەرەوە، لە حاڵێکدا لە نێوخۆ کۆماری ئیسلامییەک هەیە بە حوکمکردنی ڕەهای سپای پاسداران و هەموو بەرنامەکانی سەرکوتکردنی ویست و مافەکانی خەڵک لە ژوورە فکرییەکانی

ناوەندە ئەمنیەتییەکانی ڕێژیمدا گەڵاڵە دەکرێن، خەڵکیش کە لەگەڵ واقعەکان بەرەوڕوون، خۆیان بەو پەراوێزانەوە کە لەلایەن سایبرییەکانی ڕێژیمەوە پەرەی پێ دەدرێت سەرقاڵ ناکەن.

بابەتێکی دیکەی ڕۆژەڤی سیاسی لە دۆخی ئێستادا پرسی ئاڵترناتیڤ و ڕێبەریکردنی شۆڕشەکەیە. ئێمە لە حیزبی دێموکراتدا ڕێزمان هەیە بۆ هەوڵ و خەبات و تێکۆشانی هەموو کەسایەتی، هونەرمەند، وەرزشکار و هەموو ئەو سێلبریتییانەش کە دەیانەوێ لە خەبات دژی کۆماری ئیسلامیدا هاوبەش و بەشدار بن، بەڵام تاکەکان ناتوانن خەبات ڕێبەری بکەن و وڵات ئیدارە بدەن؛ ئەوە ئەرکی حیزب و ڕێکخراوە و هاوپەیمانییە سیاسییەکانە. لە وڵاتێکی وەک ئەمریکادا میلیاردێرێکی وەک ترامپ بۆ ئەوەی بگاتە دەسەڵاتی سیاسی دەبێتە ئەندامی حیزبی کۆماریخواز، چونکی حیزبی سیاسی بەرپرسایەتیی هەڵوێستەکانی هەڵدەگرێ و دەبێ وەڵامدەر بێت. لەو بزووتنەوەیەدا نابێ ئێمە ببینە هۆی پرشوبڵاوی و تاکگەرایی. هەر ئەوەش وایکردووە کە هەتا ئێستا ئۆپۆزیسیۆنێکی بەهێز لەدژی ڕێژیم دروست نەبووە.

لە بابەت ئاڵترناتیڤیشدا، گوتومانە و پێ لەسەر ئەو ئەسڵە دادەگرینەوە کە هیچ ئاڵترناتیڤ و بەدیلێک لە دەرەوەی وڵات سەرکەوتوو نابێت بێتوو دان بە واقع و ڕاستییەکانی نێوخۆی وڵاتدا نەنێت و دروشم و بەرنامەکانی بە سەرنجدان بە دۆخی ڕاستەقینەی وڵات گەڵاڵە نەکرابێت. ئێمە لە حیزبی دێموکراتدا پاشخانێکی دەوڵەمەندمان لە خەبات و تێکۆشان دژی دوو ڕێژیمی ناوەندگەرا لە تاران بووە. قوربانیی زۆرمان لەو خەباتەدا داوە، قۆناغی زۆر و جۆراوجۆرمان بڕیوە، ڕێبەرانمان زیندانی و ئێعدام و لە نێوخۆ و دەرەوەی وڵات تێرۆر کراون، لەو چەند ساڵەدا چەندین جار هێرشی مووشەکیمان کراوەتە سەر، بەڵام حیزبەکەمان توانیویەتی بەرگەی ئەو دۆخە بگرێت، درێژە بە خەباتی خۆی بدات و دەبینین کە ڕۆژانە کچ و کوڕی وڵاتەکەمان دێنە نێو ڕیزی حیزبەوە، بۆیە ئێمە دەبێ هاندەری ئایدیای ڕێکخراوەیی و کاری بەڕێکخراو لەنێو ئۆپۆزیسیۆندا بین و نابێت بیر لە حیزبسڕینەوە بکەین. ڕێبەریی ڕاپەڕینەکەش دەبێ لە دڵی هاوپەیمانییە سیاسییەکانەوە و بە پێی قورسایی هێزەکان دروست بێت.

حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران لە ڕەوتی وتووێژ و دانوستان بۆ هاوبەشی لە هەر هاوپەیمانییەکی سیاسیدا هێڵی سووری نییە و گوێ بۆ هەمووان ڕادەگرین، ئەوانە هێڵی سووریان هەیە کە ناوەندگەران و ئەزموونی دێموکراسییان نییە، چونکی داکۆکی لە ناوەندگەراییە کە هێڵی سوور بە سەر ئەم و ئەودا دێنێ، وەک ئەوەی لە کۆماری ئیسلامیدا دەیبینین. بۆیە ئەو کولتووری حەزف و سڕینەوە زەبرێکی زۆر لە ڕێبەریکردنی شۆڕش و بنیاتنانەوەی داهاتووی وڵات دەدات.

ئێمە لەسەر ئەو باوەڕەین بزووتنەوەی سەرانسەریی یەکلاکەرەوەی چارەنووسی کۆماری ئیسلامی دەبێ بە هاوبەشی هەموو

جۆراوجۆرییەکان شکڵ بگرێت، چونکی هەتا هەڵاواردن و پەراوێزخستن هەبێت، پرۆسەی ئاڵترناتیڤسازی و ڕێبەریکردنی شۆڕش سەرکەوتوو نابێت. ئێران وڵاتێکی فرەنەتەوەیە و ناوەندگەرێتی لەسەر بنەمای سڕینەوەی جۆراوجۆرییە نەتەوەیی و ئایینییەکان بەردەوامیی سیکلێکە کە بێتوو پێناسەکەمان لە جوغرافیای سیاسیی ئێران لەسەر بنەمای ناوەند و پەراوێزنشینەکان بێت؛ ئەو واقعە نەگۆڕ دەمێنێتەوە کە ئێمە ئێستا دەمانەوێ بیگۆڕین. بۆیە ئەگەر دەمانەوێ تەواوەتیی خاکی ئێران پارێزراو بێت و ترس لە جیابوونەوەکان ئاسەواریان نەمێنێت، دەبێ شێوەی ئیدارەکردنی وڵات دڵگر و سەرنجراکێش بکەین. ئەگەر تاران -وەک فۆڕمی ئیدارەی سیاسیی وڵات- سەرنجراکێش بێت، پێویست ناکا کوردەکان، بەلووچ و تورکەکان لێی بتەکنەوە؛ کە وابوو کێشەیەک هەیە و ئەو کێشەیەش ئەوەیە کە لە هەر دوو دەسەڵاتی پاشایەتی و کۆماری ئیسلامیدا ناوەندگەراییەکی موتڵەق بووە کە لە سەردەمی کۆماری ئیسلامیدا ئیستبدادی ئایینیشی هاتووەتە سەر.

ئێستا چارەسەر بۆ قۆناغی ئێستا چییە؟ لە دۆخێکدا کە ئێمە ئەزموونی پرۆسە دێموکراتیکەکانمان کەمە و نمرەی ڕاستەقینەش دەبێ لە هەڵبژاردنێکی ئازاد و دێموکراتیکدا بە حیزبەکان بدرێ، بۆیە دەبێ لە ئێستادا چەند بنەمایەکی ڕێککەوتنمان هەبێت و لەسەر ئەو بنەمایانە ناوەندگەرێتی جێی خۆی بدا بە لامەرکەزی، واتە دابەشکردنی دەسەڵات لەسەر بنەمای هاوبەشی بەبێ هیچ چەشنە هەڵاواردن و پەراوێزخستنێک. هەروەها ئیستبدادی دینی دەبێ جێگەی خۆی بدا بە دێموکراسی و بۆ ئەوەش کە جارێکی دی سەرەڕۆیی ئایینی لە وڵاتدا دروست نەبێتەوە، دەبێ لە یاسای بنەڕەتیی وڵاتدا بەئاشکرا و بەڕوونی پێ لەسەر جیایی دین لە دەسەڵات دابگیرێ و کۆمەڵگە بەرەو ئاراستەی سێکۆلاریزمدا بشکێتەوە. تەواوەتیخوازی یان نیگەرانی لە تەواوەتیی خاکی ئێران دەبێ بە هاوبەشیی سیاسیی هەموو نەتەوەکان و دابەشکردنی دەسەڵات بڕەوێتەوە. بۆ ئێمە لە حیزبی دێموکرات گرینگە لە چارەسەرەکاندا بیرمان لەلای پرسی نەتەوەیی خۆمان بێت، هۆکاری ئەمەش ڕوونە.

لە ڕەوتی ئەم ڕاپەڕینەدا هەڵسوکەوتی حکوومەت، سپای پاسداران و ناوەندە ئەمنیەتییەکان لەگەڵ کوردستان جیاوازییەکی زۆری لەچاو ناوچەکانی دیکە هەبوو. لە کوردستان خەڵک کەوکوژی درانە بەر دەستڕێژ و ڕێژیم لە کوردستان بەدوای تۆڵەکردنەوە بوو. تۆڵەی ئەوەی کوردستان بەدرێژایی تەمەنی کۆماری ئیسلامی سەنگەری خەباتگێڕی بووە و لە سەرەتای هاتنەسەرکاری کۆماری ئیسلامیدا کە قەڵتوبڕی حیزب و لایەنە سیاسییە دژبەرەکان دەستی پێ کرد، حیزب و لایەنە سیاسییە ئێرانییەکان لە کوردستان کۆ بوونەوە و کوردستان بووە سەنگەری ئازادی و خەباتکاری و پەرەدان بە کولتووری دێموکراسی و فرەحیزبی. ئەوەیە ئەوان بەدوای تۆڵەکردنەوە لە کوردستانن. سپای پاسداران بۆ ئەوەی سەرنجەکان لە نێوخۆی کوردستان بەلاڕێدا ببا، مەترسیی هەڕەشەکان لە دەرەوەی سنوورەکانی زەق کردەوە و بەو بیانووە چەند جار بە مووشەک و درۆن بنکەی ڕێبەریی حیزبی دێموکرات و حیزبەکانی دیکەشی کردە ئامانج. مەبەستم ئەوەیە حیزب و ڕێکخراوە

سیاسییەکان چ فارس، تورک، بەلووچ، عەڕەب و تورکمەن و نەتەوەکانی دیکە بە هەموو باگگڕاندێکی ئیتنیکی و نەتەوەیی یەکتری قبووڵ بکەن و ئەو جۆراوجۆرییە بە هەڕەشە و مەترسی بۆ سەر یەکتری نەزانن و وەک دەرفەتێک بۆ پێکەوەبوون و پێکەوەمانەوەی چاو لێ بکەن. ئێمە لە قۆناغی ئێستادا ئامادەی وتووێژ، هاخەباتی و کاری هاوبەش لەگەڵ هەموو لایەنەکانین و دواتر کە چووینە فازی بەڕێوەبردنی وڵات، ئەوکات لەسەر بنەمای ڕێککەوتن درێژە بەو هاوپێوەندییە دەدەین. ڕاستە ئێمە باوەڕمان بە فێدرالیزم وەک شکڵی ئیدارەکردنی وڵات هەیە، بەڵام ئەوە بەو مانایە نییە کە گوێ بۆ دژبەرانی فێدرالیزم یان بۆچوونەکانی دیکە نەگرین؛ مەسەلەی بنەڕەتی ئەوەیە کە لە وڵاتی فرەنەتەوەدا چارەسەری دوگم نییە و ناشبێت.

بە کورتی فێدرالیزم چارەسەری سیاسیی ئێمەیە و دەکرێ قسەوباس و وتووێژی زیاتری لەسەر بکەین. ئەگەر ئێمە باوەڕمان بە بنەماکانی دێموکراسی، جیایی دین لە دەسەڵات، هاوبەشیی هەمووان، بنەڕەتەکانی مافی مرۆڤ و سڕینەوەی هەڵاواردنەکان هەبێت؛ دەتوانین دەسکەوتی باشمان لەو دانوستانەکاندا هەبێت؛ بەڵام بزووتنەوەیەکی سیاسی و ڕاپەڕین و شۆڕشێکی جەماوەری بەبێ ڕێبەری ناتوانێ تاهەتایە درێژەی هەبێ، ناشکرێ داهاتووی شۆڕش و نیزامی سیاسی بە قەزاوقەدەر و سێناریۆیەکانی داهاتوو بسپێرین، بەتایبەت کە ئێمە ئەزموونی شۆڕشی ٥٧ و بەردەوامی سیکلی نیزامی سیاسیی نادێموکراتیک و ئیستبدادیمان هەیە. ڕووخاندنی ڕێژیم هەموو شتێک نییە، گرینگ ئەوەیە چیی لە بری بنیات دەنێین.

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان میدیا – ڕێکەوتی: ١ی ڕەشەمەی ٢٧٢٢

## حەسەن شەریعەتمەداری: دەبێ حیزبی دێموکرات دەستپێشخەری بکات و لایەنەکان لە دەوری یەکتر کۆ بکاتەوە




کاک خالید عەزیزی، وتەبیژی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران و حەسەن شەریعەتمەداری، سکرتێری شۆرای گوزار، لە بەرنامەی "کەندوکاو" لەسەر "ئایا ئۆپۆزیسیونی دژبەری ڕێژیمی ئێران بەرەوە هاوپەیمانییەکی سیاسی دەڕۆنە پێش"، بەشدار بوون کە حەسەن شەریعەتمەداری وتی، دەبێ حیزبی دێموکرات دەسپێشخەری بکات و لایەنەکان لە دەوری یەکتر کۆ بکاتەوە و ئاڵتێرناتیڤ دروست بکرێت.

لەو وتووێژەدا کە ڕۆژی هەینی ٥ی ڕەشەمە بەڕێوە چوو، کاک خالید عەزیزی، وتەبێژی حیزبی دێموکرات وێڕای ئاوڕدانەوە لە یەکگرتوویی گەلانی ئێران و دروشمەکانی خەڵک لە شۆڕشی ژینا، باسی لەو کرد کە دەبێ هاوپەیمانی و ئاڵتێرناتیڤسازی لە ڕاستای پشتبەستن بە داواکارییەکانی خەڵک و جێگیرکردنی دێموکراسی و وەلانانی ناوەندگەرایی و بەشداریی هەموو گەلانی ئێران و یەکتر تەحمولکردنی هێزە سیاسیەکان براوتە پێش.
لەو وتووێژەدا حەسەن شەریعەتمەداری، سکرتێری شۆرای گوزار لە قسەکانیدا باسی لەوە کرد کە دەبێ حیزبی دێموکراتی

کوردستانی ئێران دەستپێشخەری بکات و بێتە مەیدان و لایەنەکانی دیکە بانگ بکات و لە کۆنفڕاسێکدا بۆ یەکگرتوویی، باس لە کێشەکان بکەن کە چۆن دەتوانن چارەسەری بکەن.

ناوبراو باسی لەوە کرد، لە ئێستادا فرەچەشنی لە ئێران بۆ زۆربەی لایەنەکان سەلمێندراوە و چەند کەسی ناسراو ناتوانن نوێنەری هەموو ئیتنیک و کۆمەڵگەی ئێران بن، بۆیە دەبێ هەموو لایەنێک بۆ ڕێککەوتن لەسەر داهاتووی ئێران بەشدارییان هەبێت.

کاک خالید عەزیزی لە درێژەی ئەو وتووێژەدا باسی لەوە کرد کە حیزبی دێموکرات لەگەڵ ئەو لایەن و کەسایەتییانەی کە باوەڕیان بە دێموکراسی، ناناوەندگەرایی و سێکۆلاریزم هەیە و گەڕانەوە بۆ سەر سیستمی حکومڕانی پاشایەتی و کۆماری ئیسلامی ڕەت دەکەنەوە، خاڵی هاوبەشی زۆری هەیە و بۆ یەکگرتوویی لە داهاتوودا بەربەستێکی وا نابینێت.

ناوبراو لەسەر بە تێرۆریست ناساندنی سپای پاسداران لەلایەن یەکیەتیی ئورووپاوە وتی کە سپای پاسداران تەنیا کەرستەیەکی ئەمنییەتیی ڕێژیمی کۆماری ئیسلامییە و لە ڕاستیدا ئەوە خودی کۆماری ئیسلامییە کە ڕێژیمێکی تێرۆریستییە و نابێ بە بە تێرۆریست ناساندنی سپای پاسداران، ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی بێتاوان نیشان بدرێت.

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان میدیا – ڕێکەوتی: ٦ی ڕەشەمەی ٢٧٢٢

## باس لە تەمامییەتی ئەرزی دژایەتیی جەوهەریی لەگەڵ ڕوحی شۆڕشی ژینا هەیە

ئاماژە: بەرنامەی "کندوکاو"ی بەشی مێدیایی شوڕای مودیرییەتی گوزار بۆ باس و تاوتوێی دوورەدیمەنەکانی هاوپەیمانیی سیاسی بۆ داهاتووی ئێران وتووێژێکی لەگەڵ کاک خالید عەزیزی، وتەبێژی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران و حوسێن شەریعەتمەداری، دەبیری شوڕای مودیرییەتی گوزار پێک هێنا. لەو وتووێژەدا وتەبێژی حیزبی دێموکرات خوێندنەوە و هەڵوێستی حیزبی دێموکراتی لە بارەی پرسە سیاسییەکانی ڕۆژەڤی ئێران شی کردەوە. "کوردستان" پوختەی چەند بەشێک لە قسەکانی کاک خالید عەزیزی لەو دیمانەیەی بۆ خوێنەرانی گواستۆتەوە.

ئەو دۆخەی کە ئێستا لە ئێران لەئارا دایە، بەرپرسایەتییەکی مێژوویی دەخاتە ئەستۆی حیزب و ڕێکخراوە سیاسییەکانی ئۆپۆزیسیۆن و هەموو تاکەکان. ئەمن ئارەزووم دەکرد لەنێو دڵی ئەو جووڵانەوە بەرینەی خەڵک لە نێوخۆدا و بە هاوکاریی هەمەلایەنەی هەموو لایەنەکان ڕێبەرییەک دروست ببا، بەڵام بەداخەوە نیزامی سەرەڕۆ و سەرکوتگەری کۆماری ئیسلامی بەپێی سروشتی ئەو دەسەڵاتە هیچ ڕۆچنەیەکی بۆ ئەو ئامانج و مەبەستە ژیانەکییە نەهێشتۆتەوە. بۆیە بەپرسایەتیی دروستکردنی ئەو ئاڵترناتیڤە کە چۆن بێت و چی بکات وەک ئەرکێک لەسەر شانی حیزب و ڕێکخراوە سیاسییەکانی ئۆپۆزیسیۆنە.

ئەمن پێم‌وایە ساغبوونەوە لەسەر جێگرەوەی کۆماری ئیسلامی کردەنییە، هۆکاری سەرەکییش ئەوەیە زۆرینەی زۆری خەڵکی ئێران ئەو ڕێژیمەیان ناوێت. بەڵام لە هەمان کاتدا پرسە سەرەکییەکە ئەوەیە کە لەبری ئەو ڕێژیمە چ جۆرە نیزامێکی سیاسی بێتە سەر کار؟ بزووتنەوەی ئێستاش هەڵگری کۆمەڵێک پەیامە بە بنەڕەتێکی گشتییەوە کە ئیستبداد و ناوەندگەرێتی دەبێ نەمێنێ و دێموکراسی جێی بگرێتەوە. بۆچی ئیستبداد نەمێنێ؟ چونکی دێموکراسیی نەهیشتووە. بۆچی ناوەندگەرێتی نەمێنێ؟ چونکی هەتا ئێستا مافی هاوبەشی و بەشداریی لە ئەوانیدی زەوت کردووە. بۆچی دێموکراسی پێویستە، چونکی خەڵکی ئێران لەسۆنگەی چەند سەدە دەسەڵاتی پاشایەتی و دەیان ساڵ نیزامی سیاسیی دینییەوە لە مافە مەدەنی و دێموکراتیکەکانی بێبەش کراوە.

پەیامێکی دیکەی شۆڕشی ژینا ئەوەیە وڵات دەبێ بەپێی بنەماکانی ڕێککەوتنێکی زۆر دێموکراتیک و هەمەلایەنەی نێوان حیزب و ڕێکخراوە جۆراوجۆرەکانی ئێرانی فرەنەتەوە دابڕێژرێتەوە. پەیامێکی دیکەی ئەوەیە کە خەڵک نایانەوێ چیدی

کۆماری ئیسلامی لەلایەک بەبارمتەیان بگرێت و وەک کارتێک بۆ پرۆژە ئەتومی و مووشەکییەکانی بەکاریان بێنێت و، لەلایەکی دی چی سەروەت و سامانی خەڵکە لە دەستێوەردانە بیانییەکانی ڕێژیم و خەرجکردن بۆ میلیشاکانی بەفیڕۆ بدرێت. بەمجۆرە پەیامەکە بەڕوونی پێمان دەڵێ نیزامی سیاسیی دواتر (حکوومەتی جێگرەوەی کۆماری ئیسلامی) دەبێ لە کڵاوڕۆژنەی بەرژەوەندییەکانی خەڵکەوە بڕوانێتە پێوەندییە ناوچەیی و نێونەتەوەییەکان.

پەیامێکی دیکەی شۆڕش ڕوو بە کۆمەڵگەی نێونەتەوەییە کە پرسەکانی ئێران تەنیا لە پرۆژە ئەتومییەکانی ڕێژیمدا قەتیس مەکەن، هەروەها ئەوە کە هەتا ئەو ڕێژیمە بەهێزتر بێت، لاسارتر و سەرەڕۆتر دەبێ و بۆ متمانە پێکردن نابێت. پەیامێکی دیکەش ئەوەیە خەڵک لە نێوخۆی وڵات پێچەوانەی هێزەکانی ئۆپۆزیسیۆن کە خۆیان سەرقاڵی چەمکەکان و بابەتە ئیدئۆلۆژیکییەکانیان کردووە، یەکگر و هاوئامانجن. ئاکامگیری لە هەموو ئەو فاکتەرانەش پێمان دەڵێن کە ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی دەبێ بڕوات.

ئێستا کە بەخۆشییەوە کوڕاییەکی ڕێژەیی لەسەر تێبەڕین لە کۆماری دروست بووە، ئەوە ئەرکی حیزب و ڕێکخراوە سیاسی و کەسایەتییە دەروەستەکانە بە سەرنجدان بەو بنەڕەت و پەیامانەی باس کران، قۆڵ لە دروستکردنی ئاڵترناتیڤ هەڵماڵن. لە ڕوانگەی ئێمە ئەو ئاڵترناتیڤە دەبێ لەخۆگری هەموو ئەو پەیام و دروشم و خواستانە بێت کە لە دڵی بزووتنەوەکەوە هەڵقوڵیون و بە گوێی ئێمەیان دادەدەن. وەرگرتنی ئەو پەیامانە زۆر گرینگە. لە نێوخۆی وڵات و لە خۆپێشاندانەکاندا باسێک لە تەمامییەتی ئەرزی و جیاییخوازی نەبووە و نییە و ئەو باسانە هەر لەجێدا هەڵەن و دژایەتییان لەگەڵ جەوهەری خەباتی خەڵکانی ئێران هەیە.

دروستکردنی ئەم ئاڵترناتیڤە وەک گوتم کردەنییە. چونکی بێتوو ئیرادەی ئەو کارەمان هەبێت، خاڵی هاوبەشمان زۆر زیاتر لەو خاڵانەیە کە لێکمان دادەبڕن. ئەم کارە دەستپێشخەرییەکی پێویستە. بەخۆشییەوە کەم نین ئەو ڕەوت و لایەنانەی باوەڕیان بە دێموکراسی، دابەشکردنی دەسەڵات، جیایی دین لە حکوومەت و مافە مەدەنییەکانی جیهانداگر بۆ هەمووان هەیە و ناشیانەوێ نە کۆماری ئیسلامی لە دەسەڵاتدا بمێنێ و نە نیزامی پاشایەتی بۆ وڵات بگەڕێتەوە. بۆیە بەپێی ئەو چاوەڕوانییەی لە نێوخۆوە لەسەرمانە، ڕاستە وەدرەنگ کەوتووین، بەڵام ئەو باس و خواستانە یارمەتیدەرمانن بۆ تێگەیشتنێکی هاوبەش و سەقامگرتوو. ئەوەندەش کە بۆ حیزبی دێموکرات و پرسی کورد دەگەڕێتەوە، ئێمە لەسەر ئەو بەها و بایەخانەی باسیان کرا هەین و دەیان ساڵیشە خەباتیان لەپێناودا دەکەین و خوێنیان بۆ دەدەین. ئامادەین بە ئیعتباری بزووتنەوەی سیاسیی کورد و ئەو متمانەیەی خەڵکی کوردستان بە ئێمەیان بەخشیوە، لەگەڵ لایەنەکانی دیکە بکەوینە دانوستان و ڕێککەوتن.

بـابەتێکی دیـکەی پێوەندیـدار بە داهـاتووی ئێرانـی فـرەنەتەوە و فرەبـاوەڕی ئـایینی و جۆراوجۆرییەکـان ئەوەیە خەڵـک لە حیـزب و ڕێکخـراوە سیاسی، کـۆمەڵایەتی، سینفی و مەدەنییەکانـدا ڕێـک بخـرێن. چـالاکیی هەمـوو کەسـایەتییە مونفەریـد و سێلێبریتییەکان کە دژی کۆماری ئیسلامی خەبات دەکەن جێی ڕێزە. ئێمە بە خەبـات و ڕۆڵـی هەمـوو هونەرمەنـد، دەرهێـنەر، نووسەر و ڕۆژنامەنووسان و... کە لە ماوەی چل ساڵی ڕابردوودا و بەتـایبەت ٥-٦ مانگی شۆڕشی ژینـادا تێکۆشاون دەزانین؛ بەڵام لە پرۆسەی ئاڵترناتیڤسازیدا خەڵکی ئێران دەبێ فێر ببن کە بەڕێکخراو بن و ڕێکخراوتەوەر بن و بۆ ئەوەش ئێمە دەبێ یارمەتیدەر بین. کۆمەڵگە ناکرێ هەتاهەتـایە تـاکتەوەر و سێلێبریتیتەور بێت، ئەوە حیـزبە سیاسـی و ڕێکخراوەکـانن کە ئەرکوەخـۆگرن و پتـر شـان وەبەر بەرپرسـایەتی دەدەن و دێموکراسیی داهـاتووی کـۆمەڵگەی ئێـران دەبـێ ڕێکخـراوتەوەر بێت.

ئەم بابەتە لە ژمارەی ٨٤٢ی ڕۆژنامەی کوردستان بڵاو کراوەتەوە.

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان میدیا – ڕێکەوتی: ١٦ی ڕەشەمەی ٢٧٢٢

## مەنشووری جۆرج تاون لەگەڵ خوێندنەوەی ئێمە بۆ داهاتووی ئێران نایەتەوە

وتەبێژی حیزبی دێموکرات لە وتووێژێک لەگەڵ کوردکاناڵ، باسی لە ڕوانگە و سیاسەتەکانی حیزبی دێموکرات لە پێوەندی لەگەڵ شۆڕشی ژینا، پرسی ئاڵترناتیڤ، داهاتووی ئێرانی دوای کۆماری ئیسلامیی ئێران و پێگەی سیاسیی کوردستان و مەنشووری "جۆرج تاون"، کرد.

ئێوارەی یەکشەممە ٢١ی ڕەشەمەی ١٤٠١ی هەتاوی، کاک خالید عەزیزی، وتەبێژی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران، لە وتووێژێک لەگەڵ تەلەڤیزیۆنی کوردکاناڵ، لەبارەی مەنشووری جۆرج تاون ڕایگەیاند: "مەنشووری جۆرج تاون لەگەڵ خوێندنەوەی ئێمە بۆ داهاتووی ئێران نایەتەوە. خوێندنەوەی ئێمە ئەوەیە کە ئێران وڵاتێکی فرەنەتەوەیە و دەبێ مافی نەتەوەکانی ئێران تێیدا ڕەنگ بداتەوە".

کاک خالید عەزیزی لەسەر داهاتووی ئێران ڕایگەیاند: ئێمە لەگەڵ دوو نیزام نین، چونکە ئەزموون کراون؛ یەکیان نیزامی سەڵتەنەتییە و ئەوی دیکەیان نیزامی ئیستبدادی دینیی کۆماری ئیسلامییە. ئێمە لەگەڵ سیستمی کۆماریخوازی یان نیزامێکی کۆماری هیچ دژایەتییەکمان نییە و خودی حیزبی دێموکراتیش لەگەڵ کۆنگرەی نەتەوەکانی ئێرانی فیدراڵ، لایەنگری فیدراڵیزمە".

ناوبراو لەسەر سیاسەتەکانی حیزبی دێموکرات جەختی کردەوە و وتی: "ئێمە لە مافەکانی نەتەوەی خۆمان پاشەکشە ناکەین و حیزبی دێموکرات لەسەر ئەرزی واقع و بۆ خەڵکی کورد لە کوردستان خەبات دەکات".

وتەبێژی حیزب سەبارەت بە چوونە نێو هاوپەیمانییەکان باسی لەوە کرد: "ئێمە لەگەڵ کۆمەڵێک سیلیبریتی ناچینە هاوپەیمانییەوە. هەروەها لەگەڵ موجاهدین و زۆری دیکەش دانیشتووین، بەڵام هێشتا نەچووینەتە نێو هیچ هاوپەیمانییەکەوە".

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان میدیا – ڕێکەوتی: ٢٢ی ڕەشەمەی ٢٧٢٢

## ئێرانی داهاتوو بەبێ دانان بە مافەکانی کورد و نەتەوەکانی دیکەی ئەو وڵاتە دروست نابێتەوە




**دیمانە: شەماڵ تەرغیبی**

**ئامـاژە: کـاک خالیـد عەزیـزی، وتەبێـژی حیزبـی دێمـوکراتی کوردسـتانی ئێـران لە وتـووێژێکی تایبەتـدا لەگەڵ کوردکانـاڵ سیاسەت و خوێندنەوی حیزبی دێموکرات بەنیسبەت پرسە گرینگ و ڕۆژەڤەکانی کوردستان و ئێرانی شی کردەوە. "کوردستان" کاکڵی باسەکانی کاک خالید عەزیزیی بۆ خوێنەرانی گواستۆتەوە.**

### شۆڕشی ژینا لە هاوکێشە نێودەوڵەتییەکاندا

پێوەندییە نێودەوڵەتییەکان لەجێدا تەنیا لەسەر بنەڕەتی دێموکراسی و ماف دروست نەبوون و لەسەر بنەمای هێندێک یاسا و ڕێسا دادەمەزرێن و بەرژەوەندییش فاکتەرێکی سەرەکییە. بۆیە وڵاتانی دێموکراتیک کاتێک چاو لەو شۆڕشە دەکەن، بە ئیعتباری کۆمەڵگەکەیان کە دێموکراسیی تێدا هەیە، پشتیوانیی لێ دەکەن. بەڵام نەفسی ئەو پشتیوانییە بە مانای ئەوە نییە وا بەئاسانی بگەنە قۆناغێک دژکردەوەی مەیدانیی لەدژی ئێران لێ بکەوێتەوە. لەگەڵ ئەوەشدا کە بە بەراورد لەگەڵ ڕابردوو، پشتیوانیی نێودەوڵەتیی لە شۆڕشی ژینا زۆر بوو. بەڵام ئەوەی بڕیاری کۆتایی لەسەر داهاتووی کۆماری ئیسلامی دەدات هەر خەڵکی ئێرانن.

لەبەر ئەوەی لە وڵاتانە کێبڕکێی سیاسی لەنێوان حیزبەکاندا هەیە، هەموو شتێک دەکەوێتە بازنەی کێبڕکێی سیاسی کە کێ دەسەڵات بە دەستەوە بگرێ و ئەوەی دەسەڵات بە دەستەوە دەگرێ ڕوانگەی بۆ ئێران چ دەبێت. بەڵام، بەگشتی هەمووان بەو ئاکامە گەیشتوون دەرنگ یا زوو دەبێ دێموکراسی لە ئێراندا دابمەزرێ و ئەو جووڵانەوەیە دەبێ سەر بکەوێت. ڕاستە خۆپێشاندانەکان دژی کۆماری ئیسلامی کاریگەریی لەسەر بیروڕای گشتیی جیهان داناوە، بەڵام نیزامێکی سیاسی تەنیا بە خۆپیشاندان ناڕووخێ. ئەوەی ئەو نیزامە لەنێو دەبا، بەدیل و ئاڵترناتیڤە. کۆمەڵگەی دنیای دەرەوە لە ئێستادا، بەدووی ڕووخانی کۆماری ئیسلامیدا ناگەڕێ. دنیای دەرەوە نەک لە ڕوانگەی مافەوە، بەڵکوو لە سۆنگەی ئەمنییەتی جیهانییەوە چاو لە مەسەلەی ئێران دەکا و دەپرسن ئەو نیزامە بڕوا و نەمێنێ کێ جێگای دەگرێتەوە؟

## پرسی ئاڵترناتیڤ و هاوپەیمانیی سەراسەری دژی کۆماری ئیسلامی

بەردی بناغەی دروستبوونی حیزبی دێموکرات لەسەر پێناسەی نەتەوایەتی و مافی نەتەوایەتیی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان بووە، بۆ ئەوەی ئەو مافانە بەدی بێن و بۆ ئەوەی ئێمە دەستمان ئاواڵا بێ چۆن لەسەر ئەو مافانە دانوستان بکەین، قەت بە نیسبەت داهاتووی ئێران بێتەفاوەت نەبووین. دارولەلەی ئەوەشمان ئاوا داناوە کە دەبێ ئێران دێموکراسیی تێدا هەبێ و ئەو دێموکراسییەش بە ئێمەی کورد بەتەنیا دانامەزرێ. ئێران وڵاتێکی فرەنەتەوەیە و چارەسەرکردنی مەسەلەکەش تابعێکە لەو ڕاستییە. ئێمە لە هەموو ئەو حیزب و لایەنە سیاسییانەی هەتا ئێستا لەگەڵیان دانیشتووین، پێمان گوتوون وەکوو حیزبی دێموکرات بۆ دروستکردنەوەی ئێران لەگەڵ ئێوە شان وەبەر دەدین، بەڵام لەبیرتان نەچێ حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران خوێندنەوەیەی خۆی بۆ داهاتووی ئێران هەیە و مافە نەتەوایەتییەکانی کورد لەو وڵاتە لە پێش هەموو شتێکەوەن. بەڵام ئۆپۆزیسیۆنی ئێرانی و دژبەرانی کۆماری ئیسلامی لە دەرەوە، یەکجار زۆر بڵاون ئێمەش نەمانویستووە لەگەڵ لایەک بچینە نێو جۆرێک هاوپەیمانی و بکەوینە نێو دژایەتیی لایەنەکانی دی. ئێمە بێ تەفاوەت نین و لەنێو دژبەرانی کۆماری ئیسلامییشدا کەس بە دوژمنی خۆمان دانانێین، لەگەڵ هەموو لایەنەکان دانیشتنمان دەبێ، بەس کە دەگەڕێینەوە سەر چەندوچۆنی و ئیدارە و مودیرییەتی سیاسیی ڕووخانی کۆماری ئیسلامی و چۆنیەتیی نیزامی سیاسیی، لێرەدا قسەی خۆمان هەیە و ئەو قسانەش تابعێکە لە بەرنامەی سیاسی و بیروباوەڕەکانی حیزب دێموکرات.

## ڕوانگە و بۆچوونەکانی حیزب لەسەر داهاتووی ئێران

ئێمە لە ڕابردوودا لەوپەڕی خەباتی پێشمەرگانە و نیزامیی خۆماندا کە دژی کۆماری ئیسلامی بەرگریمان لە کوردستان

دەکرد لە هاوپەیمانییەکدا بووین بە ناوی شورای میللیی بەرگری. تەنانەت لەو شوڕایەدا بەڵگەنامەی خودموختاریی کوردستان لە ئێرانێکی دێموکراتیکدا ئیمزا کراوە. ئەگەر وایە ئەزموونمان لەوەدا هەیە یەکەم. دوویەم، ئێستا ئێمە لەگەڵ ئەو نەتەوانەی باوەڕیان بە ئیدارەی ئێران بە شیوەیەکی فێدراتیو هەیە، کۆنگرەی نەتەوەکانی فیدراڵی ئێرانمان وێک هێناوە و لەگەڵ ئەوانیش هاوپەیمانیمان هەیە. سێهەم، جیا لەوە لەگەڵ هێندێک لە لایەنەکانی دیکە کە بۆ دێموکراسی کار دەکەن و هەماهەنگی و هاوکارییەکیان لە دەرەوەی وڵات هەیە و بە جۆرێک بە هاوپەیمانی خۆمانیان دەزانین، لەگەڵ ئەوانیش چەند هاوپەیمانییەک هەیە. دواجار لە تەنیشت ئەوانەشدا لەگەڵ زۆر لایەنی دیکە لە وتووێژداین لەسەر ئەوەی چۆن دەتوانین مەنشوورێک ڕابگەیەنین یا ڕێککەوتنێکمان هەبێت، بۆ ئەوەش دەبێ هەمووان ڕاستییەکانی کۆمەڵگەی ئێران قبووڵ بکەین. ئێمە چەند سێلبریتییەک نین کە کە ڕابردووی حیزبیمان نەبێت و ڕەنگە زۆربەشیان عادتیان بە داروڵەڵەی چەندوچۆنیی دروستکردنی ئاڵترناتیڤ نەبێت؛ ئێمە حیزبێکی سیاسیی بەڕابردووی زیاتر لە حەفتا ساڵەین و زۆر سرووشتییە حیزبی دێموکرات سەنگوسووکیی خۆی لەهەمبەر هەموو ئەو گۆڕانکارییانەدا هەبێت.

## حیزب و "مەنشوور"ەکانی تا ئێستا

بێگومان بۆ تێپەڕین لە کۆماری ئیسلامی و داهاتووی ئێران ڕێگاچارەی جۆراوجۆر و تەیفی جۆراوجۆر و مەنشووری جۆراوجۆر دەبن، بەڵام ئێمە بە ڕاشکاوی گوتوومانە لەگەڵ دوو سیستەمەم یان دوو نیزامی سیاسی نین، چونکە تەجرووبە کراون. یەکیان نیزامی پاشایەتیی ئەوی دیکەشیان نیزامی ئیستبدادی مەزهەبیی کۆماری ئیسلامی. جا ئەگەر وایە ئێمە ئەگەر ئەوەمان وەلا نا، دەبێ ببینە سەر شکڵی ئیدارەی حکوومەتی داهاتووی ئێران. ئێمە لەگەڵ سیستمی کۆماری هیچ دژایەتییەکمان نییە و بە شتێکی زۆر باشی دەزانین. بۆچوونێکی دیکە ئەوەیە کە ئێران بە شێوەیەکی فیدراتیو ئیدارە بکرێ و حیزبی دێموکراتی کوردستان ئێرانیش لە بەرنامەی خۆیدا فیدراڵیزمی هێناوە. لە تەنیشت ئەوانەدا کۆمەڵێک حەللی دیکەش هەیە. ئێمە تا ئەو جێگایەی پێوەندی بە دانیشتنەکانی خۆمان هەیە، لەڕاستیدا ئەو مەنشوورەی بەردی بناغەکەی لە جۆرج تاون داندرا و ئێستا لە هەشت کەسەکە شەش کەسیان ئیمزایان کردووە، ئێمە دوژمنایەتییان ناکەین بەڵام تێبینیمان هەیە و پێمان وایە ڕوحی ئەو مەنشوورە لەگەڵ خوێندنەوەی ئێمە بۆ داهاتووی ئێران نایەتەوە.

خوێندنەوەی ئێمە بۆ داهاتووی ئێران ئەوەیە ئێران وڵاتێکی فرەنەتەوەیە و دەبێ ماف نەتەوەکان بە جۆرێک کە ئێمە ڕێککەوتنی لەسەر دەکەین، تێیدا دیار بێ. گرفتێکی گەورەی کۆمەڵگەی ئێران لە دەرەوە ئەوەیە بەپێچەوانەی ڕوحی هاوکاریی و هەماهەنگی لە نێوخۆی ئێران کاتێک کە دێینە سەر چەندوچۆنی قسەکردن لەسەر ڕێگاچارەکان زۆر زوو باسی تەواوەتی ئەرزیی ئێران دەکەن و زۆر زووش پێیان وایە ئەوە لایەنێکە ئێران تەجزییە دەکا. بەشێک لەوانە بەدوای

ئەوەدا نین کە لە داهاتووی ئێراندا چ لە تاران و چ لە ئیدارەی ناوچەیی نەتەوەکانی ئێراندا قسەی لەسەر بکەن و ئێمە کێشەمان هەیە لەگەڵیان. بەڵام با ئەوان بۆچوونی خۆیان بێنن و ئێمە بۆچوونی خۆمان دێنین قسەیان لەسەر دەکەین. لە کۆتاییدا ئێمە تێدەکۆشین پێوەندیمان لەگەڵ هەموو لایەنەکان باش بێت، بەتایبەتی لەگەڵ زۆرێک لە لایەنەکان کە بەدوای ئاڵترناتیڤی کۆماریدا دەگەڕێن بۆ داهاتووی ئێران و نەتەوەکانی ئێرانی فدراڵ لە وتوویژەکانمان بەردەوام بین. ئێمە نابێ بەپەلە بچینە نێو هەر ئاڵترناتیڤێک. ئێمە حیزبین و بەپێی ئوسوولی حیزبی خۆمان کار دەکەین، ئەو حیزبەش پێی لەنێو کۆمەڵگەی کوردستانی ئێرانە و خەڵکی کوردستان چاوەڕوانییان لەو حیزبە هەیە. بۆیە زۆر بەڕاشکاوی و بە ئیعتباری خەبات و تێکۆشانی ٧٧ ساڵەی حیزبی دێموکرات و ئەو جووڵانەوەیەی لەنێوخۆی وڵاتدا هەیە، ئێرانی داهاتوو ئەگەر کوردی بە مافەکانیەوە لەگەڵ نەبێ هەرگیز ئەمنییەت و ئارامی بەخۆیەوە نابینێ. ئێران بەبێ کورد و میللەتەکانی دیکە دروست نابێتەوە. ئەوانیدی دەبێ قبووڵی بکەن ئێران وڵاتێکی فرە نەتەوەیە و هەرکات دانیان بەوە دانا، شۆڕ دەبینەوە بۆ بابەتەکانی دی و لەسەر چارەسەرەکان ساغ دەبینەوە.

### جۆراوجۆرییە نەتەوەییەکان لە ئێرانی داهاتوودا

ئێمە ئێمە شتێکمان نییە بە ناوی نەتەوەی ئێران. نەتەوە دەبێ ڕاستەوخۆ پێوەندی بە شوناسێکی ئێتنیکی، میللی و زمانی هەبی، ئێمە کورد، بەلووچ، تورک، فارس، عەرەب و نەتەوەی دیکەمان لەو جوغرافیایەدا هەیە کە پێچەوانەی دەستەواژەی باو هیچیان کەمایەتی نین. ئەمن وەک خۆم لە ئێراندا باوەڕم بە کەمینە و زۆرینە نییە. کام نەتەوە لە بەرامبەر نەتەوەکەی دیکەدا کەمینەیە، هیچیان. وەک نەتەوەی کورد و حیزبی دێموکراتیش بەنیسبەت داهاتووی ئێران لەسەر ئەو بنەمایە بێتەفاوت نەبووین و نین. بەڵام ئێمە وەکوو حیزبی دێموکرات پەلەمان نەکردووە و ئاوا لە بابەتەکە ناڕوانین کە چەند کەس و سێلێبریتی کۆ ببنەوە و وەکوو ئەوەی "جۆرج تاون"ی واشینگتۆن شتێک بدەنێ دەرێ و ئیدی تەواو. بە باوەڕی ئێمە هەر شتێکی گرینگ و شوێندانەر دەبێ لاقی لەسەر عەرز بێ. بۆ؟ چونکی هەروەک گوتم ئێمە بەرانبەر بە خەڵک خۆمان بە بەرپرس دەزانین و جووڵانەوەکەش کۆمەڵە ئەرکێکی بۆ ئێمە داناوە. ئەوە ئەرکی ئێمەیە کە بەها و بایەخەکانی ئەم شۆڕشە بپارێزین، هەڵبەت ئەو بەو مانایەش نییە کە ئێمە دەرگای دیالۆگ و دانوستان لە خۆمان دابخەین. ئێمە بڵێی و نەڵێی پێویستیمان بە هاوپەیمان هەیە، چونکە نە بەتەنیا ئەو نیزامەمان بۆ دەڕووخێ و نە دەتوانین بە تەنیا ببین بە ئاڵترناتیڤ.

### حیزبی دێموکرات و موجاهیدن و داهاتووی ناوەندی هاوکاری

ناوەندی هاوکاری لەجێدا ناوەندی هاوکارییە. دوو لایەنی حیزبی دێموکرات و کۆمەڵە لەپێوەندی لەگەڵ ڕووداو و بابەتی

ڕۆژانە، لەگەڵ یەکتر هاوکارییان هەیە. ناوەند هەڵناوەشێتەوە و دەبێ لە درێژەی کاری خۆیدا ببێ بە بەرە و ئێمە هەتا وەک حیزبی دێموکرات لە سەرەتاوە و هەتا ئێستاش بە هەست بە بەرپرسیاریتییەوە درێژەی بە کاری ئەو ناوەندە داوە. بەڵام لەبارەی موجاهیدینەوە، سروشتییە کە حیزبی دێموکرات بە دوای دۆست و پارتنەردا دەگەڕێت و لەو چوارچێوەیەدا لەگەڵ موجاهیدینیش یەکتریمان بینیوە. حیزبی دێموکرات دوژمنایەتیی لەگەڵ دژبەرانی کۆماری ئیسلامی نییە و دەیەوێ بەرەدەنگ بۆ کورد ببینێتەوە و ئەوە سیاسەتێکی بەرپرسانەیە. دانیشتن لەگەڵ موجاهیدین، دانیشتن لەگەڵ کۆماریخوازان، دانیشتن لەگەڵ ئەو سلێبریتییانە، دانیشتن لەگەڵ کۆنگرەی نەتەوەکان، دانیشتن لەگەڵ هەموو ئەو ئێرانییانەی دژبەری ڕێژیم ئەرکی ئێمەیە و لە پێناو دروستکردنی ئۆپۆزیسیۆنێکی بەهێز و ئاڵترناتیڤێکی کارا کە جێگای کۆماری ئیسلامی بگرێتەوە؛ دەبێ لەسەری بەردەوام بین. دواجار وەکوو حیزبی دێموکرات لەو باوەڕەداین کە یەکریزیی نێومالی کوردی دەتوانێ پێگەیەکی تایبەت بە کورد ببەخشێت و ببێتە بەشێک لە ئاڵترناتیڤی کۆماری ئیسلامی.

**سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان میدیا – ڕێکەوتی: ٢ی خاکەلێوەی ٢٧٢٣**

## لە کانادا سیمینارێک بۆ وتەبێژی حیزبی دێموکرات بەڕێوە چوو



ڕۆژی شەممە ڕێکەوتی ٥ی خاکەلێوەی ١٤٠٢ی هەتاوی، لە شاری تۆرێنتۆ سیمینارێک لەلایەن کۆمیتەی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران لە ڕۆژهەڵاتی کانادا بۆ کاک خالیدی عەزیزی، وتەبێژی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران بەڕێوە چوو.

سیمینارەکە بە سروودی نەتەوایەتیی ئەی ڕەقیب و ڕاگرتنی ساتێک بێدەنگی بۆ ڕێزگرتن لە گیانی پاکی شەهیدانی ڕێگەی ڕزگاریی کورد و کوردستان بە گشتی و شەهیدانی شۆڕشی ژینا بە تایبەتی، دەستی پێ کرد.

دواتر ڕەحیم ڕەشیدی وێڕای بەخێرهێنانی ئامادەبووان و وتەبێژی حیزبی دێموکرات، گرینگیی سەردانەکەی وتەبێژی حیزبی بۆ کانادا شی کردەوە.

دواتر سیامەند هەمزەئازەر، بە ناوی ناوەندی هاوکاریی حیزبەکانی کوردستانی ئێرانەوە بە گەرمی بەخێرهاتنی کاک خالید عەزیزیی کرد.

دواتر کاک خالید سەبارەت بە دوایین گۆڕانکارییەکانی کوردستان، ئێران و جیهان قسەی کرد و دوایین ڕوانگە و بۆچوونەکانی حیزبی دێموکراتی بۆ ئامادەبووان شی کردەوە.

ناوبراو لەبارەی هەڵوێستی حیزبی دێموکرات بە ڕوونی وتی کە دێموکرات لەگەڵ هیچ ڕەوت و بەرەیەک ناکەوێت کە فەرەچەشنیی ئێران ڕەچاو نەگرێت و ڕێز لە جیاوازییەکانی ئەو وڵاتە نەگرێت.

وتەبێژی حیزبی دێموکرات لەبارەی گرووپی جۆرج تاون وتی: "حیزبی ئێمە لەگەڵ ئەو مەنشوورە نییە، هەروەها ئێمە لەگەڵ دامەزراوە و حیزب کار دەکەین و کەسایەتییەکان وەکوو کەس جێگای ڕێزن، بەڵام بۆ حیزبی سیاسی گونجاو نییە کە لەگەڵ ئەوانە بچێتە هاوپەیمانییەوە".

ناوبراو هەروەها داوای لە کوردستانییان کرد کە بە باشی سۆشیالمیدیا لە ڕاستای قازانجەکانی بزووتنەوەی کوردستان بەکار بهێنن، هەروەها خۆ لە گوتاری نەشیاو و توندوتیژ بپارێزن.

لە برگەیەکی دیکەی ئەو سیمینارەدا ئامادەبووان وێڕای پێشوازیی گەرم لە وتەکانی وتەبێژی حیزب، پرسیار و پێشنیارەکانی خۆیان هێنایە گورێ و دواتر لەلایەن وتەبێژی حیزبەوە وڵام درانەوە.

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان میدیا – ڕێکەوتی: ٦ی خاکەلێوەی ٢٧٢٣

## بەڕێوەچوونی کۆبوونەوەیەکی تەشکیلاتی بۆ وتەبێژی حیزبی دێموکرات لە وڵاتی کانادا



کۆمیتەی گشتیی حیزبی دێموکرات لە وڵاتی کانادا و لە شاری تۆرێنتۆ، کۆبوونەوەیەکی تەشکیلاتیی بۆ کاک خالید عەزیزی، وتەبێژی حیزبی دێموکرات ڕێک خست.

ڕۆژی شەممە ٥ی خاکەلێوەی ١٤٠٢ی هەتاوی، کۆبوونەوەی تەشکیلاتیی وتەبێژی حیزب لە شاری تۆرێنتۆی وڵاتی کانادا بە سروودی نەتەوایەتیی ئەی ڕەقیب و ساتێک بێدەنگی بۆ ڕێزگرتن لە گیانی پاکی شەهیدانی ڕێگای ڕزگاریی کوردستان دەستی پێ کرد.

پاشان سەعید گوڵشەن، بەرپرسی کۆمیتەی حیزب لە وڵاتی کانادا سەرەڕای بەخێرهێنانی کاک خالید عەزیزی، ئامانجی کۆبوونەوەکەی بۆ بەشداربووان شی کردەوە.

لە بەشێکی دیکەدا کاک خالید عەزیزی، وتەبێژی حیزب، باسێکی هەمەلایەنەی لەسەر پرۆسەی تێکەڵبوونەوەی حیزب و کاریگەریی ئەو ڕەوتە پێشکەش کرد و داوای لە ئەندامانی حیزب کرد وەکوو خەڵکی نێوخۆ بۆ پتەوترکردنی ڕیزەکانی حیزب تێبکۆشن.

ناوبراو لە بەشێکی دیکەی قسەکانیدا بە ڕوونی باسی لە زیان و زەرەرەکانی دابڕان و ناتەبایی کرد و هیوای خواست هیچکات حیزبی خۆشەویستی خەڵکی کوردستان واتە حیزبی دێموکرات تووشی جیابوونەوە و ناتەبایی نەبێتەوە و لەم بازنەدا بەرپرسیاری و وشیاریی ئەندامانی بە خاڵێکی گرینگ لێکدایەوە.

وتەبێژی حیزب لە بەشێکی دیکەی قسەکانیدا باسێکی لەسەر بارودۆخی کوردستان و ئێران پاش شۆڕشی ژینا پێشکەش کرد و وتی: پێگەی حیزب و چاوەڕوانییەکانی خەڵکی کوردستان لە حیزب بە جۆرێکە کە حیزبی دێموکرات بە هەموو توانایەوە درێژە بە خەبات بۆ ئازادی دەدا و تەنانەت مووشەکباران و تیرۆر ناتوانێت حیزبی دێموکرات بە چۆکدا بێنێت.

کاک خالید هەروەها وتیشی: ئێمە دەبێ هەوڵ بدەین بۆ پێکهێنانی بەرەیەکی فرەڕەنگ کە بتوانێت جێگرەوەی کۆماری ئیسلامی بێت و لە دونیای دەرەوە پێشوازیی لێ بکرێت، هەروەها وڵامدەرەوەی ویست و خواستەکانی خەڵکی ڕاپەڕیوی ئێران بێت.

وتەبێژی حیزب لە کۆتاییدا سەرەڕای سپاسی هاوکاری و پشتیوانیی هەمەلایەنەی ئەندامانی حیزب کە دڵسۆزانە و بەرپرسیارانە بە تێگەیشتن لە هەلومەرجی نوێی خەبات هاوکار و یارمەتیدەری حیزبەکەیانن، داوای کرد کە ئەندامانی حیزب دەبێ شێلگیرتر لە ڕابردوو درێژە بەم ڕەوتە بدەن.

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان میدیا – ڕێکەوتی: ٦ی خاکەلێوەی ٢٧٢٣

## ئێمە هاوڕای مەنشوری جۆرج تاون نین و داوا لە خەڵکی کوردستان ناکەین پشتیوانیی لێ بکەن



ڕۆژی یەکشەممە ڕێکەوتی ٦ی خاکەلێوەی ١٤٠٢ی هەتاوی، بە پێشنیار و هاوکاریی دوکتور ڕەزا موریدی، وەزیری پێشووی پەروەردەی کانادا، کۆبوونەوەیەک بۆ باسکردن لەسەر داهاتووی ئێران و پەرەپێدان بە کولتووری دیالۆگ لەنێو نەتەوەکانی ئێران و کۆماریخوازەکان، بە بەشداریی وتەبێژی حیزبی دێموکرات، بەڕێوە چوو.

لەو کۆبوونەوەیەدا کاک خالید عەزیزی، وتەبێژی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران زۆر بە گەرمی لەلایەن بەڕێوەبەرانی بەرنامەکەوە بەخێرهاتن کرا و داوای لێ کرا لەبەر گرینگی و بایەخی پێگەی حیزبی دێموکرات وەکوو یەکەم وتاربێژ لەو کۆبوونەوەدا قسە بکات.

کاک خالید عەزیزی، وتەبێژی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران لە قسەکانیدا بە ڕوونی ڕایگەیاند کە حیزبی دێموکرات هەردوو سیستەمی پاشایەتی و کۆماری ئیسلامی ڕەت دەکاتەوە و لەسەر ئەو باوەڕەیە کە لایەنگرانی فکر و جەریانی دیکە لە ئێران بوونی هەیە و کۆماریخوازی دەتوانێت بژاردەیەکی گونجاو بێت بۆ ئاڵتێرناتیڤ لە ئێرانی داهاتوو.

وتەبێژی حیزب لە درێژەی باسەکەیدا وتی: "من لێرە وەکوو تاک قسە ناکەم و بە نوێنەرایەتیی حیزبی دێموکراتی

کوردستانی ئێران قسە دەکەم. حیزبی دێموکرات باوەڕی بە ڕێکەوتن لەگەل حیزبەکانە و پێمان وایە وڵات بە سێلیبرێتی بەڕێوە ناچێت و حیزبەکان بۆ ئیدارەکردنی ئێرانی داهاتوو دەبێ ڕێک بکەون."

ناوبراو لە پێوەندی لەگەڵ کوردستان و حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران وتی: "حیزبی دێموکرات هیچ کات لە پێوەندی لەگەڵ بونیاتنانەوە و ئیدارەی ئێران بێ موبالات نەبووە و بۆ یەکیەتی لەنێوان حیزب و ڕێکخراوە سیاسییەکان دژی کۆماری ئیسلامی بەهای قورسی داوە کە تێرۆری دوکتور سادق شەرەفکەندی لەو ڕاستایەدا بوو. بەڵام ئێمە بۆ داهاتووی ئێران ڕا و بۆچوون و ڕێگەچارەی خۆمان هەیە، لەسەر ئەو بابەتە کار دەکەین و بۆ داهاتووش کەمترخەم نابین."

وتەبێژی حیزبی دێموکرات وتی: ئێمە هاوڕای مەنشوری جۆرج تاون نین و داوا لە خەڵکی کوردستان ناکەین پشتیوانی لەو مەنشوورە بکەن. ئاڵتێرناتیڤسازی دەبێ لە ڕووی ڕاستییەکانی کۆمەڵگەی ئێرانەوە بێت و ئێمە لەسەر ئەو باوەڕەین کە ئێران وڵاتێکی فرەنەتەوەیە و خوازیاری ئێرانێکی دێموکرات و فیدراڵین.

ناوبراو لە بەشێکی دیکەی قسەکانیدا ئاماژەی بەوە دا کە: "ئێمە وەکوو حیزبی دێموکرات بەرنامە و خواستی خۆمان هەیە و سەرقاڵی پێکهێنانی بەرەیەکین لە حیزب و ڕێکخراوەکان" و هیوای خواست نوێنەری فارسەکانیش وەکوو نەتەوەیەک بێنە ناو کۆنگرەی نەتەوەکانی ئێرانی فیدراڵ و بەشدار بن".

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان میدیا – ڕێکەوتی: ٧ی خاکەلێوەی ٢٧٢٣

## پێکهێنانی ئالترناتیو پێویستە ڕەنگدانەوەی واقعییەتەکانی کۆمەڵگەی ئێران بێ



دەقی وتەکانی وتەبێژی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران لە کۆبوونەوەی دژبەرانی کۆماری ئیسلامی لە تۆرنتۆ

من لێرە وەک تاک یان سێلێبریتییەک قسە ناکەم، بەڵکوو نوێنەرایەتیی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران دەکەم و لەلایەن حیزبی دێموکراتەوە هەوڵ دەدەم تیشک بخەمەوە سەر سیاسەت و چارەسەری سیاسیی خۆمان سەبارەت بە چۆنیەتیی پێکهێنانی ئاڵترناتیو دژی کۆماری ئیسلامی .

وتووێژەکان سەبارەت بە چۆنیەتیی پێکهێنانی ئالترناتیو کاتێکی زۆری خایاند. خەڵکی ئێران لەو ڕاپەڕینە جەماوەرییەدا کە لە کوردستانەوە دەستی پێ کرد و لە بەلووچستان گەیشتە لوتکە، بۆ وەدیهێنانی ئەو هاوپەیوەندی و یەکگرتووییە نرخێکی زۆریان دا.

فازی یەکەمی ئەو خەباتە لە نێوخۆی ئێران کە توانی ڕێژیم بە چالش بکێشێ، هەڵگری کۆمەڵێک پەیام بوو. لە نێوخۆی ئێران هاوپەیوەندیی نێوان نەتەوە جیاوازەکان و خەڵکانی ئێران بە شێوازێک بوو کە شەقامەکانی ئێران بۆ یەکەم جار یەکگرتووییەکی سەراسەری بەخۆیەوە دیت. لە نێوخۆی ئێران باسێک لە ناوەندگەرایی، تەواویەتیی ئەرزی و جیاییخوازی

نەبوو. من ئاواتەخواز بووم بە سەرنجدان بە واقعییەتەکانی ئەو بزووتنەوەیە لە نێوخۆی ئێران، لە ئۆپۆزیسیۆنی دەرەوەی وڵاتیش -چ بەشێوەی گرووپی و حیزبی و چ بەشێوەی تاک- بارودۆخەکە باشتر ئیدارە کرابا.

ئەو ڕاپەڕینە لە کوردستان تەواو مەدەنی و ئاشتیخوازانە بوو، بەڵام کۆماری ئیسلامی هەوڵی دا بەرەو توندوتیژیی بەرێ و درز بخاتە نێو هاوپەیوەندیی بەربڵاوی خەڵک، لە ئەنجامی ئەوەدا بوو کە ڕێبەریی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران و و حیزبە کوردییەکانی دیکەی مووشەکباران کرد.

ڕەفتار و هەڵسەکەوتی کۆماری ئیسلامی لەگەڵ خەڵک، لە کوردستان و بەلووچستان جیاواز بوو لەوەی لە گەورەشارەکانی ئێران هەبوو. هەر بۆیە سروشتی هەڵاواردن و شێوازی هەڵسوکەوتی ڕێژیمی ناوەندگەرا و سەرەڕۆی ئایینی لە تاران، ڕێک وەبیرهێنەرەوەی ئەو سیاسەتانەیە کە لە ڕابردوودا ئەزموونمان کردوە.

بەخۆشیەوە ئێمە لە کوردستان ئەزموونێکی دوورودرێژ و مێژووییمان لە شێوازی ڕێکخستن و کاری حیزبی لە خەبات دژی کۆماری ئیسلامیدا هەیە و ئەو ئەزموونە بوو کە توانی لە ماوەی چوار دەیەی ڕابردوودا بزووتنەوەی کوردستان لەبەرانبەر کۆماری ئیسلامیدا بەزیندوویی بێڵێتەوە. ئێمە بەرگەی مووشەکباران و بۆردومانمان گرت، ڕێبەرانمان تیرۆر کران، لەگەڵ ئەوەشدا ئەوە ڕێکخستنی خەڵکی کوردستان بوو کە بووە پێشەنگی ئەو بزووتنەوەیە.

خاڵێک کە لێرە دەمهەوێ جەختی لەسەر بکەمەوە ئەوەیە کە ئێمە لە ڕەوتی پێکهێنانی ئالترناتیودا بەدوای ئەوەدا دەگەڕێین کە چۆن حیزب و ڕێکخراوە سیاسییەکان بکەینە بەردەنگی خۆمان. ئێمە هیچ دژایەتییەکمان لەگەڵ سێلێبریتی و چالاکانی سیاسی وەکوو تاک نییە. بەڵام بڕوامان بەوە نییە سێلێبریتی و کەسایەتییەکان دەبێ ئێران بەڕێوە ببەن. ئەزموونی ئێمە لە کوردستان ئەوەمان پێ دەڵێ کە ڕێکخستن و بەڕێکخراوبوون بنەمای دروستکردنەوەی ئێرانی داهاتوو دەبێ. لەبەر ئەوەی خەڵک تووڕەن، بەئەنجام گەیاندنی شۆڕش کارێکی ئاسانترە، بەڵام ڕێکخستنەوەی کۆمەڵگەی دوای شۆڕش، ئەرکی سەرەکیی ئێمەیە. ساڵی ٥٧ شۆڕش کرا و هەموومان دژی ڕێژیمی پاشایەتی بووین، بەڵام دوای سەرکەوتنی شۆڕش و بنیاتنانی ئێرانی نوێ دیتمان کە چۆن ئەوانەی دەسەڵاتیان بەدەستەوە گرت ئەوانی تریان خستە پەراوێزەوە. بۆ ئەوەی ئەو ئەزموونە دووبارە نەبێتەوە، ئێمە پێویستە لە ئێستاوە قسە لەسەر چۆنیەتیی ئیدارەی ئێرانی داهاتوو بکەین. ئێمە وەک حیزبی دێموکراتی کوردستان پێمانوایە نابێت کۆی ئەو پرسانە بە داهاتوو بسپێرین و بڵێین با سندووقەکانی دەنگدان یەکلایان بکاتەوە. بەداخەوە تائێستاش لە ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست و وڵاتانی ئیسلامی، دیمۆکراسی و دامەزراوە مەدەنییەکان نەگەیشتوونەتە ئاستێک کە بەبێ کێشە بتوانین ئەو قۆناغە تێپەڕێنین.

**سیاسەتی ئێمە لەو پەیوەندییەدا چییە؟**

پێویستە پێکهێنانی ئالترناتیو ڕەنگدانەوەی واقعییەتەکانی کۆمەڵگەی ئێران بێ. ئێمە لەسەر ئەو بڕوایەین ئێران وڵاتێکی فرەنەتەوەیە و پێویستە نەتەوە جیاوازەکان پێکەوە ڕێکبکەون. کاتێک باس لە فرەنەتەوەیی دەکەم نابێت تەنیا سەرنجمان بەرەولای کوردەکان، بەلووچەکان و ئازەرییەکان بچێت، لە ڕوانگەی منەوە فارسەکانیش بەشێکن لەو وڵاتە فرەنەتەوەیە و لەسەر ئەو بڕوایەین ئیدارەی ئێرانی داهاتوو بەبێ بەشداریی چالاکی نەتەوەی فارس وەک یەک لە نەتەوەکان وەدی نایەت. هەر بۆیە هیوادارم کۆنگرەی نەتەوەکان فراوانتر بێتەوە و لەسەر ئەو بنەمایە بتوانین لەسەر داهاتوو ڕێکبکەوین.

سەبارەت بەو ئالترناتیوانەی تائێستا باسیان لێ کراوە ئێمە وەک حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران، دوو سیستەممان ئەزموون کردووە: سیستەمی پاشایەتی و دواتر سیستەمی سەرەڕۆی دینیی کۆماری ئیسلامی. ئێمە بەتەواوی دژی ئەو دوو جۆرە نیزامی سیاسییەین و ڕەتیان دەکەینەوە. لە هەمان کاتدا بڕوامان بەوە هەیە کە لایەنگرانی ڕەوتە جیاوازەکان لەنێو ئێراندا هەن. ئێمە پێمان وایە سیستەمی کۆماری دەتوانێ ئالترناتیوێکی گونجاو بێ بۆ داهاتووی ئێران. کۆماریخوازی لەسەر بنەمای دانانان بە ئێرانی فرەنەتەوە، جیایی دین لە دەوڵەت، دیمۆکراسی، دابەشکردنی دەسەڵات و ڕەتکردنەوەی ناوەندگەرایی لە ئێراندا دەتوانێ بنەمایەکی باش بۆ دروستکردنەوەی ئێرانی داهاتوو بێ.

لە پەیوەندی لەگەڵ کوردستان و حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران دەمهەوێ جەخت لەوە بکەمەوە کە حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران هەرگیز بێ تەفاوەت نەبووە سەبارەت بە دارشتنەوەی داهاتووی ئێران و بەڕێوەبردنی، ئێمە تێچووی زۆر و قورسمان لەو پێناوەدا داوە. دوکتور شەرەفکەندی لە کۆبوونەوەی لەگەڵ حیزب و ڕێکخراوە غەیرە کوردەکانی دژبەری ئێران لە بێرلین تیرۆر کرا. ئێمە نرخی گەورەمان بۆ پێکهێنانی یەکگرتوویی لەنێو حیزب و ڕێکخراوە دژبەرەکانی کۆماری ئیسلامی داوە. ئێمە بۆچوون و ڕێگەچارەی خۆمان هەیە، کار لەسەر ئەوە دەکەین و لە داهاتووشدا سەبارەت بە داهاتووی ئێران بێ تەفاوەت نابین.

سەبارەت بە پێکهێنانی ئالترناتیو کە باسی لێ دەکرێ و بۆتە جێگای سەرنجی میدیاکان، لێرەدا ئاماژە بە هەڵوێستی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران دەکەم.

لەسەر بنەمای باوەڕمان بەو واقعییەتەی کە دەبێ حیزبە سیاسییەکان پێکەوە ئالترناتیو دروست بکەن، مەنشووری جۆرج تاون ڕەت دەکەینەوە و پێمانوایە پەلە کراوە لەو پرۆسەیەدا، پێویست بوو وتووێژی زیاتر لەنێوان حیزب و ڕێکخراوە جیاوازەکاندا کرابایە. هەر بۆیە ئێمە داوا لە خەڵکی کوردستان ناکەین پشتیوانی لە مەنشووری جۆرج تاون بکەن. ئەوە بەو مانایە نییە ئێمە شەڕمان ڕاگەیاندبێ، بەو مانایەش نییە کە ئێمە بەدوای دژایەتی لەگەڵ ئەم و ئەو بین. ئێمە لە کۆمەڵگەی کوردستاندا لە پەیوەندی لەگەڵ چۆنیەتیی هەڵسوکەوتمان لەگەڵ ڕێکخراوە ئێرانییەکان بەرەوڕووی ڕەخنەی زۆر بووینەتەوە.

لە کۆتاییدا دووبارە ئاماژە بەوە دەکەم کە وەکوو حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران لە پەیوەندی لەگەڵ چۆنیەتیی پێکهێنانی ئالترناتیو، کار لەسەر سیستەمی کۆماری دەکەین بە بەشداریی گرووپە ئیتنیکی و نەتەوەییە جیاوازەکانی نێو ئێران و هەروەها هەموو ئەو ڕەوت و ڕێکخراوانەی باوەڕیان بە دیمۆکراسی و ڕەتکردنەوەی ناوەندگەرایی و جیایی دین لە دەوڵەتن و حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران لەئێستادا سەرقاڵی وتووێژێکی بەرفراوانە لەگەڵ گرووپە ئیتنیکی و نەتەوەییە جیاوازەکانە.

دیسان سپاستان دەکەم بۆ ئەو دەرفەتەی پێتان دام و هیوادارم ئەو باس و گفتوگۆیانە بەردەوام بن.

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان میدیا – ڕێکەوتی: ٨ی خاکەلێوەی ٢٧٢٣

## دیداری وتەبێژی حیزبی دێموکرات لەگەڵ سەرۆکی کۆمیتەی "دۆستایەتیی کورد و کانادا"




کاک خالید عەزیزی، وتەبێژی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران، لە درێژەی دیدار و چاوپێکەوتنەکانی لەگەڵ کەسایەتی، ڕێکخراو، بنکە و بونیادە جۆراجۆرە جیهانییەکان، لە کانادا لەگەڵ "تۆم کمیچ"، پارلمانتار و سەرۆکی کۆمیتەی دۆستایەتیی کورد و کانادا لە پارلمانی ئەو وڵاتە، کۆ بووەوە.

وتەبێژی حیزبی دێموکرات لەم کۆبوونەیەدا سەبارەت بە دوایین ئاڵوگۆڕەکانی کوردستان و ئێران، قسە و باسێکی پێشکەش کرد و لەم چوارچێوەیەدا بایەخی زیاتری بە تایبەتمەندییەکانی شۆڕشی ژینا و ڕاپەڕینی گەلانی ئێران دا.

لە تەوەرێکی دیکەدا، کاک خالید عەزیزی، باسی لە سیاسەتەکانی کانادا لەهەمبەر ڕێژیمی ئێران کرد و لەبارەی هەوڵەکان بۆ بە تیرۆریستناساندنی سپای پاسداران دوا و داوای لەو پارلمانتارە کرد کە گرینگیی زیاتر بەو بابەتە بدەن.

لە بەشێکی دیکەی ئەو دیدارەدا، وتەبێژی حیزب سەبارەت بە بابەتە یاساییەکانی کانادا لەبارەی حیزبی دێموکرات لەو وڵاتە قسەیان کرد و لەم بارەوە کۆمەڵێک پێشنیار و بابەت تاوتوێ کران و بڕیار درا بە وردی بەدواداچوونیان بۆ بکرێت.

"تۆم کمیج"، ئەندامی پارلمانی کانادا لەسەر لیستی پارتی پارێزکاران، باسی لە گرینگیی پرسی کورد و پێگەی مێژوویی حیزبی دێموکرات کرد.

ناوبراو لە درێژەی قسەکانیدا سەبارەت بە هەنگاوەکانیان دژی ڕێژیمی ئێران قسەی کرد و باسی لەوەش کرد کە لە ماوەی ڕابردوودا کانادا بووەتە شوێنی حەسانەوە و بازرگانیی مۆرەکانی کۆماری ئیسلامی و لەم بارەوە ئاشکرای کرد حیزبی کۆنەپارێزان و هاوبیرەکانیان بە جیددییەتەوە کار دەکەن تاکوو ئەو وڵاتە لە هەموو مەیدانەکاندا دژی تاران هەنگاو بنێت و کۆماری ئیسلامی لە بنکە و ناوەندە جیهانییەکان دەر بکرێت.

دوو لایەن وێڕای دەربڕینی خۆشحاڵیی خۆیان لەو دیدارە، بڕیاریان دا پێکەوە درێژە بە دیدار و چاوپێکەوتنەکان بدەن، هەروەها بڕیاریان دا پێکەوە لەسەر چەند بەرنامەی هاوبەش دژی کۆماری ئیسلامی کار بکەن.

لەم دیدارەدا، ڕەحیم ڕەشیدی، ئەندامی ئەنستیتۆتی گوڵد بۆ ستراتیژیی نێونەتەوەیی، هاوڕێیەتیی وتەبێژی حیزبی کرد. ناوبراو سپاسی دۆسایەتی و دڵسۆزی ئەو ئەندامەی پارلمانی کانادای کرد کە گرینگیی زۆر بە دۆزی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان و پرسەکانی گرێدراو بە ئێران دەدا و هەر ئەوەش وای کردووە لە شاری تۆرێنتۆ چاوی بە وتەبێژی حیزب بکەوێت.

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان میدیا – ڕێکەوتی: ٩ی خاکەلێوەی ٢٧٢٣

## ناکرێ هەموو شتێک بە دێموکراسی لە داهاتوودا بسپێرین

خالید عەزیزی لە وتووێژ لەگەڵ دەنگی کوردیی ئەمریکادا بە پێداگری لەسەر بنەما فکری و سیاسییەکانی حیزبی دێموکرات بۆ ئێرانی داهاتوو ڕایگەیاند ئێرانی داهاتوو دەبێ لەسەر چەند بنەما دابمەزرێتەوە کە یەکەمیان قبووڵکردنی ئەو واقعییەتە کە وڵاتی ئێران فرەنەتەوەیە. دووهەم، لە پرۆسەی بنیاتنانەوەی ئێراندا ناکرێ هەموو شتێک بە دێموکراسی لە داهاتوودا بسپێرین، بەڵکوو بە سەرنجدان بە ئەزموونی سیاسی لە سەت ساڵی ڕابردووی ئەم وڵاتەدا، دەبێ لەسەر چەند خاڵێکی جەوهەری ڕێککەوتنمان هەبێت کە بریتین لە: جیایی دین لە دەوڵەت، ڕەتکردنەوەی نیزامی سیاسیی پاشایەتی و تیۆکراسیی دینی، ڕەتکردنەوەی نیزامی سیاسی-ئیداریی ناوەندگەرا، باوەڕ بە دێموکراسی و ماف کە هەموو ئەو مافانە دەبێ قسەیان لەسەر بکرێت و لەسەریان ساغ بینەوە. لایەنە سیاسییەکان لە ئێران دەبێ بایەخ بە پەیامی کوردەکان بدەن کە ئەوان نەک هەڕەشە بۆ سەر داهاتووی وڵات نین، بەڵکوو چارەسەری پرسی کورد و پرسی نەتەوەکان لە ئێران دەبێ وەک دەرفەت بۆ تێپەڕین لە قەیران و ناسەقامگیرییەکان وڵات چاویان لێ بکرێت؛ بەتایبەت کە دەوری بەرچاو و شوێندانەری کورد لە شۆڕشی خەڵک بەدژی کۆماری ئیسلامیدا شتێک نییە بکرێ حاشای لێ بکرێ یان ئەوەی پەراوێز بخرێت.

وتەبێژی حیزبی دێموکرات لەو دیمانەیەدا تیشکی خستە سەر ئەو بابەتە کە باشترین بژاردە بۆ دروستبوونی ئاڵتەرناتیڤ بۆ کۆماری ئیسلامی دەکرا لە نێوخۆی وڵات با، بەڵام بەداخەوە سیاسەتەکانی کۆماری ئیسلامی لە بواری سەرکوت و داپڵۆسیندا مەجالی بۆ ئەوە نەهێشتۆتەوە. چونکی خەڵک لە نێوخۆی وڵات لە دڵی کێشە و ڕووداوەکاندان و باشتریش دەتوانن لەسەر چارەسەرەکان ساغ ببنەوە و لەگەڵ یەکتری پێکبێن، بە واتایەکی دی جووڵانەوەی ئێعترازی و شۆڕشی خەڵک لە نێوخۆ پێی لەسەر عەرزی واقعە، بەڵام لە دەرەوە بەو چەشنە نییە. بۆیەشە خەڵک لە نێوخۆ لەنێو نەتەوە جیاوازەکاندا پشتی یەکتری دەگرن و لە بەرژەوەندیی یەکتر دروشم دەدەن و خۆیان بە هاوچارەنووس و هاوخەباتی یەکتری دەزانن؛ کەچی لە دەرەوە بە هێنانەبەرباسی هیندێک بابەتی وەک تەمامییەتی ئەرزی گرفت و ئاستەنگ لە بەردەم جووڵانەوەکەدا دروست دەکەن.

کاک خالید عەزیزی لە بەشێکی دیکەی دیمانەکەیدا گوتی کە دوای هاتنەگۆڕێی چەند مەنشوور و بەردەوامیی دانیشتنەکان و کاردانەوەکان لە نێوخۆی وڵات دەردەکەوێ کە ئاڵتەرناتیڤێکی کۆماریخوازیی دێموکراتیک و فرەچەشن پتر دەتوانێ بەختی

ڕاکێشـان و یەکخسـتنی خەڵکی لە دژی کۆمـاری ئیسـلامی هەبێت. بەڕێزیـان لەبـارەی ئاسـتی هاوپێوەنـدیی نەتەوەیـی و یەکگوتـاریی کـورد و هێـزە سیاسییەکانی ڕایگەیانـد ناوەنـدی هاوکـاری کە وەک هەنگـاوی یەکەم پـاش زۆر لێکتـرازان و پرشوبڵاویی هێزە سیاسییەکان دامەزرا، بۆ کۆمەڵێک کاروپرۆژەی هاوبەشی ڕۆژانەی خەبات بـاش جووڵاوەتەوە. بەڵام ئەگەر بیهەوێ کاری گەورەتر بکات، دەبێ پەرەی پێ بدرێ. ئەگەر بمانەوێ بیکەین بە بەرە، بەرە بە دوو حیزب پێک نایەت و دەبێ سەرلەنوێ خوێندنەوەی بۆ بکرێ و هێز و لایەنی سیاسیی دیکەش خۆی تێدا ببیننەوە.

وتەبێژی حیزبی دێموکرات لە وەڵامی پرسیارێکدا لەبارەی گرێتین گرتنەوەی شۆڕشی ژینا گوتی: کۆماری ئیسلامی بە زەبـری چەک و تونـدوتیژی توانیـویەتی شەقامەکان هێـور بکـاتەوە، بەڵام ئەوە کـاتییە. چـونکی کێشـە و قەیـران و پرسـەکان بە چارەسەرنەکراوی هەر لەجێی خۆیانن؛ بەتـایبەت قەیرانی ئابووری کە چاوەڕوانی تەقینەوەیەکی گەورەی نـاڕەزایەتییەکـانی لێ دەکرێ. بۆیە سەرەڕای ئەوەی کۆماری ئیسلامی بە سازان و پێداچوونەوە بە پێوەنـدییەکانی لەگەڵ دنیـای دەرەوە دەیەوێ شەرعییەتێکی نێودەوڵەتی بۆخـۆی دەستەبەر بکـاتەوە هەتـا کێشـە و قەیرانەکـانی وڵات وەک پرسێکی نێوخـۆیی دەربخـات؛ بەڵام ئێمە دەبێ لە قۆناغی یەکەمی شۆڕشی ژینـادا ئەزموونی پێویستیمان بـۆ بەردەوامیـی شـۆڕش و جووڵانەوەی نـاڕەزایەتی لەدژی کۆماری ئیسلامی وەرگرتبێت.

کاک خالید عەزیزی لەبارەی بەردەوامیی شۆڕشی ژینا و کاردانەوەی کۆماری ئیسلامی بەتـایبەت لە کوردستان گوتی: ڕەفتـاری کۆمـاری ئیسـلامی بەنیسـبەت نـاڕەزایەتییەکـان لە کوردسـتان جیـاواز بـوو. تونـدوتیژیی زیـاتر لە کوردسـتان کـرا، لەچـاو ناوچەکـانی دیکە خەڵکێکی زۆر زیـاتری لە کوردستان کوشت و بگـرە و بەردەی زۆر زیـاتری وەرێخست. ویستی حیزبەکـان تووشی شەڕ بکـات بـۆوەی باشتر و ئاسـانتر شەرعییەت بە سـەرکوت و کوشتـاری خەڵـک لە کوردسـتان بـدات و تەنـانەت بـۆ گوشارخستنە سەر حیزبەکان، بەتـایبەت حیزبی دێموکرات و چەند جار هێرشی مووشەکیی کـردە سەری. بـۆیە بـۆ سەرخسـتنی جووڵانەوەکە و دەستەبەری دەسکەوتی پتـر و کەمکردنەوە لە تێچووەکـانی لەسـەر خەڵکی کوردسـتان دەبـێ زیـاتر ڕەهەنـدی سەرانسەریی پێ بدرێ و بۆ ئەوەش دەبێ وێژمانێک زاڵ بێ کە هەموو جۆراوجۆرییەکانی ئێران خۆیانی تێدا ببیننەوە.

وتەبێـژی حیزبـی دێمـوکراتی کوردسـتانی ئێـران بە ئـامـاژە بە فـاکتەری دیـاریکەری کـورد لە هاوکێشەکانی ئێرانـدا و پرسـی هاوپەیمانی گـوتی: کـورد ئەزموونی دەیـان سـاڵ خەبـاتی سیاسـی و مەدەنـی و کـاری ڕێکخراوەیـی هەیە و بەشەکانی دیکەی ئێران پێویستییان بەو ئەزموونە هەیە و ئەو چاوەڕوانییەش هەر لە کورد دەکرێت، چونکی داهـاتووی ئێـران دەبـێ لەسـەر بنەمـای کـاری حیزبـی و ڕێکخراوەیـی بنیـات بنـرێتەوە و کـورد لەو پێوەنـدییەدا ئەزموون و پاشخانێکی دەوڵەمەنـدی هەیە. بەڕێزیـان لەبـارەی پشـتیوانیی دەرەکـی لە جـووڵانەوەکە گـوتی: پێوەنـدییە نێودەوڵەتییەکـان لەسـەر بنەمـای پاراسـتنی

سەقامگیریی ئەمنییەت و بەرژەوەندی بیچمی گرتووە، بەڵام دنیای دەرەوە هەتا ئێستا ئەو قەناعەتەی بۆ دروست نەبووە کە کۆماری ئیسلامی دەبێ بڕوا و بە ئێعتباری ئەوە بێن گرینگی بە ئۆپۆزیسیۆنی ئەو ڕێژیمە بدەن و بیکەنە لایەنی بەرانبەری خۆیان.

**سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان میدیا – ڕێکەوتی: ١٤ی خاکەلێوەی ٢٧٢٣**

---

## چیدی قایل نابین لە هەر کۆبوونەوەیەکدا باسی تەمامییەتی ئەرزی بێتە گۆڕێ

**ئاماژە**: حەوتووی ڕابردوو کاک خالید عەزیزی، وتەبێژی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران میوانی بەرنامەی "داهاتووی حیزبەکانی کوردستانی ئێران" لە دەنگی ئەمریکا بوو. میوانێکی دیکەی بەرنامەکە بەڕێز کاک عەبدوڵلا موهتەدی، سکرتێری کۆمەڵەی شۆڕشگێڕی زەحمەتکێشانی کوردستانی ئێران بوو. پرسی هاوپەیمانی لەنێو ئۆپۆزیسیۆن، مەنشوورەکەی جۆرج تاون و داهاتووی شۆڕشی ژینا تەوەرە سەرەکییەکانی ئەم وتووێژە بوون. "کوردستان" پوختەی سەرنج و بۆچوونەکانی کاک خالید عەزیزی لەم دیمانەیەی کردووەتە کوردی و بۆ خوێنەرانی گواستۆتەوە.

کاک خالید عەزیزی، وتەبێژی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران لە وەڵامی ئەو پرسیارەدا کە "وێدەچێ لە چەند مانگی ڕابردوودا دوای ڕاگەیاندنی مەنشوورەکەی جۆرج تاون حیزبە کوردییەکان لەنێو خۆیاندا تووشی ناکۆکی بووبن و، ئەمە چەند ڕاستە؟"، گوتی: بوونی بۆچوونی جیاواز شتێکی تەواو ئاساییە، بەڵام لێرەدا بابەتێک هەیە. هەمووان دەزانین بزووتنەوەی ژینا چەخماغەکەی لە کوردستان لێ درا و بەهۆی یەکگرتوویی خەڵکەوە بۆ هەموو ناوچەکانی دیکە پەلی هاویشت. کەچی لە دەرەوەی وڵات ئۆپۆزیسیۆنی ڕێژیم نەیتوانی شۆڕشی خەڵک لەپێناو دروستکردنی هاوپەیمانییەک بۆ ڕێبەریکردنی شۆڕشەکە و جێگرەوەی کۆماری ئیسلامیدا مودیرییەت بکات. حیزب و لایەنە سیاسییەکانی دەرەوەی وڵات بە سەر شۆڕشەکەدا کەوتن و بێگومان لەنێو ئەو هەمووە بیروبۆچوونە جیاواز و، تەنانەت دژ بە یەکیشدا تا ڕادەیەک سرووشتییە جیاوازیی بیروبۆچوون لەسەر هاوپەیمانییەکان دروست بووبێت. ئەوەندەی کە بۆ حیزبە کوردییەکان و بەڕوونی حیزبی دێموکرات و کۆمەڵە دەگەڕێتەوە، ئێمە لە ناوەندی هاوکاریی حیزبەکانی کوردستانی ئێراندا پێکەوەین، بەڵام لەسەر پرسی چەندیوچۆنیی هاوپەیمانی و ئاڵترناتیڤی کۆماری ئیسلامیدا ناکۆکیی بیروبۆچوونمان هەیە. ئێمە وەک حیزبی دێموکرات پێمان وایە ئەو هاوپەیمانی و ئاڵترناتیڤی کۆماری ئیسلامی دەبێ دەرەنجامی ڕێککەوتن و هاوکاریی نێوان حیزب و ڕێکخراوە سیاسیەکان بێت، نەک ئاکامی دانیشتن و ساغبوونەوەی سێلێبریتییەکان. ئێمە ڕێزمان بۆ خەباتی هەموو تاکێک هەیە لە دژی کۆماری ئیسلامی، بەڵام لەسەر ئەو بڕوایە نین کە ئیدارەکردنی ئێرانی داهاتوو بە سێلێبریتییەکان بسپێردرێ. وەک چۆن لە هەموو وڵاتە دێموکراتیکەکاندا ئەوە حیزبە سیاسییەکانن لە ئەنجامی کێبرکێ یان هاوکاریی نێوانیاندا لەسەر ئیدارەکردنی وڵات ساغ دەبنەوە.

کاک خالید عەزیزی لە وەڵامی ئەو پرسیارەی "سیامەک دێهقان‌پوور"دا کە ئاخۆ ئێوە "شازادە ڕەزا پەهلەوی" بە سێلێبریتی دەزانن، گوتی :ئاغای پەهلەوی تا ئەوکاتەی نوێنەرایەتیی بیروبوچوونی حیزبێکی سیاسی بە بەرنامە و ئامانجی دیاریی خۆیانەوە نەکات، بە سێلێبریتی دادەنرێت. حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێرانیش هەوڵ دەدا لەگەڵ حیزبە سیاسییەکان رێککەوتنی هەبێت، هۆکارەکەشی ئەوەیە تاکەکان و سێلیبریتییەکان تەنیا لە بەرانبەر خۆیاندا خۆیان بە بەرپرسیار دەزانن، چونکی کۆنگرەیەک، کۆمیتە ناوەندییەک، ڕێبەرییەک و خەڵکێک نییە هەتا لێپرسینەوەیان لێ بکات. ئەوان هەرکات پێیان خۆش بێ لەو ڕێگایەدا لەگەڵت دەکەون و هەرکاتێکیش نەیانویست گۆڕەپانەکە چۆڵ دەکەن. ئێمە لە حیزبی دێموکراتدا پێمان وایە لەپێوەندی لەگەڵ خەبات دژی کۆماری ئیسلامیدا و لە ڕیزبەندیی دژبەرانی ئەو ڕێژیمەدا بەتایبەت لە دەرەوەی وڵات حیزب و لایەنی سیاسیی جۆراوجۆر بە بیروبۆچوونی جیاواز زۆرن. مادام ئەو حیزب و لایەنە سیاسییانەمان هەیە، چ پێویست دەکا ئێمە خەڵک بۆ تاکگەرایی هان بدەین، بەتایبەت لە کاتێکدا کۆمەڵگەی ئێران پێویستیی بە ڕێکخستن و کاری ڕێکخراوەیی هەیە.

وتەبێژی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران هەر لەو چوارچێوەیەدا پێی لەسەر سیاسەتەکانی حیزبی دێموکرات لە وتووێژ و پەرەپێدان بە هاوپێوەندیی نێوان حیزب و لایەنە سیاسییەکان داگرتەوە و ئاماژەی بەوە دا کە لەبەر ڕۆشنایی ئەم سیاسەتە لە ساڵانی پێشوودا لەگەڵ زۆربەی لایەنە سیاسییەکان پێوەندیمان هەبووە. ئێمە دژی ئەتومیزەکردن و دابەشکردنی کۆمەڵگە بەسەر جەمسەرەکاندایین و دەمانەوێ ئێران شەبەنگ و ڕەنگدانەوەی هەموو جۆراوجۆرییەکانی ئەم کۆمەڵگەیە بێت.

بەڕێزیان لەبارەی هەڵوێستی حیزبی دێموکرات لەهەمبەر مەنشووری "جۆرج تاون" ڕایگەیاند: لە ڕاگەیاندنی مەنشووری جۆرج تاوندا پەلە کرا، ئێمە ڕێز لە وتووێژ و ڕێککەوتن و خستەڕووی نەخشەڕێیەکان دەگرین، بەڵام حیزبی دێموکرات لەسەر ئەو باوەڕەیە ڕێککەوتنەکان دەبێ لەسەر بنەمای عەرزی واقع بن. ئێران وڵاتێکی فرەنەتەوەیە و واقعییەتەکانی کۆمەڵگەی ئێران دەبێ لە مەنشوورەکاندا ڕەنگ بداتەوە، کە لە مەنشوورەکەی جۆرج تاون‌دا ئەو ڕاستییانە پشتگوێ خراون. هەروەها لەبارەی مەنشوورەکەی جۆرج تاوندا ناوەندی هاوکاری وەک ناوەند نەچووە نێو ئەو پرۆسەیە و ئەوەی کراوە هیچ پێوەندییەکی بە حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێرانەوە نییە. کاک خالید لە وەڵامی ئەو پرسیارەدا کە پێی وانییە کوردەکان لە ئێستادا دەرفەتێکی مێژوویی لەکیس خۆیان دەدەن، گوتی: نیگەرانی ئەوە نین بڵێین هەلێکمان لەکیس چووبێت، بەڵام ئارەزوومان دەکرد لایەنە سیاسییەکان وتووێژ و ڕێککەوتنی زیاتریان لەنێواندا هەبا. لە کۆبوونەوەکەی "تۆرێنتۆ"دا ئەو دەرفەتە بۆ حیزبی دێموکرات دروست بوو بتوانێ لە نیزیکەوە لەگەڵ حیزب و کەسایەتی و لایەنە سیاسییە جۆراوجۆرەکانی نەتەوەکانی دیکە لە ئێران کە باوەڕیان بە کۆماریخوازی وەک ئاڵترناتیڤێک بۆ داهاتووی ئێران هەیە، لە

نیزیکەوە وتوویژ و دانوستانی هەبێت کە پێشوازیی زۆری لێ کرا. دیارە کۆبوونەوەی ئێمە و باسکردن لە کۆماریخوازی و وتوویژی نێوان کۆنگرەی نەتەوەکانی فیدراڵ و لایەنە سیاسیەکانی دیکە لەسەر داهاتووی ئێران و گەیشتن بە ئیجماعێکی نیسبی نابێ بە دوژمنایەتی و کێبرکێ لەگەڵ مەنشوور جۆرج تاون لێک بدرێتەوە؛ بەڵام ئێمە بەڕوونی گوتوومانە کە لەگەڵ ئەو مەنشوورە نین.

بەڕێزیان لە وەڵامی ئەو پرسیارەدا کە کێشەی حیزبی دێموکرات لەگەڵ مەنشووری جۆرج تاون چییە، گوتی : ئەم مەنشوورە ئێران بە وڵاتێکی فرەنەتەوە دانانێت. ئەوەندەش کە بۆ ماف و ئازادییەکانی نەتەوەکان لە ئێران و پرسی چەندیوچۆنیی هاوبەشی لە دەسەڵات و وەلانانی ناوەندگەرایی دەگەڕێتەوە، شەففافییەت و ڕوونبێژیی پێویستی نییە. لەلایەکی دیکەوە بۆچی هەرکاتێک ئێمە دێین لەسەر داهاتووی ئێران لەگەڵ لایەنە سیاسییەکان دانیشتن و وتوویژمان هەبێت، دەمودەست و بەر لە هەر شتێک باسی تەمامییەتی ئەرزی دەکرێت؟ بۆ مەگەر لە شوێنێکی ئەو ئێرانە هەڕەشە و مەترسییەک لەسەر وڵات دروست بووە؟ بەڕاستی ئەو جیاییخوازانە کێن؟ ئێمە ئیدی لە حیزبی دێموکراتدا قایل نابین لە هەر کۆبوونەوەیەکدا باسی تەمامییەتی ئەرزی بێتە گۆڕێ. بۆیە لە تەواوەتیی خۆیدا مەنشوورەکەی جۆرج تاون نەیتوانیوە خۆی لەو باسانە دەرباز بکات.

وتەبێژی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران لە وەڵامی ئەو سەرنجەدا کە مەنشوورەکەی "جۆرج تاون" لە زاری ئەوانەی ئیمزایان کردووە ساغبوونەوە لەسەر لانیکەمی ڕێککەوتنەکانە و دوایە دەکرێ پەرەیان پێ بدرێت، گوتی: ئێمە لە حیزبی دێموکراتدا پاشخانێکی مێژوویی دەوڵەمەندمان لەو باسانەدا هەیە. لەبیرمانە پێشەوا قازی محەممەد کاتی خۆی ئامادە بوو لەسەر لانیکەمەکان لەگەڵ حکوومەتی ناوەندیی پەهلەوی پێک بێت، دوای شۆڕشی گەلانی ئێران کە حکوومەتی ناوەندی خودموختاریی وەک نەخشەڕێی سیاسیی حیزبی دێموکرات لێ وەرنەگرتین، شەهید د. قاسملوو لە نامەکانیدا کە بۆ خومەینی و ڕێبەرانی دیکەی دەوڵەتی کاتیدا دەینووسین، ئامادەیی ئەوەی تێدا بوو لەسەر هەموو لانیکەمەکان لەگەڵیان دابنیشێ و وتووێژیان لەگەڵ بکات. ئێمە ئێستاش لامان وایە کە لەسەر خاڵە گشتییەکان نابێ لە سەرەتاوە بە زۆرترینەکانەوە بنووسێین و دەبێ لە لانیکەمەکانەوە دەست پێ بکەین. بەڵام قسە ئەوەیە لانیکەمەکان چین؟ هەرنەبێ یەکێک لە لانیکەمەکان ئەوەیە چ بکەین هەموو هێز و لایەنە سیاسییەکانی ئۆپۆزیسیۆنی کۆماری ئیسلامی لە نێوخۆ و دەرەوەی وڵات لە بەرەیەکدا دژی ئەو ڕێژیمە خەبات و تێکۆشانیان هەبێت، با بێین لەسەر ئەوانە قسە بکەین و لەسەریان ساغ بینەوە

کاک خالید عەزیزی لە وەڵامی ئەو پرسیارەی "دێهقانپوور"دا کە ئێوە ڕێبەرێکی پراگماتیستن و تەنانەت لە هەندێک برگەی خەباتەکەیاندا لە پێناو ئامانجەکانتاندا ئامادە بوون لەگەڵ کۆماری ئیسلامی وتووێژتان هەبێت، ئەدی چۆنە لە ماوەی شەش مانگی ڕابردوودا لەگەڵ ئاغای پەهلەوی دانەنیشتوون، گوتی: ئێمە پێش مەنشووری جۆرج تاون هێشتا لەسەر بەرنامە و نەخشەڕێیەک بەتەواوی ساغ نەببووینەوە کە بۆ بەڕێزیان یان کەس و لایەنەکانی دیکەی بنێرین و ڕای ئەوانیشی لەسەر وەربگرین. بەڵام ئەوان، ئەو چەند کەسەی مەنشوورەکەیان ڕاگەیاند بەر لە ڕاگەیاندنەکەی، مەنشوورەکەیان بۆ نەناردین و داوایان لە حیزبی دێموکرات نەکرد لەسەر مەنشوورەکە وتووێژ و دانوستانمان هەبێت.

وتەبێژی حیزبی دێموکرات لەبارەی نیزامی سیاسیی داهاتووی ئێران گوتی: ئێمە دوو نیزامی سیاسیی پاشایەتی و ئیستبدادی دینیی کۆماری ئیسلامیمان ڕەت کردۆتەوە، چونکی تاقی کراونەتەوە. لە ئێستاشدا وای دەبینین کە سیستمی کۆماری لەلایەن خەڵکەوە بەختی زیاتری هەبێت. بەڕێزیان لە شیکردنەوەی زیاتری ئەو بابەتەدا گوتی لە قۆناغی شۆڕشدا خەڵک تووڕەن و هەموو شتێک لەپێناو ڕووخاندن و گۆڕانکاریی خێرایە. بەڵام کۆمەڵگەی ئێران دەبێ لە ئارامی و لە فەزایەکی دێموکراتیک و لەسەر بنەمای ڕێککەوتنە دێموکراتیکەکاندا بنیات بنرێتەوە. ڕێککەوتنەکانیش دەبێ لەسەر بنەمای قەبووڵکردنی ئەو ڕاستییە بێت کە ئێران وڵاتێکی فرەنەتەوەیە و هەموو جۆراوجۆرییەکان دەبێ لە داڕشتنەوەیدا بەشدار بن و مافی خۆیان بدرێتێ. بنەما دەبێت هاوبەشیی هەموو پێکهاتەکان بێت و ئاسەوارێک لە ناوەندگەرێتی و پەراوێزخستنەکان نەمێنێت.

کاک خالید عەزیزی لە بەشێکی دیکەی ئەم دیمانەیەدا لەبارەی سندووقی دەنگدان و پرسی کەمایەتی و زۆرایەتیدا کە هیندێک کەس و لایەنی سیاسی وەک ئاغای پەهلەوی باسی دەکەن گوتی: بابەتەکانی پێوەندیدار بە کەمایەتی و زۆرایەتی تەنیا لە پێوەندی لەگەڵ دەنگداندا دێنە گۆڕێ، بەڵام کاتێک ئێمە دەڵێین ئێران وڵاتێکی فرەنەتەوەیە، ئیدی لێرەدا زۆرایەتی و کەمایەتی مانای نامێنێت و نابێ قسەی لەسەر بکرێت. نەتەوەکانی ئێران بە سەر کەمایەتی و زۆرایەتیدا دابەش ناکرێن، بۆیە بەر لە نووسینەوەی یاسای بنەڕەتی و دامەزرانی مەجلیسی دامەزرێنەران دەبێ لەسەر ئەو بابەتانە ساغ بینەوە، چونکی ناکرێ ئەو بابەتە جەوهەرییانە تەنیا بە دەنگدان یەکلا بکرێنەوە، لەبەر ئەوەی جۆراوجۆرییەکانی ئێران دەبێ دانیان پێدا بندرێت و مافەکانیان دەستەبەر و گەرەنتی بکرێت. لەبەر ئەوەش کە لە وڵاتانی دیکتاتۆریلێدراو و ئیسلامیدا دێموکراسی بەئاسانی یەکانگیر نابێ، هەر دەبێ بۆ بنەڕەتەکانی ڕێککەوتن بگەڕێینەوە کە دەتوانێ بەردی بناغەی یاسای بنەڕەتیی نوێی وڵاتیش بێت.

وتەبێژی حیزبی دێموکرات لەبارەی ئاڵای ئێران لەو دیمانەیەدا ڕایگەیاند: کاتێک ئێمە باس لە ئێرانی هەمووان دەکەین، لەسەر ئەو باوەڕەشین کە دەبێ ئەو ئێرانە هاوبەشە ئاڵایەکی هاوبەشیشی هەبێت و لەو بارەیەوە دەکرێ قسە بکەین و ڕێک بکەوین؛ وەک چۆن گوتومانە کە زمانی نەتەوەکان لە جوغرافیای خۆیاندا دەبێ پێیان بخوێندرێ و زمانی فارسییش دەتوانێ زمانی هاوبەشی هەموو نەتەوەکان لە ئێران بێت. بۆیە پرسی زمان، پرسی ئاڵا، پرسی چۆنیەتیی ئیدارەکردنی وڵات و زۆر پرس و بابەتی جەوهەریی دیکە دەبێ قسە و ڕێککەوتنیان لەسەر بکرێت، بۆیە گوتمان مەنشوورەکەی جۆرج تاون پەلەی زۆری لێ کرا؛ چونکی هەموو ئەو بابەتە گرینگانەی پێوەندییان بە شوناس و پێناسەکانەوە هەیە لەودا پشتگوێ خراون. بۆیە ئەو مەنشوورە لە کوردستان پێشوازیی لێ نەکرا. هۆیەکەشی ئەوەیە لە کوردستان پرسی شوناسخوازیی نەتەوەیی کە خەڵکی کورد تێچووی زۆریان بۆ داوە و تەنانەت لەو سۆنگەیەوە لەلایەن کۆماری ئیسلامییەوە مووشەکباران کراون و لەلایەن پاشایەتیخوازەکانیشەوە بەئامانج گیراون، ئەو پرس و بابەتانەیان بە لاوە زۆر گرینگە.

کاک خالید عەزیزی لە بەشی کۆتایی دیمانەکەدا بە بەرزنرخاندنی دەستکەوتەکانی بزووتنەوەی ژینا و بە تیشک خستنە سەر تێچووی قورسی ئەو شۆڕشە لە سەر شانی خەڵکی کوردستان کە کۆماری ئیسلامیی ئێران بە تۆڵەی مافخوازی بە هەموو تواناوە کردنی بە ئامانجی سەرکوت؛ بەڵام پێی وابوو شۆڕشی ژینا بەردەوام دەبێت. بەڕێزیان هیوای ئەوە خواست ئەزموونەکانی ئەم ماوەیەی شۆڕش و بەردەوامیی نارەزایەتییەکانی خەڵک ببێتە هۆی ئەوەی حیزب و لایەنە سیاسییەکانی ئۆپۆزیسیۆن بیکەنە دەستمایەیەکی باش لە پێناو ڕێککەوتن و دروستکردنی ئالترناتیڤێکی هەمەلایەسند بۆ تێپەڕین لە کۆماری ئیسلامی.

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان میدیا – ڕێکەوتی: ١ی بانەمەڕی ٢٧٢٣

## بە بوونی دێموکراسی ئێران هەڵناوەشێ، ئەوە ئیستبداد و دیکتاتۆرییە ئێران لەبەریەک هەڵدەتەکێنێ

**ئاماژە:** ڕۆژی سێشەممە ١٩ی بانەمەڕ، کاک خالید عەزیزی وتەبێژی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران، لە وتووێژێکی تایبەتدا لەگەڵ تەلەڤیزیۆنی "کوردکاناڵ" باسی لە هەندێ بابەتی گرنگی ڕۆژهەڵاتی کوردستان و ئێران وەک چۆنێتی ڕۆڵگێڕانی ئۆپۆزیسیونی دەرەوەی ئێران، مەنشووری جۆرج تاون، ڕووداوەکانی دوای شۆڕشی ژینا، هەوڵەکانی حیزبی دێموکرات بۆ ئامادەکردنی نەخشەڕێگایەکی گشتگیر و هەمەلایەنە، داهاتووی شۆڕشی ژینا و مشتومڕەکانی ئەم دواییانە لەمەڕ چەمکگەلێک وەک کۆماریخوازی، فیدرالیزم، ناوەندگەرێتی و پاراستنی یەکپارچەیی وڵات ی کرد. "کوردستان" پوختەیەک لە قسەکانی کاک خالید بۆ خوێنەرانی دەگوازێتەوە.

کاک خالیدی عەزیزی لە دەستپێکی ئەو وتووێژە و لە وەڵامی پرسیارێکدا سەبارەت بە چۆنیەتیی ڕۆڵگێڕانی ئۆپۆزیسیونی دەرەوەی ئێران لە ڕەوتی سەرهەڵدانی شۆڕشی ژینا، چالاکییەکان لە ئاڵمان، مەنشووری جۆرج تاون و شورای هاوئاهەنگی و هاوپەیمانی و هەڵوێستی حیزبی دێموکرات لەمەڕ ئەو ڕووداوانە و پێشهاتەکانی دیکەی دوای شۆڕشی ژینا، ڕایگەیاند: ڕاستییەکەی ئەوەیە لە قۆناغی یەکەمی ئەو بزووتنەوە یان ڕاپەڕینە گشتییە لە ئێراندا دژبە سیستمی کۆماری ئیسلامی، خەڵکی کوردستان و بەلووچستان تێچوویەکی یەکجار زۆریان دا. خەڵکی ئێران لە خۆپیشاندانەکانی سەرشەقام و لە خەباتی خۆیاندا یەکڕیزی و هاوئامانجی و جۆرێک لە یەکگرییان لەدژی ئەو ڕێژیمە پێشان دا. بەڵام سیستەمێکی سیاسی تەنیا بە نارەزایەتی و خۆپیشاندان ناڕووخێت. لە بنەڕەتدا، بۆ تێپەڕین لە سیستەمێکی سیاسی سەرەڕۆ و دیکتاتۆری وەک کۆماری ئیسلامی، پێویستمان بە جێگرەوە یان ئاڵترناتیڤێکی گونجاوە. ئەم بزووتنەوەیە لە خۆیدا هەڵگری هەندێ پەیام بوو، بەتایبەت ئەوە کە ئاراستە و بوارگەی ئەم جێگرەوە یان ئاڵترناتیفسازییە دەبێ چۆن بێت؟ لە ڕوانگەی ئێمەوە ئەم بزووتنەوەیە دەری خست کە لە نێوخۆی ئێراندا لە کاتی شۆڕشی ژینادا هەمووان پێکەوە لە دژی ئەو ڕژێمە بوون و جیاوازییەکی ئەوتۆ لە ئارادا نەبوو. لە دەرەوەی کوردستان، لە زۆرێک لە گەورەشارەکان خەڵک بە شانازییەوە ناوی کوردستان و بەلووچستانیان دەهێنا و ئەمەش کاریگەرییەکی زۆری هەبوو. بەڵام بەداخەوە لە نیوخۆی ئێراندا ئیمکانی دروستکردنی ڕێبەرایەتی نەبوو، بەناچار ئەو ڕێبەرایەتییە دەبێ لە دەرەوەی ئێران درووست بکرێت. جارێکی تر بەداخەوە کە بەهۆی نەبوون و دووربوونی درێژخایەنی بەشێک لە هێزەکانی دەرەوەی وڵات و بەشێک لە کەسایەتی یان سلێبریتییەکان لە ئێران، ڕەنگە ئەوەندە زانیاری پێویستیان لە نێوخۆی ئێران نەبووبێت کە تێگەیشتنێکی بنچینەییان لەو بزووتنەوە هەبێت و بەو پێیە قۆڵ لە دروستکردنی ئاڵترناتیف هەڵماڵن. هۆکاری سەرەکیی ئەمەش ئەوەیە کە دژایەتیکردن لەگەڵ

کۆماری ئیسلامی گشتگیر بووە. دەتوانین بڵێین ئێستا هەمووان- چ وەک تاکەکەس و چە لە چوارچێوەی حیزبە سیاسییەکاندا- ئۆپۆزیسیون بەهەژمار دێن. بەڵام ئاڵترناتیڤسازی بابەتێکی جیاوازە. لێرەدا باس لە میکانیزمی چۆنیەتیی بەڕێوەبردنی ئێران دەکرێت. پێموایە لە دەرەوەی ئێران ئەو ئامادەییە نەبوو و زۆرێک لەو هێز و کەسایەتییە سیاسیانە چاوەڕوانی ئەو دۆخەیان نەدەکرد و خافڵگیر بوون.

**وتەبێژی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران لەبارەی هۆکاری بڵاونەبوونەوەی نەخشەڕێی فەرمی لەلایەن حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێرانەوە کە دەرخەری ڕوانگەی ئەو حیزبە بەرانبەر هێز و لایەنەکانی دیکەی ئۆپۆزیسیون بێت کە زۆربەشیان سڵێبریتین، گوتی:** لەبنەڕەتدا حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران لەو سۆنگەوە کە پێی وایە پرسی ڕۆژهەڵاتی کوردستان لە چوارچێوەی ئێراندا چارەسەر دەبێت و ستراتیژی و بەرنامەی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێرانش گرێدراوی ئەو بنەما بنچینەییەیە، هەرگیز بە نیسبەت دۆخی هەنووکە و داهاتووی ئێران بێ تەفاوەت نەبووە و ناشبێت. بەڵام باسەکە ئەوەیە کە ڕوانگە و خوێندنەوەی ئێمە وەک حیزب، لە بنەڕەتدا لە ڕوانگە و گێڕانەوەی کەسایەتییەکان وەک تاک جیاوازە. ئێمە لەو بڕوایەداین کە دەبێ تێگەیشتنێکی بنچینەییمان هەبێت و تا کاتێک تێگەیشتنێکی بنچینەیی ورد و ڕوون سەبارەت چییەتی ئێران لە ئارادا نەبێت، بەئاسانی ناچینە قۆناغی ئاڵترناتیڤسازی و دۆزینەوەی ڕێگاچارە. لە ڕوانگەی حیزبی دێموکراتەوە، ئێران وڵاتێکی فرەنەتەوەیە و لەڕاستیدا، پشتگوێخستنی نەتەوەکان بەگشتی و نەتەوەی کورد بەتایبەتی، بووە هۆی سەرهەڵدانی سیستەمی ناوەندگەرا لە تاران. پێمانوایە تا کاتێک ئەم ناوەندگەرێتییە هەبێت، ئێران بەئاسانی ناچێتە قۆناغی دێموکراسی. لەبنەڕەتدا بۆ چوونە نێو قۆناغی دێموکراسی دەبێ دان بە فرەنەتەوەییبوونی ئێراندا بنرێت و پێکهاتە نەتەوەیی و سیاسی و ئایینییەکانیش بگەنە ڕێککەوتنێک بۆ ئەوەی بەپێی ئەو ڕێککەوتنانە بتوانین باس لە ئاڵترناتیڤ و جێگرەوە بکەین. ئێمە لە دوا کۆبوونەوەکانی حیزبەکەماندا، نەخشەڕێگایەکی توکمە و تا ڕادەیەکی زۆر بێکەموکوڕیمان ئامادە کردووە و پێمانوایە بەپێی ئەم نەخشەڕێگایە پێویستە لەگەڵ حیزبەکانی سەر بە نەتەوە جیاجیاکان، حیزبە کۆماریخوازەکان، ئەو حیزبانەی باوەڕیان بە دێموکراسی هەیە، ئەو هێزانەی کە لە دەرەوەی وڵات دامەزراون و هەروەها هێزەکانی نێوخۆی ئێران کە پێیان وایە دەبێ هەمووان پێکەوە بچنە نێو قۆناغی چۆنێتی چارەسەرکردنی پرسەکان لە چوارچێوەی ئاڵترناتیڤسازی لەسەر بنەمای پابەندبوون بە کۆماریخوازی، هاوکاری بکەین.

**بەڕێزیان لە وەڵامی پرسیارێکدا سەبارەت بە هەبوونی توێژی خۆڵەمێشی و ناچالاکبوونی گەورەشارەکان لە کاتی شۆڕشی ژینادا و بەرتەسکبوونەوەی شۆڕش لە کوردستان و بەلووچستان و بەشێک لە پارێزگای خۆراسان و بەگشتی سەبارەت بە خۆبواردنی گەورەشارەکان لە تێکەڵبوون بە خۆپێشاندانەکان، وێڕای ئاماژەدان بەوەی کە ئەوە یەکێک لە هۆکارەکان یان بەربەستە سەرەکییەکانی بزووتنەوە یان ڕاپەڕینی گشتی ژینا بووە، ڕایگەیاند:** هەڵبەت پێموایە لە گەورەشارەکانی

ئێرانیشدا هاوسۆزی و هاودەنگییەکی زۆر لەگەڵ خەباتکاران لە کوردستان و ناوچەکانی دیکەی ئێراندا هەبوو. بەڵام ئەوە ئەرکی ڕێبەران و کەسایەتی و حیزبە سیاسییەکانە کە خەباتەکە ڕێک بخەن. بەڵام مخابن دیاردە یان ئەو قسە سواوەی تەواوییەتی ئەرزی و جیاییخوازی بووەتە گرفتێکی گەورە. بەداخەوە لە دەرەوەی ئێران هەر کاتێک باس لە مەنشوورێک بکرێت، هەمیشە بە شێوازی جۆراوجۆر هەر لەگەڵ دەستپێکی باسکردن لە مەنشوورەکە ئەو باسانە دەبنە تەوەری سەرەکی وتووێژەکان. وەک حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران پێمانوایە لەڕاستیدا، هیچ پێویست ناکات لە کاتی سەرهەڵدانی ڕاپەڕینەکان و لە قۆناغی ئاڵترناتیڤسازیدا هێندە باس لە تەواوییەتی ئەرزی و جیاییخوازی بکرێت، چونکە لە بنەڕەتدا، ئێمە هیچ هەڕەشەیەکی جیاییخوازانە لەسەر ئێران لە هیچ سووچێکی ئەم وڵاتەدا نابینین و لە بنچینەدا باسکردن لە تەواویەتی ئەرزی بەم شێوازە بە هیچ جۆرێک یارمەتیدەری پرسەکە نییە. بۆیە، کاتێک هیچ هەڕەشەیەک لەلایەن کوردستان یان بەلووچستان یان هیچ شوێنێکی دیکەی ئێران سەبارەت بە هەڵوەشاندنەوە یان دابەشکردنی ئەو وڵاتە لەئارادا نییە، باسکردن لەو بابەتانە لەبنەڕەتدا هەڵەیە و کۆماری ئیسلامیش ئەوپەڕی کەڵکی لێ وەرگرتووە کە لەو بارەوە دەکرێت ئاماژە بە هێرش بۆ سەر کوردستان، هێرش بۆ سەر سنوورەکان و مووشەکبارانی ڕێبەرایەتی حیزبی دێموکرات و حیزبەکانی دیکەی ڕۆژهەڵات بکەین.

هەر بۆیە، وەک حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران چاوەڕوانین ڕێکخراوەکان، کەسایەتییەکان و حیزبە سەراسەرییەکان زیاتر بیر لەو بابەتە بکەنەوە و لەبنەڕەتدا لەمەبەدوا لە کاتی وتووێژەکان لەمەڕ چۆنیەتیی ئامادەکردنی ئاڵترناتیڤێک بۆ دوای کۆماری ئیسلامی باس لە تەواوییەتی ئەرزی و جیاییخوازی نەکەن، چونکە ئێمە پێمان وایە بە هەبوونی دێموکراسی ئێران دابەش نابێت، بەڵکو ئەوە سەرەڕۆیی و دیکتاتۆرییە کە دەبێتە هۆی هەڵوەشانەوەی ئێران و لە ئێستاشدا هۆکاری سەرەکیی ئەو هەڵوەشانەوەیە کۆماری ئیسلامییە. کاتێک ئەو ڕێژیمە هەندێک لایەن پەراوێز دەخات و بە شێوازێک هەڵسوکەوت و سیاسەت دەکات کە پایتەخت و ئێران سەرنجڕاکێش نەبن، لە ئاکامدا دابڕان لە ناوەند لەنێو نەتەوە جۆراوجۆرەکاندا دەبێتە هەڵبژاردە و ئەمری واقع. سەرەڕای ئەوەی ئێمە وەک حیزبی دێموکرات باوەڕمان بە چارەسەرکردنی پرسی کورد لە چوارچێوەی ئێران و لە فۆرمی فیدرالیزم و جۆرێک لە خودموختاری هەیە، بەڵام بە هۆی هەڵسوکەوتی نابەرپرسیارانەی بەشێک لە ئۆپۆزیسیونی کۆماری ئیسلامی و پڕۆپاگەندەی ڕێژیم سەبارەت بە کوردستان و بەلووچستان و ڕەنگە سەبارەت بە ئازەرییەکان و نەتەوەکانی تر، ڕەنگە ئەو بیرۆکەیە سەر هەڵبدات و هەندێک بڵێن باشە ئێمە کە دەمانەوێت هەمووان پێکەوە ئێران بەڕێوە ببەین، بەڵام ئەوان نە بە خودموختاری و فیدرالیزم ڕازی دەبن و نە دان بە مافە نەتەوەییەکانماندا دەنێن، ئەگەر وایە چ پێویست دەکات نەتەوەکان چیدیکە لە چوارچێوەی ئێراندا بمێننەوە و لەو چوارچێوەیەدا هەوڵی دۆزینەوەی ڕێگەچارە بدەن؟ هەڵبەت من لێرەدا وەک وتەبێژی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران

دەڵێم، ئەوە ڕێگەچارەی ئێمە نییە، بەڵام هەڵسوکەوت و هەڵوێستەکانی کۆماری ئیسلامی و بەشێک لە ئۆپۆزیسیونی نابەرپرسیاری ڕێژیم لە دەرەوەی وڵات بە هۆی باسکردن لە تەواوییەتی ئەرزی و جیاییخوازی دەبنە هۆی سەرهەڵدانی ئەو جۆرە کاردانەوانە لە کوردستان و لەنێو نەتەوە جیاجیاکاندا.

کاک خالید عەزیزی لە بەشێکی تر لە وتووێژەکەیدا لە وەڵامی پرسیارێکدا سەبارەت بە هۆکارەکانی ڕەتکردنەوەی مەنشووری جورج تاون گوتی: لە ڕوانگەی ئێمەوە لەو مەنشوورەدا پرسە سەرەکییەکان و پێوەرەکان بزر بوون.

یەکەم، ئێمە پێمانوایە ئێران وڵاتێکی فرەنەتەوەیە و پشتگوێخستنی ئەم ڕاستییە هەڵگری پەیامێکی هەڵەیە بۆ نەتەوە جیاوازەکانی نێوخۆی ئێران کە پێشەنگ و سەرگوڵی بزووتنەوەی ژینا ئەمینی بوون. بۆیە پێویستە دان بەوەدا بنێین کە ئێران وڵاتێکی فرەنەتەوەیە. بەڵام ئەوان هەموو شتێکیان ئەسپاردووە بە داهاتوو و بە ئەنجومەنی دامەزرێنەران و دەڵێن نابێ لە ئێستادا سەبارەت بەو پرسانە قسە بکرێت و دەبێ لەسەر لانیکەمەکان ڕێک بکەوین! بەڵام ئەو ئەزموونەی لە شۆڕشی پێشوو هەمانە پێمان دەڵێت دوای پتەوکردنەوەی دەسەڵات لە ناوەندا هەموو بەڵێنەکان بوونەوە هیچ. هەر بۆیە ئێمە لەگەڵ ئەو مەنشوورانە یان ئەو ڕێگاچارانەدا نین کە هەموو شتێک دەسپێرن بە داهاتوو و دەڵێین کە پێویستە هەر لە ئێستاوە سەبارەت بە چۆنێتی بەڕێوەبردنی ئێران وتووێژ بکەین. پێویستە لەسەر فرەچەشنییەکانی نێو کۆمەڵگەی ئێران ڕێک بکەوین. ئەم ڕێککەوتنە دەتوانێ بنەمایەکی باش بێت بۆ داهاتووی ئێران. لە کاتی سەرهەڵدانی شۆڕشەکان لە جیهاندا کە سیستەمێکی سیاسی دەڕووخێت، وەک ئاماژەم پێدا، چۆنێتی بەڕێوەبردنی وڵات لە قۆناغی تێپەڕیندایە کە داهاتووی وڵات یەکلا دەکاتەوە. بەڵام لەو مەنشوورەدا ئەم خاڵانە ڕەنگیان نەدابووەوە. لەو سۆنگەوە کە پێمانوایە ئێران وڵاتێکی فرەنەتەوەیە، پێویستە سیستەمی داهاتوو سیستەمێکی کۆماری، بەرپرسیار، هەڵبژێردراو و نامیراتگر بێت و بە مەبەستی بێبەشکردنی خەڵک لە پرۆسەی بڕیاردان پەنا بۆ پاساوە ئایینییەکان نەبات. لەبنەڕەتدا دەبێ بە دانپێدانان بە فرەچەشنییەکان بەدواداچوون بۆ ئەم ڕێگەچارە بکرێت.

وتەبێژی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران، سەبارەت بە گرنگی نەدانی ئۆپۆزیسیونی دەرەوەی وڵات بە ڕووداوەکان و خەباتی نێوخۆ لە قۆناغی ئێستادا کە پێدەچێت لەسەر دامرکانی ڕواڵەتیی خۆپیشاندانەکان کاریگەریی هەبووبێت، ڕایگەیاند: ئەزموونی خەباتی ئێمە لە ڕۆژهەڵات دژ بە کۆماری ئیسلامی هەر لە سەرەتای دەسەڵاتگرتنییەوە تا ئێستا، پێمان دەڵێت کە ئەم ڕاپەڕینە هەوراز و نشێوی زۆر بە خۆیەوە دەبینێت. بۆ ئەوەی ئەم بزووتنەوە تا سەر تووشی مەندی و ڕاوەستاوی نەبێت، پێویستە ڕێبەرایەتی بکرێت. یەکێک لەو کێشانەی کە ئێمە لە دەرەوەی وڵات بۆ دژایەتی کۆماری ئیسلامی هەمانە، کێشەی بەڕێکخراوەنەبوون یان دوورکەوتنەوە لە حیزب یاخود دامەزراندنی حیزبە لاوازەکانە. ئەمەش دوو

هۆکاری لە پشتە: یەکەم، لە ڕاستیدا، لە ئێران تا ئێستاکەش دێموکراسی ئەزموون نەکراوە و دووەم، ئەوەی کە هەندێک ڕێکخراوە و حیزبی دژبەری ڕژێم، چ لە نێوخۆ و چ لە دەرەوە، هەن کە تووشی جیابوونەوە و دابڕانی زۆر بوون. کەسانێک هەن کە چالاکن و هەڵقولاوی ئەم دۆخەن. بۆیە ئەزموونی کوردستان پێمان دەڵێت کە دەبێ هەوڵی بەڕێکخراوەبوون و خۆڕێکخستن بدەین. سڕینەوەی حیزب بە مەبەستی هاندانی سلێبریتییەکان یان کەسایەتییە سیاسییەکان بە شێوەی تاکەکەس بیرۆکەیەکی باش نییە. ئەگەر بڕیار بێت ئەمە ڕێگەچارەی ئێرانی داهاتوو بێت، دێموکراسی لە ئێراندا بەم ئاسانییە جێگیر نابێت. هەروەک چۆن بینیمان کە ئەزموونی ئێمە لە کوردستان بووە هۆی ئەوەی ئەم بزووتنەوە زۆر باشتر ڕێبەرایەتی بکرێت و هۆکارەکەشی بەڕێکخراوەبوون و هەبوونی حیزبەکان بوو. هەر بۆیە، داواکاری ئێمە لەو کەسایەتیانە بە شێوەی تاکەکەسی چالاکی دەکەن ئەوەیە کە پێکەوە و بە شێوازێکی ڕێکخراوەیی بەرنامە جیاوازەکانیان پێشکەش بکەن. لە هەموو وڵاتانی دێموکرات و لە ئەورووپا و ئەمریکاشدا ئەوە حیزبە سیاسییەکانن کە دەچنە نێو میکانیزمی سیاسی بۆ بەدەستهێنانی دەسەڵاتی سیاسی. نموونەی بەرچاوی ئەمەش دۆناڵد ترامپ بوو لە ئەمریکا کە کاتێک وەک یەکەم میلیاردێر خۆی بۆ هەڵبژاردنەکانی سەرۆککۆماریی وڵاتەکەی بەربژێر کرد، ناچار بوو بچێتە نێو حیزبی کۆماریخوازەکان. بۆیە پێویستە کۆمەڵگە فێری ئەوە بکەین و کۆمەڵگەش خۆی بەوە ڕا بێنێت کە ئاراستەدان بە دامەزراوەکانی پەیوەندیدار بە دێموکراسی و بەکلتوورکردنی دێموکراسی لە داهاتووی ئێراندا، لەبنەڕەتدا ڕێکخستن و بەڕێکخراوەییکردنە و ئەو ڕێگەیە لە حیزبەکانەوە تێدەپەڕێت.

**بەڕێزیان بۆ ڕوونکردنەوەی زیاتری لێکدژیی چێکراوی هەندێ چەمکی وەک کۆماریخوازی و فیدرالیزم لەگەڵ ناوەندگەرێتی و تەواوییەتی ئەرزی و تایبەتمەندییەکان و پێوەرەکانی فیدرالیزم و کۆماریخوازی ڕایگەیاند:** ئێمە وەک حیزبی دێموکرات لە ڕابردوودا هەم بۆ چارەسەرکردنی پرسی کوردستان و هەم بۆ جێگیرکردنی دێموکراسی لە ئێراندا بەرنامەی جۆراوجۆرمان هەبووە. سەردەمانێک باوەڕمان بە خودموختاری بوو. تەنانەت دکتور قاسملوی نەمر وەک وتەبێژی شاندی نوێنەرایەتیی گەلی کورد لە دانوستانەکان لەگەڵ نوێنەرانی کۆماری ئیسلامی، بە مەبەستی ڕێگریکردن لە داسەپاندنی ئاسانی شەڕ بەسەر کوردستاندا لە لایەن ڕێژیمی کوماری ئیسلامییەوە، هەوڵی ڕێککەوتن لەسەر لانیکەمەکانی دەدا. لە قۆناغەکانی دواتردا بە هۆی پەرەسەندنی زیاتری خەباتەکەمان، فیدرالیزم وەک ڕێگەچارە دەستنیشان کرا. ئێمە هیچ لێکدژییەک لەنێوان فیدرالیزم یان خودموختاری لەگەڵ سیستەمی کۆماریخوازی نابینین. لەبنەڕەتدا ناونیشانی "کۆماری" ناونیشانێکە کە دەرفەتەی هەڵبژاردنی زیاتر - چ بە شێوەی جەماوەری و بە شێوەی پەرلەمانی- بۆ خەڵک دەڕەخسێنێت. سەرۆککۆمار چ لە پەرلەمان هەڵبژێردرێت و چ خەڵک هەڵیبژێرێت پرۆسەی هەڵبژاردن دەبووژێتەوە. ڕێگەچارەکانی ئێمە زیاتر دژی ناوەندگەرێتین. ناوەندگەرێتی بووەتە هۆی ئەوەی گرنگی بە پرسی نەتەوە جیاوازەکان و بە تایبەت نەتەوەی کورد نەدرێت. بۆیە ڕێگەچارەی ئێمە لە ئاراستەی دژایەتیکردنی ناوەندگەرێتی و قەبووڵکردنی بەشداریکردن، دژایەتیکردنی

هەڵاواردن و دانپێدانان بە مافی هەمووان، دژایەتیکردنی پشتگوێخستنی پەراوێز و قەبووڵکردنی پێکەوەژیانی ئیتنیک و نەتەوە جۆراوجۆرەکانە. ئەوسا ئاسایشی ئێران دابین دەبێت و ئەوکاتە پێویست ناکات باس لە تەواوییەتی ئەرزی و جیاییخوازی بکرێت. بەڵام ئەگەر بڕیار بێت دۆخەکە هەر بەم شێوەیەی ئێستا بەردەوام بێت، لەبنەڕەتدا ئەم باسانە هەرگیز کۆتاییان نایەت.

**کاک خالید عەزیزی لە وەڵامی ئەو پرسیارەدا کە حیزبی دێموکرات کەی نەخشەڕێ و مەنشووری تایبەت بە خۆی بڵاو دەکاتەوە، جەختی کردەوە:** ئێمە وەک حیزبی دێموکرات لەم ڕۆژانەی دواییدا نەخشەڕێگا یان گەڵاڵەیەکمان بە کۆدەنگی دارشتووە کە لە قۆناغی کۆتایی‌دایە. لە ڕاستیدا، ئامانجی ئێمە شەڕەمەنشوور نییە. بڕیار نییە هەر حیزب و لایەن و گرووپێک کە مەنشوورێکی بڵاو کردەوە، ئێمەش خێرا هەر بۆ دژایەتی و نکۆڵیکردنی ئەو مەنشوورە، مەنشوورێکی تایبەت پێشکەش بکەین. حیزبی دێموکرات ئەزموونی دوورودرێژی سەبارەت بە چۆنیەتیی مامەڵەکردن و پێشکەشکردنی ڕێگەچارە جیاوازەکان هەیە. هیوادارم لە ماوەی چەند حەوتووی داهاتوودا، گەڵاڵەکەی حیزبی دێموکرات لەگەڵ نەتەوە جیاجیاکان - بەلووچ، عەرەب، هێزە سیاسییەکانی ڕۆژهەڵات و ئازەرییەکان- بکەوێتە بەر باس و گفتوگۆ. لێرەدا دەمەوێت جەخت لەسەر ئەو خاڵە بکەمەوە کاتێک باس لە نەتەوەکان دەکەم، فارسەکانیش وەک یەکیک لە نەتەوەکانی ئێران دەبینم، هەر بۆیە باسی کەمینە و زۆرینە بێ‌مانایە. لە بنەڕەتدا تەنیا لە کاروباری پارلەمان و لە پرۆسەی بڕیاردانەدا کەڵک لە چەمکگەلی کەمینە و زۆرینە وەردەگیردرێت. بەدەر لەوە هیچ نەتەوەیەک بەرامبەر ئەوانی تر زۆرینە نییە و نەتەوەی فارسیش لەچاو ئەوانی تر کەمینە نییە. بیرۆکەی کەمینە- زۆرینە لە قازانجی دێموکراسی نییە. کەوابوو دەمانەوێت نەخشەڕێگاکەمان سەرەتا لەگەڵ حیزبەکانی سەر بە ئیتنیکەکان و لە قۆناغەکانی دیکەدا لەگەڵ هەموو حیزب و لایەنەکانی ئێران وەک ڕەوتی هاوپێوەندی (همبستگی)، شوڕای دێموکراسی‌خوازان، شورای تەسمیم، شوڕای مودیرییەتی گوزار و لایەنەکانی دیکە بخەینە بەر باس و خواس. دەمانەوێت پێکەوە باس لەم پرسە بکەین و هەوڵ دەدەین لە ئەزموونی دانوستانەکانی چوار مانگی ڕابردوو لەگەڵ حیزبەکانی دژبەری کۆماری ئیسلامی لە دەرەوەی وڵات کەڵک وەربگرین و ئەوکات زیاتر لە جاران لەسەر ڕووداوەکانی نێوخۆ چڕ بینەوە. ئەم بزووتنەوەیە لە نێوخۆدا سەری هەڵدا؛ لە تاران و گەورەشارەکاندا هەندێ کەسایەتی و لایەنی زۆر بەهێز هەن کە دژی کۆماری ئیسلامین و ئەوانیش ڕێگەچارەی تایبەت بە خۆیان هەیە. خەڵکی کوردستان دەتوانن پێشنیارەکانیان پێشکەش بکەن. بۆیە پێویستە بەباشی لەگەڵ ڕوانگە و بیروڕای خەڵک لە نێوخۆی ئێران مامەڵە بکەین، چونکە لەوێیە کە چارەنووسی کۆماری ئیسلامی یەکلا دەبێتەوە نەک لە پایتەختی وڵاتانی ئورووپا و ئەمریکا. هیوادارم دوای گفتوگۆ و دانوستان لەگەڵ چالاکانی نێوخۆ و دەرەوەی وڵات و بەدەستهێنانی ئەزموونی زیاتر، ئەو نەخشەڕێگایەی حیزبی دێموکرات هەوڵی ئامادەکردنی دەدات ببێتە نەخشەڕێگایەکی فرەچەشنتر و گشتگیرتر و لەخۆگرتر و دوور بێ لەو خوێندنەوە و بیرۆکانەی کە دەبنە هۆی پۆلاریزەکردن یان دابەشکردنی کۆمەڵگە. ئەمن لەسەر ئەو باوەڕەم کە

سەردەمی ڕووبەڕووبوونەوەی توند و جەمسەربەندکردنی کۆمەڵگەی ئێران بە بیانووی جیاوازییە ئیتنیکی، ئایینی و سیاسییەکان یان پەنابردن بۆ گێڕانەوە مێژووییەکان و جیاوازی ڕاڤە و لێکدانەوەکان لە پرسە جوگرافیاییەکانی ئێران بەتەواوەتی بەسەر چووە.

وتەبێژی حیزبی دێموکرات لە کۆتایی وتووێژە تایبەتەکەیدا لەگەڵ تەلەڤزیونی "کوردکاناڵ" سەبارەت بە گۆڕانکارییەکانی ناوچە و لێکدژیی لێدوانەکانی بەرپرسانی سیاسی ئەمریکا و بەرپرسانی کۆماری ئیسلامی لەمەڕ ڕێککەوتنی ئەتۆمی-برجام - و دیپلۆماسی کۆماری ئیسلامی لەگەڵ ڕۆژاوا و هێنانەوە بەر باسی میکانیزمی ماشە - میکانیزمی گەڕاندنەوەی سزا و گەمارۆکانی ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان بۆ سەر ئێران- لەلایەن وڵاتانی ئورووپایی لە ڕۆژانی ڕابردوودا و هەروەها سەبارەت بە پێشبینیی داهاتووی ڕووداوەکان لە ئێران، وەبیری هێناوە: ئێمە تێگەیشتنێکی بنچینەیی و بنەمایەکمان هەیە. بەپێی ئەم تێگەیشتنە بنچینەیی و بنەمایە دەبێ پێوەندییەکان و یاسا و ڕێسا نێونەتەوەییەکانی لێک بدەینەوە. هاوکێشەکان یان پێوەندییە نێونەتەوەییەکان بەپێی بەرژەوەندییە ستراتیژییەکان و بەرژەوەندییەکانی نێوان وڵاتان داڕێژراون. بە شێوەیەکی بەرچاو کۆماری ئیسلامی لە ماوەی چەند ساڵی ڕابردوودا، هەوڵی داوە لە پرسی ڕێککەوتنی ئەتۆمی - برجام - وەک بەرگی براوە لە دژی ناوچە و سیستەمی نێونەتەوەیی کەڵک وەربگرێت. هەم ئەوان و هەم خەڵکی نێوخۆ بەبارمتە بگرێت. بە باوەڕی من کۆمەڵگەی نێونەتەوەیی ماوەیەکی زۆر کەوتە داوی ئەم گەمەی کۆماری ئیسلامی. هەر کات باس لە ئێران و داهاتووی ئەم وڵاتە دەکرا، بەردەوام باس لەوە دەکرا لە ئێران هەڕەشەیەکی ئەمنیەتییە بۆ سەر ئیسرائیل و وڵاتانی دیکە و بۆیە، پرسەکانی پەیوەندیدار بە مافەکانی مرۆڤ و ئەو خەباتە کە لە نێوخۆی ئێراندا دەکرا بەتەواوەتی لەبیر کرابوون. هەڵبەت ئێستاکەش لەو باوەڕەدام کە چارەنووسی ئێران دەبێ لە نێوخۆی ئێران یەکلا بکرێتەوە. ئەو گەمە نێونەتەوەییە، واتە گەمەی نێوان وڵاتانی ڕۆژاوا و ئەمریکا لەسەر پرسی ڕێککەوتنی ئەتۆمی و دۆسیەی ئەتۆمی ئێران، دەتوانێت ساڵانێکی زۆر درێژەی هەبێت. پێموایە کۆماری ئیسلامی لە داهاتووشدا دیسان ئەوپەڕی کەڵک لەو پرۆژە وەردەگرێت. ڕەنگە ساڵانێکی زۆر دانوستان بکەن و لەو چوارچێوەیەشدا هەندێ ڕێککەوتن و شکست تۆمار بکەن، بەڵام پێم وا نییە لە داهاتوودا هیچ شەڕێکی ئەتۆمی لە نێوان ئێران و هیچ وڵاتێکدا ڕوو بدات. هەمووی گەمەی سیاسییە و ئەوان ئەوپەڕی کەڵک لەو گەمە وەردەگرن. تاقە شتێک کە دەتوانێت ئەو گەمە یەک بخات خەباتی خەڵک لە نێوخۆی ئێران، یەکڕیزی و هاوئاهەنگی نێوان نەتەوەکان، ڕێکخراوەکان و حیزبە جۆراوجۆرەکانە؛ بە جۆرێک کە هەمووان بیر لە داهاتوو بکەنەوە و نوقمی کێشەکانی ڕابردوودا نەبن. لانیکەم ئێمە وەک حیزبی دێموکرات لە ئاستی نێونەتەوەییشدا بەردەوام هەوڵمان داوە تا بۆمان دەکرێت لە پرسی دێموکراسی و پرسی مافەکانی مرۆڤ و مافی نەتەوەکانی ئێران بەرگری بکەین و جەختمان لەوە کردووەتەوە کە پرسی ئێران دەبێ لە نیوخۆی ئێراندا یەکلا بکرێتەوە،

چـونکە زلهێزەکـانی سیسـتەمی نێـونەتەوەیی هەوڵـی ڕووخانـدنی هـیچ سیسـتەمێک نـادەن، بەڵکـوو تەنیـا لە هەوڵـی جێبەجیکردنی بەرنامە و پرۆژەکانی خۆیاندان.

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان میدیا – ڕێکەوتی: ٣١ی بانەمەڕی ٢٧٢٣

---




کۆکردنەوە و ئامادەکردنی: ڕەحمان نەقشی

جۆزەردانی ٢٧٢٣ی کوردی = مای ٢٠٢٣ی زایینی